گێڕانەوەی

شوعبە

دانەر

د. احمد ضیف اللّٰە عمر أبو سمهدانه

سەرپەرشتیاری گشتی

شیخ نظام الدین یونس عزیز

سلسلة في القراءات القرآنية وعلوم القرآن

الدُّرَرُ الحِسَان

في القراءات العشر للقرآن

رواية شعبة

عن عاصم الكوفي
من طريق الشاطبية

تقديم

د. عبد الرحمن يوسف الجمل
الشيخ : سعيد صالح زعيمة
الشيخ : جمال ابراهيم القرش

إعداد

خادم القرآن الكريم الدكتور:
أحمد ضيف الله أبوسمهدانة
الجامع للقراءات العشر الصغرى والكبرى
والاربع الشواذ
عضو مشيخة المقارئ الفلسطينية

گێڕانەوەی

شوعبە

دانەر

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری گشتی

شيخ نظام الدين يونس عزيز

ژمارەی سپاردن
لە هۆبەی سپاردنی کتێب
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
226 لە 2023-1-30
عیراق - هولێر

ليستی سەرپەرشتیاری تەرجەمەكردنی پەرتووك

شێخ هیبت فخري القاضي — **سەرپەرشتیاری گشتی**

ڕێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووك و گەورەو چوار شاذەكە

خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ئیسلامی

یونس عثمان محمد أمین — **پێداچوونەوەی زمانەوانی و زانستی**

ڕێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە زمانی عەرەبی

ئەندازیار زاهر مزاحم الشریدة — **سەرپەرشتیاری چاپ**


قوتابی لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە ئەندازیاری كۆمپیوتەر

مامۆستا صفوان صالح أحمد — **وەرگێڕ**

مامۆستای خوێندنی ئیسلامی

ماستەر لە زانستی ئیسلامی


بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ
أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٢١ ﴾ البقرة: ١٢١

لە عوسمانی کوڕی عەففانەوە (ﷺ) ئەفەرمویْ: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی:

(خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

(چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان فێری قورئان خوێندن ئەکەن و خەلکیش فێر دەکەن)

پێش کەشە بە:

هەمو کەسێك کە مافی هەیە بەسەرمەوە

دایك و باوکم و مامۆستاکانم و شەیخەکانم

هەر کەسیٚ پیتێکی فێرکردوم لە قورئانی پیرۆز

بۆ خەلکی قورئان خوێن ئەوانەی شوێنە بەرزەکان و پلە پیرۆزەکانیان بە دەست هێناوە

بۆ ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن وفرمێسکی قورئان حوێندنەکە لە قورگیانە

ئەحمەد

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
پێشەکی بە پێنوسی د. عبدالرحمن الجمل

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ئەوەی کە ڕێگای پیرۆزی ئیسلامی نیشان داوین، وچاکەی ئەوەی لەگەڵ کردوین کە باوەڕی پیێ بەخشیوین، وئێمەی تایبەت مەند کردووە بە ناردنی قورئانی پیرۆز، ڕاسترین و چاکترین کتێبە لە جوانی و بە هێزیدا و چیرۆکەکانی دووبارە ئەبێتەوە، قورئانی پیرۆز ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە، هیدایەت بەخش و ڕەحمەتەو مزگێنیشە بۆ موسلمانان و چاکترین ڕێگاو ڕێبازە، درودو ڕەحمەت بۆ سەر ئەو نێردراوەی کە ڕەحمەت و بەرەکەتە بۆ هەمووو جیهان، گەورەو خۆشەویستمان موحەمەد (ﷺ)، ومیهرەبانی برژێ بەسەر خانەوادەو ئەصحاب و شوێن کەوتوانی و ئەوانەی شوێنیان کەوتوون بە چاکە تا ڕۆژی دوایی.

بە دڵنیایەوە خودای مەزن فەرمانی کردووە بە ڕووکردنە قورئانی مەزن بە خوێندنەوەو لەبەر کردن و تێگەیشتن و بیرلێکردنەوەو کارپێکردنی لە زۆر ئایەت لە قورئانی پیرۆز، یەکێك لەو ئایەتانە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ٢٩ ﴾ فاطر: ٢٩

وهەروها پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ) ئامۆژگاری کردووین کە خۆمان فێری قورئانی پیرۆز بکەین و کەسانی تریش فێر بکەین، هەر وەك ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

پەروەردگاری پاك و بێگەرد خەڵکانێکی ئامادەکردووە لە هەموو کات و سەردەمێکدا، هاوکاری کردوون بۆ خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز، تاوەکو بەڵێنی پەروەردگار بێتە دی لە پاراستنی پەرتوکەکەی. ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩ ﴾الحجر: ٩

ژیانی خۆیانیان تایبەت کردووە بۆ خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز، وەریان گرتووە، هەروەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) وەری گرتوەو کەسانی دوای خۆی فێرکردووە،

موسلمانانیش لە هەمووو سەردەمێکدا قورئانیان خوێندووە بە خوێندنێکی پاراو وجوان هەر وەك چۆن دابەزیووە، پاشان پێمان گەشتووە بە پاك و بێگەردی دوور لە هەموو هەڵەو کەم و کورتیەك، بە سەنەدێکی نەپچڕاو دەست بە دەست تاوەکو دەگات بە پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ).

بە شێوەیەکی گشتی ولاٚتمان بە تایبەتی گرنگیەکی زۆری داوە بە قورئانی پیرۆز، بە شێوەیەك کە بە هەزارەها ئەزبەرکاری (حافز) قورئانیان تێدا هەڵکەوتووەو لە هەردوو رەگەز بە دەیەها هەزار قورئانخوێنیان تێدا هەلکەوتووە، سوپاس بۆ ئەو خودایەی خاوەنی هەمووو فەزل و چاکەیەکە، وسوپاس بۆ ئەو چاکەو میهرەبانیەی لەگەڵ ئێمە کردویەتی، خەریك بوون بە قورئان باشترە لەوەی کە خەڵکی لە مولك و سامان کۆیدەکەنەوە. سوپاس بۆ خودای گەورە، خەڵکی پێش بڕکێ دەکەن بۆ خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز، بەمەبەستی دەست کەوتنی خێرو پاداشت.

یەکێك لەوانە برای خۆشەویست دکتۆر ئەحمەد ضەیف الله سەمهدانە، دەستی کردووە بە ئامادەکردنی زنجیرەیەك لە کتێبی قیڕائاتی قورئانی پیرۆز، تا بیخاتە ژێر دەستی قوتابیانی زانستەکانی قورئانی پیرۆز، ناوی ناوە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەکانی قورئان ، تا بەشی هەبێت لەگەڵ هەمووو ئەو کەسانەی کە گرنگی بە قورئانی پیرۆز دەدەن و خەریکی ئەم کارەن، ئاسان کردنی فێربونی قیڕائاتی قورئانی پیرۆز و شارەزاکردنی کەسانی تر، من سەیری ئەم کارەم کرد بۆم دەرکەوت کە ماندوبونێکی زۆر پیرۆزی تێدا بەکار هێناوە، دە خوێندنەوەکانی قورئانی لە خۆ گرتووە بە شێوەیەکی ئاسایی و ئاسان بۆ فێرخوازانی، بە وردبینی و جوان وەرگرتنی.

سەرەتا دەستی کردووە بە باس کردنی بنچینەکانی خوێندنەوەی قاریئەکە، ئەوەی کە مەبەستە لە باسەکەدا، دواتر دەستی کردوە بەوەی کە جیاوازەو پێچەوانەی قیڕائەتی (حەفصە)و (فەرش)[1].و بنچینەکانیەتی، پیت پیت و وشە وشە، پاشان لە بەشی سێهەم دەستی کردووە بە باس کردنی وشەکانی (فەرش) کە پێچەوانەی خوێندنەوەی

[1] فەرش: زاراوەیەکی زانستی قیڕائاتی قورئانە، کە ئاماژەدەکات بەو ووشانەی کە لە خوێندنەوەیاندا جیاوازی هەیە لە نێوان قاریئەکاندا. (وەرگێڕ)

(حه‌فصه). په‌رتوكه‌كه گشتگیره به‌وه‌ی كه جیاوازی قاریئه‌كه له خۆ ده‌گرێت و فێرخواز شته وونبوه‌كانی خۆی تێدا ده‌دۆزێته‌وه.

داواكارم له په‌روه‌ردگار ئه‌م به‌رهه‌مه سودی هه‌بێت بۆ هه‌مووو خه‌ڵك به شێوه‌یه‌كی گشتی و خه‌ڵكی تایبه‌تمه‌ند به قورئانی پیرۆز به تایبه‌تی، وپاداشتی برای به‌ڕێزمان كاك ئه‌حمه‌د بداته‌وه كه هه‌ستاوه به‌م كاره چاكه به باشترین شێوه وئه‌مه‌شی بۆ بكاته چاكه‌یه‌كی نه‌بڕاوه به‌و زانسته‌ی كه خه‌ڵكی سودی لێببینیٚ، وداواكارم خودای مه‌زن هێزو چالاكییه‌كی پیٚ ببه‌خشێت بۆ خزمه‌ت كردنی په‌رتوكی په‌روه‌ردگارو بلاْوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئان تا بچێته ژێر ئه‌م فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) كه ئه‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

په‌روه‌ردگار ئه‌م كاره‌مان لیٚ وه‌ربگره‌و له ڕیزی چاكه‌كانماندا تۆماری بكه، چونكه به‌ڕاستی تۆ په‌روه‌ردگاریگی زۆر بیسه‌رو زانایت، ته‌وبه‌و په‌شیمانیمان لیٚ وه‌ربگره‌و بێگومان تۆ په‌روه‌ردگاریگی زۆر ته‌وبه وه‌رگرو میهره‌بان و دلۆڤانی، خودایه بمانگێڕه له ئه‌صحابی قورئانی پیرۆزو نزیك له خۆتت به تایبه‌ت، خودایه دڵێكی پاك و مه‌به‌ستێكی بیٚ گه‌ردمان پیٚ ببه‌خشه له گوفتارو كرده‌وه‌دا، خودایه كۆتایی ته‌مه‌نمان پر خێر بكه‌ی.

درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر پێشه‌واو خۆشه‌ویست و پێغه‌مبه‌رمان (محمد)(ﷺ) وبۆ سه‌ر خانه‌واده‌و یارانی به گشتی.

عبدالرحمن ی كوڕی یوسف الجمل[1]

---

[1] دكتۆر: عبدالرحمن یوسف احمد الجمل، پێشه‌وای قورئانخوێنانی فه‌له‌ستین، له دایك بووی 1961ز، دانیشتووی نه‌سیرات له ناوه‌ڕاستی كه‌رتی غه‌زه، مامۆستای به‌ژداربو له ته‌فسیر و زانسته‌كانی قورئان و خوێندنه‌وه‌كانی قورئان له كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین له زانكۆی ئیسلامی له غه‌زه، كاری كردووه وه‌ك مامۆستای یاریده‌ده‌ر له كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین، دواتر بۆته عه‌میدی كۆلێژی ناوبراو، ئێستا كار ده‌كا وه‌ك سه‌رۆكی ده‌زگای قورئانی پیرۆز و سونه له كه‌رتی غه‌زه و سه‌رۆكی فه‌رمانگه‌ی قیراْاتی سه‌نه‌ده‌كانی قورئانه، به‌ڕێز دكتۆر عبدالرحمن الجمل پێشینه‌ی چاكه‌و ماڤ به‌سه‌رمانه‌وه هه‌یه له دوای په‌روه‌ردگاری مه‌زن له بلاوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئانی پیرۆزو جوان خوێندنه‌وه‌ی له غه‌زه، چه‌ند په‌رتوكێكی بلاْو كراوه‌ی هه‌یه له قیراْاتی قورئان و سه‌نه‌ده‌كانی وه‌رگرتوه‌و ڕێگه پێدراوه له لایه‌ن كۆمه‌لێك به‌ڕێزو مامۆستای گه‌وره‌وه، له‌وانه‌ی مامۆستاو شێخی گه‌وره به‌ڕێز د. حلمی عبدالرؤوف محمد عبدالقوی.

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
پێشەكی بە پێنووسی شێخ: سەعید زەعیمە

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ڕەحمەت وسەلام برژێ بەسەر چاترینی پەیامبەران و پێشەوای بروادارانان، ئەو كەسەی كە كتێبێكی بەسەر دابەزیوە هیچ خواری و كەم و كورتی تێدا نیە، نە لەپێش و نە لە دواوە.

سەیری ئەم زنجیرە پیرۆزەم كرد كە ناونراوە بە گەوهەرەكانی قیراٸاتی قورئان (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەكانی قورئان، كە دكتۆر ئەحمەد ضەیف الله باوكی سەمهەدانە، بینیم پڕە لە زانیاری ورد لە ناوەڕۆكدا.

منیش داواكارم لە یەزدان كە سودی هەبێ بۆ ئاینی ئیسلام و موسڵمانان بەوەی كە داڕێژراوەو نوسراوەتەوە لەم زنجیرە پیرۆزەدا .

دووبارە سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان

نوسینی شێخ:
سعید صالح زعیمە[1]

---

[1] شێخی پزیشك: سەعید صالح مصطفی زعیمە، زانایەكی لێكۆلەرو كاربەجێیە، یەكێكە لە زانایانی خوێندنەوەكانی قورئان لە ئەسكەندەریە، پزیشكی جەڕاحە لە ئەزهەر، لە دایك بوی1957ز، دەرچوی پەیمانگای سەموحەیە، بۆ قیراٸاتی قورئانی بڕوانامەی باڵای وەرگرتوە لە دە خوێندنەوەكانی بچوك و گەورە، شیكردنەوەو ڕوونكردنەوەی هەیە لەسەر دەقەكانی شێخ و زاناكان وەك شاطبی و ئیبن جەزری و جەمزوری، قورئانی پیرۆزی بەتەواوی خوێندۆتەوە بە دە خوێندنەوەكانی بچوك و گەورە بەسەر زانا شێخ موحەممەد عبدالحمید عبدالله خلیل ، خاوەنی بەرزترین پالپشتە لە جیهاندا لە خوێندنەوەی دە قیراٸاتە گەورەكە، وشێخ سەعید قورئانی خوێندۆتەوە بەسەر زۆر شێخ دا كە باس دەكرێن نزیكەی چل پیاو و ئافرەت دەبن، هەمووی ڕێپێدانیان وەرگرتوە، بۆ نمونە كەسێكە بەناوی عبدالفتاح مەدكور، وهەروها شێخ سەمنودی،و شێخ عەلی نحاس،و شێخ عەلی رحال،و دایكی سەعد، ومۆلەتی لە خوێندنەوەی دەی بچوكی پێداوم بەناوی مامۆستا تناظر النجولی، زۆر كتێبی هەیە لە زانستی خوێندنەوەكانداو جگە لە خوێندنەوەكانیش،

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان
پێشه‌كی شێخ: جه‌مال القرش

سوپاس بۆ خودای تاك و ته‌نیا، درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر گیانی ئه‌و كه‌سه‌ی كه هیچ پێغه‌مبه‌رێك له دوای ئه‌و نایه‌ت.

ئه‌م په‌رتووكه‌م بینی كه ناونراوه به (الدرر الحسان) له ده خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز، له نوسینی شێخی ڕێزدار دكتۆر/ ئه‌حمه‌د ضـه‌یف الله باوكی سه‌مهه‌دانه ، بینیم كتێبێكی چاكه له دارِشتن، شتێكی جوانی پێش كه‌ش كردوه، سود به‌خشه له بابه‌ته‌كانیدا، ئاسانه له‌سه‌ر زانست خوازان، تكاكارم له په‌روه‌ردگار سودی بگێنێت له هه‌موو كات و ساتێكدا، چونكه ته‌نها ئه‌و پشتیوان و به‌هێزه له‌سه‌ر هه‌موو شتێكدا.

(والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته)

ووته‌ی شێخ:

جه‌مال ی كوڕی ئیبراهیم القرش [1]

هه‌ول و كۆشش و ماندوبونێكی زۆری ئه‌نجام داوه له بلاْوكردنه‌وه‌ی زانستی قیڕائات، له‌گه‌لْ ئه‌وه‌ش زانستێكی به‌رفراوانی هه‌یه له زانستی نه‌حوو صه‌رف و ته‌فسیر و زانسته شه‌رعیه‌كاندا.

[1] شێخ: جه‌مال ی كوڕی ئیبراهیم ی كوڕی موحه‌ممه‌د القرش، له دایك بوی 1963ز، چه‌ن ڕێگه پێدراوێكی به‌ده‌ست هێناوه له خوێندن و خوێندنه‌وه‌دا، بڕوانامه‌ی زانكۆیی هه‌یه له كۆلێژی ئاداب و په‌روه‌رده به‌شی زمانی عه‌ره‌بی سالی1987ی زاینی، سه‌رپه‌رشتیار بووه له به‌شی قورئانی پیرۆزو زانسته‌كانی له بنكه‌ی یه‌كه‌م بۆ په‌ره‌پێدانی په‌روه‌رده‌یی له ڕیاز، به‌ژداری له زۆر خول كردووه وه‌ك لێهاتویی و سه‌رپه‌رشتیاری كارا، كاری ڕاوێژكاری كردوه‌و سه‌رۆكی به‌شی سه‌رپه‌رشتیاری په‌روه‌رده‌یی بووه له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی خانمانی پێشو له ولاْتی سعودیا، وهه‌روه‌ها كاری كردوه وه‌ك به‌ڕێوه‌به‌ر بۆ كاروباری فێركردن له قوتابخانه‌كانی ناوه‌ڕاست له سالی1427ی كۆچی تا وه‌كو سالی1433ی كۆچی، به‌ژداری كردوه له پێش بركێی نێو ده‌وله‌تی بۆ له‌به‌ر كردنی قورئانی پیرۆز له ولاْتی كویه‌ت له سالی 1432ك، و 1433ك، چه‌ن نوسراوێكی خۆی هه‌یه له (التدبر، التجويد، الوقف، العلوم التربوية، العقيدة)

ژ	عربى	كوردى
1	حركة	جوڵە
2	ابدال	گۆڕین
3	بدل	لەبرى
4	سكون	زەنەدار
5	شدة	شەدەدار
6	ضمة	ضـەمەدار
7	فتحة	فەتحەدار
8	كسرة	كەسرەدار
9	لفظي	گوتراو
10	اضافة	دانەپاڵ
11	وقف	وەستان
12	وصل	نەوەستان
13	قصر	كورت كردن
14	تحقيق	خوێندنەوە
15	مد	درێژكردنەوە
16	التكبير	گوتنى(الله اكبر)
17	التحميد	گوتنى(الحمدلله)
18	التهليل	گوتنى(لا اله الا الله)
19	قصر	درێژكردنى دوو جوڵە
20	توسط	درێژكردنى چوار جوڵە
21	اشباع	درێژكردنى شەش جوڵە
22	تسهيل	لابردن يان ئاسان خوێندنەوە

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

پێشەكی:-

سوپاس بۆ ئەو خودایەی قورئانی پیرۆزی كردۆتە ڕۆناكی بۆ خەڵك تا ڕێ نیشاندەری گومڕاو سەرلێشێواوان بێت، وخەڵكی لە تاریكی نەزانی ڕزگار كردووە بەرەو ڕوناكی قورئانی پیرۆز، ودەروونی پاك كردۆتەوەو دەری هێناون لە سەر گەردانی و بەرەو جوانترین و بەرزترین پلەوپایەی بردوون.

ڕەحمەت و میهرەبانی برژێ بەسەر پێشەومان، موحەممەدی كوڕی عبدالله(ﷺ)، ئەو كەسەی كە ﴿أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا﴾ی بەسەردابەزیوە.

بەهۆی ئەم قورئانە پیرۆزە چلكی ئارەزوەكانی لابردوە لەگەڵ پیسیەكان، هەر بەهۆی ئەم قورئانە پێشەوایەتی بۆ مرۆڤەكان دروست كردووە، بوون بە نمونە لە پۆشاكی هێزی باوەڕدا، درووود لەسەر خانەوادەی ئەم پەیامبەرەو ئەم هاوڕێیانەی كە چاكترین كەس بوون، ودرووود لەسەر ئەوكەسانەش كە شوێن كەوتەی ڕێبازی ئەوانن لە پیاو چاكان و پاكان، ئەوانەی قورئانی پیرۆزیان ئەزبەر كردو پارێزگاریان لێ كرد، پەروەردگار پاداشتی چاكەكانیانی داوە لە دونیاو دوارۆژدا، پەروەردگار چاكەكارانی خۆش دەوێت:

بە دڵنیایەوە زانستی تەجویدو خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز لەپێشینەی زانستەكانی ترە لەباس كردن و یادگەدا، وپیرۆزترین شوێن و پێگەیان هەیە ، چونكە پەیوەستن بە فەرمودەی پەروەردگاری جیهانیان بە شێوەیەك ئەو زانستەو ئەو زنجیرە قورئانیانە پاداشتێكی زۆری لەسەرە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (مَا اجْتَمَعَ قوم في بيت

من بيوتِ اللهِ يَتْلُونَ كتابَ اللهِ تعالى ، ويتَدَارَسُونَهُ بينهم إلا نَزَلَتْ عليهم السكينةُ ، وَغَشيَتهم الرحمةُ ، وحَفَّتهمُ الملائكةُ ، وذَكَرهُمُ اللهُ فيمن عِندَهُ)[1]

دوای ئەوەی فێرکردنی قورئانی پیرۆزو شارەزابوون لێی، وبڵاوکردنەوەی شێوەی خوێندنەوەکەی و گێڕانەواکانی، نزیکت دەکاتەوە لە پەروەردگاری جیهانیان، بە پاڵ پشتی فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[2]. واتا: چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆی فێری قورئان دەکات و کەسانی تریش فێر دەکات.

لەسەر وەڵام دانەوەی پێشنازی هەندێ لە هاوڕێیان، ئیستخارەی پەروەردگارم کرد، داوای کۆمەك و هاوکاری و ڕێنیشاندانی پشت ئەستوریم لێ کرد، ئەویش دڵ و دەروونمی ئارام کرد لەسەر نوسینی ئەم بابەتەی ئەم بەشەدا، بە هیوای ئەوەی بتوانم ببم بە شوێن کەوتەی پێغەمبەرەکەم (ﷺ) دەستم پێ کرد بە داوای پاڵ پشت و هاوکاری خودای گەورە لەسەر بلاوکردنەوەی ئەم زنجیرە قورئانیەی پاش ئەوەی کە سەربەرزو سەر فراز بووم بە وەرگرتنی فێربونی زانستی دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز خوێندنەوەی بچووك و گەورەو چوار جۆر خوێندنەوە شازەکان (القراءات الشاذة) بە پاڵ پشتی مامۆستا بەرێزەکان و لەسەر دەستی شێخە بەڕێزەکانم، دەست پێ دەکەم لەم ڕووەی کە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەم، نەك لەڕووی ئەوەی کە بلێم من شایەنی ئەم کارەم.

ئەو ڕێگایەی گرتومەبەر لەم زنجیرەدا، بریتیە لە زنجیرەیەك لە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆزو زانستەکانی کە ناوم ناوە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز، من ئەم بابەتەم کۆکردۆتەوە لە کتێبەکانی پێشو، وئەوەشی کە وەرم گرتوە لە مامۆستاکانم، باسی ئەو جیاوازیانەم کردووە کە ڕاویەکان یان قاریئەکە پێچەوانەی

---

[1] **ئەبو داوود، پەرتووکی نوێژ، باسی تفريع أبواب الوتر، باب في ثواب قراءة القرآن، ژ1455، لاپەڕە189.**

[1] **بوخاری، لە باسی خيركم من تعلم القران و علمه، ژمارەی فەرمووده5027، لاپەڕە436.**

پێشەوا حەفصی كردووە، باسی یەك دەنگیم لە نێوانیاندا نەكردووە، مەگەر كەمێك جار نەبێ كە باسی یەك هەڵ وێستیان ئەكەم زیاتر بۆ ڕوون كردنەوەو تەواوكەری سودەكانە، ئەم پەرتوكەی لە ژێر دەستی خوێنەری بەرێزدایە كردومە بە سێ بەش، لە بەشی یەكەم : باسی بنچینەكانی خوێندنەوەی پێشەوا ئبی عەمری بسڕی بە ریزبەندی بابەتەكانیشیم ڕێك خستووە بە پێی ئەوەی كامەیان گرنگترە لەوی تر، بەپێی ئەو ئەزمونەی كە هەم بووە لە وانە وتنەوەی قورئانی پیرۆزدا.

لە بەشی دووم : بە شێوەیەكی گشتی زیاتر باسی بنچینەكان و (فەرش)م كردووە، بە شێوەیەكی ڕێك و پێك باسم لە وردودرشتی ووشەكان كردووە، وهیچ جیاوازی نیە لە نێوان ئەم وشە ناكۆكە لە وشەكانی بنچینەیی بێ یاخود (فەرش) بێ، تاوەكو پێداویستیەكانی كەسی سەرەتایی جێ بەجێ بكات، ئەمەش لە ڕێگەی دروست كردنی خشتەیەكی سێ ستونی بەم شێوەیە:

ستونێكیان تایبەتە بە پێشەوا (حفص) ستون تایبەتە بە پێشەوا شوعبەو ستونێكیان تایبەتە بە ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی خوێندنەكان، سەبارەت بە بەشی سێیەمی ئەم پەرتووكە لێكچونێك هەیە لەگەڵ بەشی پێشە خۆی تەنها ئەوە نەبێ من كورتم كردۆتەوە تەنها بە بەكارهێنانی وشەی (فەرش) لەگەڵ كەمێك زیادە، تا ئامانجەكان بەدەست بێنێت و ئاسان بێ بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزاییان هەیە لە خوێندنەوەكاندا لە كاتی گەڕانەوەدا بۆ ئەم بەشە، وبتوانێ ووشەكانی (فەرش) دەربهێنێ بە شێوەیەكی خێرا بێ كات كوشتن.

من لێرەدا باسی پێشەكیەكەی(ئیبن مەهران)ی ئەصفەهانیم كردووە خاوەنی كتێبی (المبسوط) لە دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، تیایدا باس لە كتێبەكەی خۆی دەكان دە فەرموێت: (دەمەوێت پێتانی ڕابگەێنم كە من پۆلێنم كردووە تەنها بۆ تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونیە، بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزایی تەواویان هەیە لەم بوارەدا، و هونەری تەواوی هەیە لە زانستەكان و ئاكارەكاندا)

بە مێشکم داهات کە هەندێ بابەتی پەروەردەیی تێکەڵاو بکەم لەم زنجیرە پیرۆزەدا، وەك مەبەستێك لەوانەوتنەوەکانی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لە زنجیرەو دانیشتنەکانی قورئان و ڕێگەی زنجیرەکانی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا شوعبە، وتوندو تۆڵکردنی زنجیرەکانی قورئانی پیرۆز تایبەت بە خولی ناوبراو، کاتێ تاقیکردنەوەکان و گشت بابەتەکان تەواو ئەبن بەیەکتر پەیوەست ئەکرێن، وجگە لە کاری تری پەروەردەیی کە شاراوە نیە لای هەمووو کەسێکی تێگەیشتوو، ئەوانەی باس کران هەموویان لە چوارچێوەی تەواوبوندا لە نێوان چوار چێوەی تیۆری و لایەنی کرداری دەبێتە یارمەتیدەر بۆ مامۆستا یان خوێنەر تا پشتی پێ ببەستێ لە کاتی فێرکردن و فێربوونی ئەم قیرائەیە.

داواکارم لە خودای مەزن ئەم زنجیرە قورئانیەم بۆ وا لێبکات کە مەبەستم تەنها ڕازی بوونی ئەو بێت و تەنها لە پێناو ئەودا بێت، تکام وایە لێم وەربگرێت بە باشترین شێوە، وڕێزێکی گەورەو بێ پایەنی بۆ دانێ، سودی بۆ نوسەرەکەی و ئەوکەسانەشی کە لە دەورو بەریدان هەبێت، وهەروها سودەکەی بگێنێ بە نەوەی داهاتوو پشت بە پشت، منیش بپارێزێت لە بیرۆکەی نابەجێ، وپێنوسیشم ڕزگار بکات لە هەڵە، هەرکەسێ کەمتەرخەمیەکی بینی تیایدا یان هەڵەو کەمو کورتیەکی تیایدا دۆزیەوە تکای لێ دەکەم پۆزشم بۆ بێنێتەوەو ئامۆژگاریم بکات و چاکی بکاتەوە.

پێویستە ئەوەش بلێم کە ئەم ماندوبونەی من بۆ خزمەت کردنی پەرتووکی خودای گەورە هەر چەندە زەحمەتی تێدایە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە ئەزیەت و ناخۆشی تێدا دروست بێت ئاسان دەبێت.

بەرلەوەی پێنوسی ڕوون کردنەوە هەڵگرم، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (من لاَ يَشْكُرُ اللَّهَ لاَ يَشْكُرُ النَّاسَ)[1]

سوپاس و پێزانینم ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارو یارمەتیدەرم بوون، پاداشتی چاکە کارانیش تەنها چاکەیە.

---

[1] ترمژی، باسی(ما جاء في الشكر لمن أحسن اليك)، ژ6601، لاپەڕە383.

سوپاسێكی بیٚ پایان و تایبه‌ت بۆ شه‌یخه‌كه‌م به‌ڕێز (سوله‌یمان ی باوكی عاذره) چاكه‌و ماڤ به‌سه‌رمدا هه‌یه ، ئه‌و له ته‌رازوی ژێریدا پێش ده‌خرێت، له‌سه‌ر پێداچونه‌وه‌ی ئه‌م زنجیره باسه و ڕاست كردنه‌وه‌ی له ڕووی زمانه‌وانیدا.

وه‌هروها سوپاسی برای به‌ڕێزم (عبدالسلام طباسی) ده‌كه‌م له‌سه‌ر پێداچونه‌وه‌و زیاده خستنه سه‌ر شێوه هونه‌ریه‌كه‌ی له ده‌رچوون و ڕاخستنی ئه‌م په‌رتووكه، وسوپاس بۆ شێخی به‌ڕێز (عبدالله جمال العرقان) له‌سه‌ر ئه‌م ماندوبونه‌و بوونی په‌یوه‌ندی به‌رده‌وام له‌گه‌ڵ مامۆستایان بۆ پێش كه‌ش كردنی ئه‌م زنجیره پیرۆزه.

له كۆتاییدا سوپاسی هه‌مووو ئه‌و كه‌سانه ده‌كه‌م كه سودیان پێم گه‌یاندوه به ڕسته‌یه‌ك، یان سودیان پێم گه‌یاندوه به ئاماژه‌یه‌ك، یان منیان ڕاست كردۆته‌وه له هه‌ڵه، یارمه‌تیان داوم به نوسین، گه‌ر بمه‌ویٚ سوپاس و پێزانینیان كورت بكه‌مه‌وه ته‌نها ده‌ڵێم ئه‌وه‌یان لامه كه به نیاز پاكی بۆیان بپاڕێمه‌وه.

خزمه تكاری قورئانی پیرۆز
د. ئه‌حمه‌د ضیف الله عومر ئه‌بو سه‌مهه‌دانه
ڕێگه پێدراوی ده قیرائاتی (خوێندنه‌وه‌كانی) قورئانی پیرۆز
بچوك و گه‌وره
و چوار جۆره ده‌رچووه‌كه له قیرائاتی قورئانی پیرۆز

ده‌روازه‌یه‌ك:-

سوپاست ده‌كه‌م له‌سه‌ر وه‌رگرتنی ئه‌م په‌رتووكه‌، ئومێده‌وارم پالپشتت بێ له بیرۆكه‌و زانیاری به سود، هاوكاریت بكات له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی په‌رتووكی په‌روه‌ردگار به شێوه‌یه‌كی ڕاست و دروست.

هه‌روها ئومێده‌وارم – له ڕێگه‌ی ئه‌و پۆسته ئه‌لیكترۆنیه‌ی داندراوه له سه‌ره‌تای ئه‌م په‌رتووكه – ده‌وله‌مه‌ندم بكه‌یت به تێبینیه‌كانت، وئه‌م په‌ڕاوه گرنگانه‌ی كه من هه‌ڵوه‌سته‌یان له‌سه‌ر ده‌كه‌م، ئه‌و دێرانه‌ی كه من هێلم له ژێر داوه، هیچ شتێك له‌وه چاكتر نیه كه نوسه‌ر ببینێ نوسراوه‌كه‌ی به جوانترین شێوه نوسراوه، به تایبه‌ت ئه‌گه‌ر نوسین و په‌رتوكه‌كه‌ی په‌یوه‌ست دار بێت به قورئانی پیرۆز، ئه‌وه زیاتر بایه‌خی پێ ده‌دات و دڵنیایی له‌سه‌ر ده‌بێت.

پێم باشه لێره‌دا ئه‌وه بگوازمه‌وه كه (عیماد الاصفهانی)[1] باسی كردووه سه‌باره‌ت به كه‌مته‌ر خه‌می و ماندوبونی مرۆڤ، سه‌ره‌ڕای گشت هه‌وڵه‌كانی، بۆ پوخت كردنی شته‌كان و ڕاستكردنه‌وه‌یان و به‌دواداچونیان، ده‌فه‌رموێت: "من ئه‌بینم هه‌ركه‌سێك په‌رتوكێك بنوسێت له ڕۆژی دواتر ده لی: ئه‌گه‌ر له‌بری ئه‌مه ئه‌مه‌م به‌كار بهێنابوایه باشتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی بۆ زیاد كرابوایه چاكتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه پێش بخرابوایه گرنگتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه لا بردرابوایه جوانتر بو، ئه‌مه‌ش گه‌وره‌ترین په‌نده، به‌ڵگه‌ی سه‌لماندنی ئه‌وه‌یه كه نوسینی ڕسته‌كانی مرۆڤ كه‌م و كورت و ناته‌واون" ئیبن قه‌ییمی جوزی، د.ت، به‌رگی1، لاپه‌ڕه2).

داواكارم له به‌ڕیزت كاتێكت هه‌بێت بگه‌ڕێیته‌وه بۆ ماڵپه‌ڕی فه‌یس بوك: به‌ناوی (الدرر الحسان في القراءات العشر للقرآن، یان ماڵپه‌ڕی كه‌سی من)، چونكه من

[1] اره‌تی نوسینی ئه‌دبیات ی به‌ناوبانگ عیماد ئه‌صفه‌هانی، پاشان به‌ناوی عیماد بلاوبۆته‌وه، له‌م باره‌یه‌وه سه‌یری: عبدالله ی كوڕی عبدالرحمن ی به‌سام بكه: كتێبه‌كه‌ی به‌ناوی (توضیح الاحكام من البلوغ المرام) مه‌ككه‌ی پیرۆز، نوسینگه‌ی الاسدی، چ5، به‌رگی1، 2003ز، لاپه‌ڕه3.

دەمەوێت هەندێ شتی باش و دەستکاری و نمونە و سەرچاوەی تر دابنێم کە بە ڕاستی سودیان بۆ تۆ دەبێت لە دواییدا.

لە نوسینی ئەم پەرتوکەدا شێوازێکی تایبەتم بە کار هێناوە – پاش داوای یارمەتی و پاڵ پشتی لە پەروەردگار – لێرەدا بە کورتی باسی دەکەم بەم شێوەی خوارەوە:

1. نوسینی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە وێنەی عوسمانی.

2. نوسینی فەرمودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بە سەرو ژێرەوەو بە نوسینێکی جیا لە نوسینەکانی تر، مەبەست لەم کارەش بۆ گەورەیی و پیرۆزی فەرمودەی پێغەمبەرە(ﷺ).

3. لە کاتی نوسینی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز باسی ناوی سورەتەکەو ژمارەی ئایەتەکەم کردووە، ڕاستەو خۆ لەدوای ئایەتەکەم داناوە تا نوسینەکان زۆرو تێکەڵاو نەبێت.

4. پێناسەی زاراوەکانم کردووە بەپێی توانا.

5. ڕونکردنەوەی واتای هەندێ وشەی نادیار لە پەراوێزدا .

6. پێناسەی هەندێك کەسایەتی کە ناویان هاتووە لەم پەرتوکەدا.

7. من پێداگربوم – بە پێی توانا – لە بیرکردنەوەو هەڵوەستە لە وەرگرتنی هەر بابەتێك یان بڕیارێك لەسەر دیاردەیەك، لەبەر ئەوە ڕۆچوون لە فەرمانێك کە پەیوەندی بە قورئانی پیرۆزەوە هەیە ئەوە دەخوازێت کە بەدواداچونی بۆ بکەیت و لێی وردبیتەوە جوان تێڕابمینێیت، ئەوەش بە یارمەتی پەروەردگار و چاکەی ئەوە بەسەرمەوە، لەگەڵ کورتی کات و دووری ڕیگادا.

8. لە كاتی وەرگرتنی دەقێك وەكو خۆی، دەقەكەم خستۆتە نێوان دوو كەوانەی دەقی" " لەگەڵ ئەوەش ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە لە ناوەڕۆكەكەیدا.

9. ئەگەر وەرگرتنی دەقەكان بە واتاكەی بو، واتا كاتێ گەڕایەوە بۆ خودی دەقەكە بینیت بە دەست كاریەوە باس كرابو ئەوە وشەی {سەیركە}م بۆ بەكارهێناوە ئاماژەشم پێ كردووە كە سەرچاوەكەی بەم شێوەیە، ئەم شێوازە بەكاردێنم لەكاتی بەناوبانگ بوونی دەقەكە یان دیار نەبوونی خاوەن وتەكە، ئەگەر لە نێوان وشەكاندا ئەم خاڵانەم دانا (....)، ئەمە واتا بەشێك لە وتەكان نادیارەو پێویست بە باس كردنی نیە بەڵكو دەبێت پوخت بكرێت، یان سود لە باس كردنی نیە.

10. لەكاتی وەرگرتنی دەقێك و خستنە ڕستەیەك بۆ ناو دوو كەوانە لە كاتی نوسیندا، ئەمە مانای ئەوە دەگەیێنێت كە ئاگاداربە ئەوەی نێوان كەوانەكانە وتەی خۆمە، نەك وتەی وەرگیراو.

11. هەر وشەیەك پێویستی بە سەرو ژێر هەبێت سەروژێردارم كردووە تا تێكەڵاو نەبێت لەكاتی دەربڕینا.

12. ناوەڕۆكم بۆ سەرچاوەكان داناوە – كە ئەوەش زۆر یارمەتی دەرم بو بۆ ئەم پەرتوكە – كۆكراوەیەو یەك لەدوای یەك دامناوە بەپێی ریزبەندی پیتەكانی زمانی عەڕەبی، وناوەڕۆكم داناوە بۆ بابەتەكانی ناو پەرتوكەكە لە كۆتایی كتێبەكەدا.

13. دانانی ژمارەو نیشانەكانی خاڵبەندی وەكو: نیشانەكانی پرسیار هتد....) بۆ ڕوونكردنەوەی دەقەكان ئەمەش بە مەبەستی جیاكردنەوەیەتی.

14. گەڕاومەتەوە سەر بەشێكی زۆر لە سەرچاوەو ماستەر نامەی زانكۆیی و بابەتی ترو ماڵپەڕە ئینتەرنێتیەكان، وگەڕاومەتەوە بۆ دەیەها سەرچاوەی تر بەڵام بەكارم نەهێناوە چونكە لەگەڵ بابەتی من زۆر تێكی نەكردۆتەوە.

15. زۆربەی جار ئەو دەقەی كە وەرمگرتووە ئاماژەم بەسەرچاوەكەی نەكردووە. تا ژێرنوسەكان زۆر نەبێت، ومن ئارەزوی كورت كراوە دەكەم و زیاتر ماندوبوونەكەم بۆ شتی گرنگتر بە كاردێنم، لە كۆتایی كتێبەكەدا باسم كردووە، لە ناوەڕۆكی سارچاوەكان ئەوەی كە زۆر سودم لێ بینیوە لە بڕگە زانستیەكەدا.

16. لە كۆتایی: كاتێك بینیم بەرفراوانیەك هەیە لە بنچینەو بڕگەكانی ئەم كتێبەدا و گشتگیریەكەیدا، دڵنیابووم بڕگەكانی درێژە دەكێشێت، بینیم پێویستە ئەو بابەتانەی ڕوون وئاشكران كورت كەمەوە لەسەر ئەوانی تر، مەبەست لەم كۆششە ئاسایی كردنی بابەتە درێژەكان بوو.



ئهم ڕێگایهی بهكارم هێناوه بۆ وشهی فهرش

به پێی توانا ههوڵمداوه پابهندبم به بهكارهێنانی نوسینی ڕهسمی عوسمانی له نوسینی وشهكانی فهرشدا.

✓ ئهگهر وشهیهكهم بهڕههایی بهكارهێنا، واته مهبهستم پێی لهكاتی وهستان و نهوهستانه (وقفاً – ووصلاً)

✓ (أ) ئاماژهیه به ئاسانكردنی ههمزه، ئهگهر نوسینی پیته ههمزهكه لهسهر شێوهی ئهلیف بوو، وهك: [ءَاعۡجَمِيٌّ].

✓ (ؤ) ئاماژهیه به ئاسانكردنی ههمزه، ئهگهر نوسینی ههمزهكه لهسهر شێوهی (و) بوو، وهك: [أَؤُنَبِّئُكُم].

✓ (ـئـ) ئاماژهیه به ئاسانكردنی ههمزه، ئهگهر نوسینی ههمزهكه لهسهر شێوهی بهرزكردنهوهی دهنگ بێت(نهبره)، وهك: [أَئِمَّةَ].

✓ (•) ئاماژهیه به ئاسانكردنی ههمزه، ئهگهر نوسینی ههمزهكه له ڕیزی پیتهكانی تر نوسرابێت، وهك: [أَءِنَّكَ].

✓ (ـۜ) ئهم نیشانهیه لهسهر بێت، واتا خوێندنهوهی ئهم پیته به پیتی(س) دهبێت، وهك: [ٱلصِّرَٰطَ].

✓ (ـۀ) ئهم نیشانهیه لهسهر بێت، واتا وهستان به پیتی(ه)ی زهنهدار، وهك: [فِيمَ][فِيمَه].

✓ (ـۀ) ئهم نیشانهیه لهسهر پێت، واتا گۆڕینی پیتی(ت)ی لهسهر وهستاو، به پیتی(ه) وهك:

[رَحۡمَتَ][رَحۡمَه].

✓ (ـٌ) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر له پاڵ جوڵه‌ی ته‌نوین بوو، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر ضه‌مه‌داركردنی پیتی نونی ته‌نوین، به‌مه‌به‌ستی ڕزگاربوون له گه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه‌داری ضه‌مه‌، وه‌ك: [بِرَحْمَةٍ ٱدْخُلُواْ] [بِرَحْمَتِندخُلُواْ].

✓ (ـٍ) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر له پاڵ جوڵه‌ی ته‌نوین بوو، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر كه‌سره‌داركردنی پیتی نونی ته‌نوین به‌مه‌به‌ستی ڕزگاربوون له گه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه‌داری كه‌سره، وه‌ك: [أَحَدُۢ ۝ ٱللَّهُ أَكۡبَرُ].

✓ (ـ) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر كه‌وته ژێر پیت، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر بوونی ئیماله[1]، وه‌ك: [مَجۡرِىٰهَا].

✓ ئه‌گه‌ر ناوی ڕاوی (گێره‌وه‌ره‌كه)م نه‌بردبوو، واتا هه‌ردوو ڕاویه‌كه یه‌ك خوێندنه‌وه‌یان هه‌یه، واته جیاوازیه‌كه ته‌نها له‌سه‌ر شوعبه‌ه به ڕاویه‌كانیه‌وه.

✓ له به‌شی یه‌كه‌م له وشه‌كانی فه‌رش كورت كردنه‌وه‌م كردووه له‌سه‌ر ناو هێنانی پیتی(م)ی كۆ، زۆربه‌ی جار دووباره‌م نه‌كردۆته‌وه له به‌شه‌كانی تر، ئه‌وه‌ش به‌هۆی زۆر به‌كارهاتنی له قورئانی پیرۆزدا، ناوهێنانیم له هه‌ندێك جار له‌گه‌ڵ یاسای تر باس كردووه له هه‌مان وشه.

✓ به‌شی سێیه‌م تایبه‌ت كردووه ته‌نها به وشه‌كانی فه‌رش، له‌گه‌ڵ ئاشكراكردنێكی كورت، ده‌رباره‌ی پیتی(ه)ی كینایه[2]، وپیتی(م)ی كۆ، له‌گه‌ڵ وه‌ستان به پیتی(ه) له‌بری پیتی(ت)ی مێ، وگه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه به‌یه‌كترو ئه‌وانه‌ی هاووێنه‌ی ئه‌وه‌ن كه باسمان كرد، له‌م به‌شه‌دا باسم نه‌كردووه، تا درێژنه‌بێته‌وه، ئه‌وه‌شی زانیاری زیاتری ده‌وێت بگه‌ڕێته‌وه بۆ به‌شی دووه‌م، زۆر به درێژی باس كراوه.

---

[1] ئیماله(الاماله) واته خوێندنه‌وه‌ی ئه‌لیف و یائدا هاوشێوه‌ی (ی)ی كوردی لێدێت، وه‌كو:(مَجۡرِىٰهَا) (مه‌جراها) (مه‌جریها)

[2] كناية: دركه – دوو نیازی – به‌لاّم لێره‌دا مه‌به‌ستی پێی ڕاناوی لكاوه(ضمير متصل).

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم پەرتووکە

1. پەرتوکەکە لە ژێردەستتدا دەبێت تا چێژ وەرگری لە خوێندنەوەی پەرتووکی پەروەردگار، بەخێرایی دەتگەیێنێت بە زانستی خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز، نەخوشیت بۆ دیاری دەکات، چارەسەریشت بۆ دەدۆزێتەوە، وبۆچوونە پەسندەکەشت پیٚ دەبەخشێت.

2. نمونەی کرداریت بۆ ڕێك دەخات لەگەڵ نمونەی ژیری و گریمانەیی، تا خوێنەرێکی کاراو بە توانات لیٚ دروست بکات بتوانی گەڕان و تێڕامان بکەیت.

3. بە وردی شیکردنەوەو کردنەوەی گریٚ کوێرەکانی زۆرێك لە بابەتە ئالۆزو تێکەڵاوەکانت بۆ دەکات، دواتر چارەسەرێکی زانستی گونجاو بۆ هەر یەك لە کێشەکان دەکات.

4. ئەم پەرتووکە کێشەو چارەسەری زۆرێك لە بابەتە تایبەتە بچوکەکانت دەخاتە ژێر دەست، درێژە پێدەرە تا بابەتە گەورە ئالۆزیەکانت پیشان دەدات.
5. نمونەو بەڵگەی زۆر ورد هەلبژێردراون تا بیرۆکەی بابەتەکان بە تەواوی پێت بگات.

6. لە ناوەڕۆکدا کۆکەرەوەی گرنگترین بۆچون و ئەو بابەتانەیە کە لە پەرتووکەکانی تری پەیوەست بەم بوارە.

7. سادەو ئاسان کردنی زانیاریەکان بەپێی توانا.

8. بەکارهێنانی نیشانەو ئاماژەی دیاری کراو لە جیاوازییە فەرشییەکان (الخلافات)، بۆ خوێنەرو دیاری کردنی وێناکردنی ئەم جیاوازییانە ، باسی ئەم نیشانەو ئاماژەم کردووە لە بەشی نوسینی وشەکانی فەرش.

9. ئەم پەرتووکە جیاکراوتەوە بە بەشێك لە پرس و گرفتە گرنگەکانی، وەك - پەیوەندی نێوان پیتەکان - بۆ ئەو کەسانەی کە سەیری زانستی تەجوید و خوێندنەوەکان دەکەن تا دەرکی پێ بکەن، وپێیئاشنابن.

10. پەرتووکەکە دابەش کراوە بەسەر سێ بەشدا، تا ئاسان بێت بۆ خوێنەری بەڕێز و خێرا بگات بە زانیاریەکان، لە پێشەکیەکەش ئاماژە بەم بەشە دراوە.



مەبەست لە خوێندنی قیرائاتی قورئانی پیرۆز لە حەلەقاتی قورئانی

مەبەستە گشتیەکان کە پێویستە لەسەر مامۆستای فێرخواز بیخاتە ژێر دەستی قوتابی بۆ کار پێکردن:

زۆر بە جوانی و بە وردی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ئەنجام بدات هەر وەك چۆن دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ).

1. هەڵوێستی خۆی دەربڕێ کە ئامادەیە کەسێکی خێر خواز بێت لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

2. هەوڵ و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی پاداشت و چاکە، بە دانیشتن لەبازنەی زانست خوازاندا.

3. پێداگری بکات لەسەر بەدست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بەجێ بەجێ کردنی فەرمانی خودا کە دەفەرموێت:﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾ .

4. پەیوەندی دروست بکات لە نێوان ملکەچی و بیرکردنەوە لە کاتی نوێژدا.

5. پەروبومی زمانەوانی دەنگی و زیرەکی و لێهاتویی پەرەپێ بدات، ئەوانەی کە پەیوەندیان بە دەربڕینەوە هەیە.

6. بە قوڵی ڕۆچوونی هەبێت بۆ خۆشەویستی قورئان و قیرائاتی قورئانی موتەواتیر و دڵی لای خەڵکی قورئان بێت و شانازی بەم نازناوە بکات.

7. خۆشەویستی له پێناو خودادا بچێنێت و گیانی برایەتی هەبێت لەبەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) كه دەفەرموێت: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ...) .

8. هەول و كۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی باوەڕ بەخۆ بوون چونكه فێری یاسای ژیانی دەكات.

9. ئەو پەڕی تواناى خۆی بەگەڕ بخات تا ببێت به مامۆستایەكی قورئانی بۆ منالّی موسلّمانان، (زەكاتی زانستی).

10. گرنگی خوێندنەوەكانی قیڕائاتی قورئانی دەربخات، وپێگەیان بەهێز بكات له ئایندا.

11. چاندنی بەهێز كردنی تواناكانی لەسەر ئەزبەركردن و جێبەجێ كردنێكی دروست.

12. خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕێك خوێندنەوەی ڕوەكانی خوێندنەوەی قورئان، وەك ڕێك خستن و سەروژێركردن و دوركەوتنەوە له تێكەلاّوكردن.

په‌یڕه‌وی خولی قورئانی تایبه‌ت به خولی پێشه‌وا شوعبه

- ئه‌م په‌رتوكه‌ بۆ سودبه‌خشین به‌ تۆ داڕێژراوه‌، بیربكه‌ره‌وه‌ به‌رده‌وام له‌گه‌ڵت دابێت له‌ماوه‌ی ئه‌م خوله‌دا.
- سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌كی ئه‌م خوله‌ ئه‌م په‌رتووكه‌یه‌ كه‌ ئه‌وه‌ش تایبه‌ته‌ به‌ خوێندنه‌وه‌ی پێشه‌وا شوعبه‌.
- ئاماده‌كردنی فه‌رش و وشه‌كانی شوعبه‌ له‌سه‌ر موصحه‌ف تایبه‌ت به‌ هه‌موو قوتابییه‌ك.
- تاقیكردنه‌وه‌ی چالاكی به‌شێوه‌یه‌كی به‌رده‌وام له‌ كۆتایی هه‌مووو بابه‌تێك.
- ئه‌م خوله‌ له‌ تۆیه‌و بۆ تۆشه‌، ئێمه‌ش به‌ به‌شداری چالاكانه‌ی ئێوه‌ خۆشحاڵین.
- بۆچونت به‌لاٌمانه‌وه‌ گرنگه‌، ڕه‌زیلی نه‌كه‌یت بۆ ده‌ربڕینی پێشنیازه‌كانت بۆ په‌ره‌پێدانی ئه‌م په‌رتووكه‌، یان بۆ پێش خستنی په‌یڕه‌وی ئه‌م خوله‌.

ڕێكاره‌كانی بازنه‌ی قورئانی تایبه‌ت به‌ پێشه‌وا شوعبه

- نه‌هاتن بۆ ماوه‌ی سێ جار به‌بێ هۆ سزاكه‌ی ده‌ركردنه‌.
- وته‌ی لاوه‌كی كه‌ په‌یوه‌ندی نه‌بێت به‌ بابه‌ته‌كانه‌وه‌ قه‌ده‌غه‌یه‌.
- قسه‌كردن به‌ مۆبایل له‌ كاتی وانه‌دا قه‌ده‌غه‌یه‌.

پێشەوا عاصم

عاصم ی كوڕی ئەبی نجودی ئەسدی مولای[1]. كوفی، نازناوی ئەبوبەكر ، گوتراوە ئەبو عەمر، ناوی باوكی بەهدەلەیە، ذەهەبی دەفەرموێت: بەهدەلە باوكیەتی لەسەر بۆچوونی ڕاست، ئیبن الجزری دەفەرموێت: بەهدەلە ناوی دایەكیەتی نەك باوك، بەڵام ذەهەبی وەڵامی داوەتەوە كە ئەم وتەیە بێ بنەمایە.

عاصم تابعیەكی بەناوبانگ بووەو شێخی قوڕائەكان بووە لە شاری كوفە، یەكێك بووە لە حەوت قاریئەكە، خەڵك لە شوێنان هاتوون بۆ خزمەتی، لەئەوەوە كۆتایی بەشێخی قاریئین هاتووە لە كوفە لە دوای شێخی خۆی ئەبی عەبدورحمانی سولەمی، ڕەوانبێژی و وردبینی و جوان خوێندنەوەی قورئانی تێدا كۆبویتەوە، كەسێكی باوەڕپێكراوو وردبین و ڕاستگۆ بوو.

ئەم فەرمودانەی گێڕاویەتیەوە لە شەش كیتابەكەی فەرمودەدا هاتووە، ولەپەرتوكی صەحیحی بوخاری و موسلیم دا هاتووە، دەربارەی پلەوپایەی پێشەوا عاصم لە زانستی فەرمودەدا، پێشەوا ئەحمەدی كوڕی حەنبەل دەفەرموێت: كەسێكی چاك و باوەڕ پێكراوبوو، بەڵام ئەعمەش لەو زیاتر فەرمودەی لەبەر بوو، یەحیای كوڕی موعین و نەسائی دەفەرموون: عاصم هیچ تێبینی لەسەر نیە، ئەبو زورعەی ڕازی دەفەرموێت: عاصم باوەڕپێكراوبوو، وئەبو حاتەمی ڕازی دەفەرموێت: پێگەی عاصم لای من

[1]مولی: ئەم وشەیە بەواتای نیسبەتە بۆ شارەكە/واتە: لەم شارە ژیاوە، بەهۆی بوونی یەكێك لەم سێ پەیوەندیە:

1- ولاء الرق: واتە كەسێك بەندەی كەسێك بێت و ئازادی كردبێت.
2- ولاء الحلف: واتە كەسێك هاوپەیمانی كەسێكی تر بێت.
3- ولاء اسلامه: كەسێك موسڵمان بێت لەسەر دەستی ئەو.

ڕاستگۆییه، وەفەرمودەی لێ وەرگیراوە گەر بەتەنها نەیگێڕابێتەوە(صالح الحدیث)، بەلاَم لە فەرمودەناسان نەبووە.

لەدایك بوونی:

عاصم لەسەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان(ڕەزای خودای لبێت) لەدایك بووە، ئەوانەی باسی مێژوی پێشەوا عاصمی کوفیان کردووە باسی بەرواری ساڵی لەدایك بونیان نەکردووە، بەلاَم ئەوە ئاشکرایە کە پێشەوا عاصم لە شاری کوفە لەدایك بووە، ولەکوفە گەورە بووە ولەکوفەش کۆچی دوایی کردووە، پێشەوا شاطبی لە هونراوەی خۆی باسی کردووە[حرز الأماني ووجه التهاني] وئاماژەی بەوە داوە کە پێشەوا عاصم لەشاری کوفە نیشتە جێبووە.

شێخەکانی:

قیڕائەتی وەرگرتووە، وخۆشی خوێندویەتیەوە لەلای ئەبی عەبدوڕڕحمانی سولەمی و زەڕی کوڕی حوبیش و ئەبی عەمر سەعدی کوڕی ئیلیاس ی شەیبانی و کەسانی تردا، وئەبو عەمر ئەوەی باس کرا لەسەر دەمی پێغەمبەر بووە بەلاَم بەخزمەتی نەگەیشتووە.

قیڕائەتی لەعبداللە ی کوڕی مەسعود وەرگرتووە –ڕەزای خودای لەسەر بێت– عاصم بە خزمەت هەندێ لەصەحابەی پێغەمبەر گەیشتووەو قیڕائەتی لێیان وەرگرتووە، هەربۆیە عاصم بەتابعی بچووك ئەژماردەکرێت.

وهەروەها قیڕائەتی وەرگرتووە لە:

حارسی کوڕی حەسانی بەکری زەهەلی –ڕەزای خودای لەسەر بێت– وئەبو ڕەمسە ریفاعەی کوڕی یەثربی تەمیمی –ڕەزای خودای لەسەر بێت– وەهاوڕێیەتیانی کردووە لە وەرگرتنی فەرمودە، دەربارەی وەرگرتنی فەرمودە لەئەبی ڕەمثە ئەوەیان لە موسنەدی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دا هیە، سەبارەت بەوەرگرتنی فەرمودەی لە حارث ئەوە لەپەرتوکی ئەبی عوبەید قاسمی کوڕی سەلام دا هاتووە، ئەوەندە بەسە بۆ پێشەوا عاصم کە عەطائی کوڕی ڕەباح و ئەبا صالحی سەمان فەرمودەیان لێ گێڕاوتەوە، ئەودووانە بە شێخی ئەو ئەژماردەکرێن.

قوتابیەکانی عاصم

خەڵکێکی زۆر زانستی قیرائاتیان لێگڕاوتەوە یەك لەوانە حەفص ی کوڕی سولەیمان و ضحاکی کوڕی مەیمون و ئیبانی کوڕی تەغلوب و سولەیمانی کوڕی مەهرانی ئەعمەش و موفەضلی کوڕی موحەممەدی ضەبی و حەمادی کوڕی شوعەیب و نەعیمی کوڕی مەیسەرە.

وهەروها ئەبو عەمری کوڕی عەلائی بەصری زۆر پیتی قورئانی لەعاصم گێڕاوتەوە، بەهەمان شێوە خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی و سوفیانی ثەوری و سوفیانی کوڕی عوینەو حەمادی کوڕی زەیدو حەمزەی زەییات و کەسانی تر کە ژمارەیان زۆرە.

ئەبوبەکری کوڕی عیاش دەفەرموێت: عاصم بەمنی گوت: هیچ کەس پیتێکی بەسەر من نەخوێندۆتەوە تەنها عەبدورحمانی سولەمی نەبێت، وعەبدوڕڕحمان لەلای پێشەوا عەلی -ڕزای خودای لەسەر بێت- خوێندۆتەوە، عاصم دەفەرموێت: کاتێ لەلای عەبدوڕڕحمان دەگەڕامەوە بەسەر زەڕی کوڕی حوبەیش دەمخوێندنەوە، زەڕ کەسێك بوو لەلای عبدالله ی کوڕی مەسعودی خوێندبو -ڕەزای خودایان لێبێت- ئەبوبەکری عەیاش دەفەرموێت: بەعاصیمم گووت موتمانەت بەخۆت هەیە بەشێوە(وجهین) قیرائەتت لە کەس وەرگرتووە؟ فەرموی بەڵێ.

عاصم باسی کردووە کە هیچ سەرپێچی ئەبا عەبدوڕحمانی نەکردووە، واتە: ئەبو عەبدوڕڕەحمانی سولەمی، لە هیچ شتێك لە قیرائەتدا وئەبوا عەبدوڕڕحمانیش سەرپێچی پێشەوا عەلی نەکردووە لە هیچ شتێك لە قیرائاتیدا، ئەحمەدی کوڕی یونس دەگێڕێتەوە لەئەبی بەکری کوڕی عیاش ئەو دەفەرموێت: هەمو قیرائاتی عاصم هەمان قیرائاتی ئەبی عەبدوڕحمانە تەنها یەك پیت نەبێت.

ئەحمەدی كوڕی عبدالله ی بەجای دەفەرموێ: «عاصم ی كوڕی بەهدەله خاوەن سوننەو قیڕائاتە، به پێشەوا دادەندرێت لەقورئاندا باوەڕپێكراوترین كەسە له گێڕانەوەدا، ئەبو حاتەم دەفەرموێت: عاصم شوێنی موتمانەیە.

عاصم كەسێكی ڕەوانبێژو دەنگ خۆش بو، بەلكو دەنگ خۆشترین كەس بو له خوێندنەوەی قورئاندا لەناو خەڵك، لەگەڵ ئەوەشدا كەسێكی زۆر ڕەوشت بەرز بو، كاتێ نوێژی دەكرد زۆر جوان دەچەماوە له كرنوش بردندا وەك دار دەچەمایەوە، له ڕۆژانی جومەعدا له مزگەوت دەمایەوە تا نوێژی عەصر، كەسێكی خوا پەرست بو زۆر نوێژی دەكرد، هەركاتێك كارێكی هەبوایە كه چاوی بەمزگەوت دەكەوت یەكسەر سەردانی دەكردو دەیفەرمو پێداویستیەكانمان ناڕوا بەلاّم نوێژەكانمان دەروا.

ئەبوبەكر ی كوڕی عەیاش دەفەرموێ: بێژمار گوێ بیستی وتەی ئەبو ئیسحاقی سەبیعی بوم كه دەیفەرمو: كەسم نەبینیوە باشتر بێت له عاصمی كوڕی ئەبو نەجود بۆ جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز.

ئەبوبەكری كوڕی عەیاش دەیفەرمو: عاصم بۆمی باس كرد وتی دوو ساڵ نەخۆش كەوتم كاتێ كه چاكبومەوە دەستم كرد بەقورئان خوێندن هیچ پیتێكم هەڵە نەكرد لەكاتی خوێندنەوەدا.

ئەبوبەكری كوڕی عەیاش دەفەرموێت: ئەعەمەش و عاصم نابینابوون، جارێك كەسێك هات دەستی عاصمی گرتبو زۆر به خراپی كەوت بەلاّم عاصم هیچی پێ نەگۆت وهیچ خۆی لێ توڕە نەكرد.

شورێكی كوڕی عبدالله ی قاضی دەفەرموێت: عاصم خاوەنی درێژكردنەوەو هەمزەو قیڕائەتی توند بو.

ئەحمەدی كوڕی عبدالله ی عەجلی دەفەرموێت: عاصمی كوڕی بەهدەله خاوەنی سوننەتی پێغەمبەرو خوێندنەوەی قورئان بوو، بەپێشەوای خوێنەرانی قورئان ئەژماردەكرێت، كه هات بۆ شاری بەصرە قاریئترین كەس بو له ناو خەلك لەو كاتدا.

عبدالله ی كوڕی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل دەفەرموێت: پرسیارم له باوكم كرد دەربارەی عاصمی كوڕی بەهدەلە، فەرموی: پیاوێكی چاك و باوەڕ پێكراوبوو، پرسیم كام خوێندنەوەت لا خۆشەویسترە؟ فەرموی: خوێندنەوەی خەڵكی شاری مەدینە، ئەگەر نەبو ئەوە خوێندنەوەی عاصم، وپرسیارم له باوكم كرد دەربارەی ئەبی حەمادی كوڕی ئەبی سولەیمان و عاصم، فەرموی: خوێندنەوەی عاصم لام خۆشەویسترە، عاصم خاوەن قورئانەو حەمماد خاوەن فیقهە، لەگەڵ ئەوەی كە عاصم زانستێكی تەواوی هەبو بە قیرائات و شارەزایی تەواویشی هەبو له زانستی نەحو له ناو خەڵكی كوفەدا.

ئەبوبەكر ی كوڕی عەیاش دەفەرموێت: عاصم كەسێكی نەحوی بو ڕەوانبێژ بو كاتێ قسەی دەكرد، وتەكانی بەناوبانگ بو، وهەروها دەیفەرمو: عاصم زمان پاراوترین كەس بوو لەناو خەڵكی، لەپێشەوەی خەڵك بو له زانستدا بەناوبانگ بوو بە خۆپارێزی.

یەحیای كوڕی ئادەم دەفەرموێت: حەسەنی كوڕی صالح بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: كەسم نەبینیوە له عاصم ڕەوانبێژتر بێت، كاتێك قسە دەكات خەریكە ئێرەیی پێ ببەن له ڕەوانبێژیدا.

لەپلەوڕێزی عاصم لەناو تابیعیەكان ئەوە بو كاتێك دەگەڕایەوە له سەفەر ئەبو وائیل – شەقیقی كوڕی سەلەمە– دەستی ماچ دەكرد.

ئەبوبەكر ی عەیاش دەفەرموێت: سەردانی عاصمم كرد لەسەر مەرگ دابو له هۆش خۆی نەما كاتێ هاتەوە هۆش ئەم ئایەتەی خوێندنەوە:﴿ ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّۚ أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ ﴾،[ئەنعام:62]. بەشێوەیەك دەیخوێندەوە هەر وەك لەناو نوێژدابێت زۆر جوان تەجویدی پیتەكانی دەكرد.

كۆچی دوای پێشەوا عاصم

پێشەوا عاصم –ڕەحمەتی خودای لەسەربێت– لەساڵی سەدو بیست و حەوتی كۆچی وەفاتی كردووە، ڕای جیاواز هەیە لەسەر شوێنی وەفاتی، زۆربەی بۆچونەكان دەڵێن لە شاری كوفە وەفاتی كردووە، ئەهوازی دەفەرموێت: لە شاری سەماوە لە وڵاتی سوریا وەفاتی كردووەو هەر لەوێش نێژراوە.

بەناوبانگترین ئەو كەسانەی لێیان گێڕاوتەوە

بەناوبانگترین ئەو كەسانەی لە عاصمیان گێڕاوتەوە شوعبەی كوڕی عەیاش و حەفصی كوڕی سولەیمانە، ئەو دووانەش ڕاستەوخۆ لێیان وەرگرتووە.

شوعبەی كوڕی عیاش

ئەبوبەكر شوعبەی كوڕی عەیاشی كوڕی سالمی حەنناطی ئەسدی نەهشەلی كوفی یە، پێشەوایەكی گەورە بووە، زانایەك بووە كاری بە زانستی خۆی كردووە، ڕاوبۆچونەكانی بەڵگە بووە، گەورە زانای فەرمودە بووە، لە ساڵی نەوەت و پێنجی كۆچی لەدایك بووە.

شوعبە دەیفەرمو: هەركەسێك گومان ببات كە قورئانی پیرۆز دروستكراوە خودایە، ئەوە لای ئێمە بێ باوەڕو لە ئاین دەرچووەو دوژمنی پەروەردگارە، نە لەلای دادەنیشین و نە ئاخاوتنی لەگەڵدا دەكەین.

سێ جار قورئانی به‌سه‌ر عاصم خوێندۆته‌وه، ده‌یفه‌رمو: من لای عاصم فێری قورئان بووم وه‌ك فێربونی منداڵێك له ماموٚستاكه‌ی خۆی، زۆر به‌من ماندو بو هیچ خوێندنه‌وه‌یه‌كم لا په‌سند نه‌بو ته‌نها خوێندنه‌وه‌ی عاصم نه‌بێت، وهه‌روها ده‌یفه‌رمو: پێنج ئایه‌ت پێنج ئایه‌ت فێری قورئان بوم لای عاصم لای كه‌سی تر فێر نه‌بووم وبه‌سه‌ر كه‌سی ترم نه‌خوێندۆته‌وه، سێ ساڵ لای مامه‌وه له‌كاتی گه‌رماو سه‌رماو باراندا، تا وای لێهات شه‌رمم له‌خه‌ڵكی مزگه‌وتی به‌نی كاهیل ده‌كرده‌وه، هه‌روها قورئانی خوێندۆته‌وه به‌سه‌ر عه‌طائی كوڕی سائیب و ئه‌سله‌می مینقه‌ری دا.

ئه‌بو یوسف یه‌عقوبی كوڕی خه‌لیفه ئه‌عمه‌ش و یه‌حیای كوڕی موحه‌ممه‌دی عه‌لیمی و سه‌هلی كوڕی شوعه‌یب و عه‌بدوڕه‌حمانی كوڕی ئه‌بی حه‌ماد و عوڕوه‌ی كوڕی موحه‌ممه‌دی ئه‌سدی قورئانیان خوێندووه له‌لای.

گێڕانه‌وه‌ی وشه جیاوازه‌كان به بیستن و به‌بێ به‌سه‌ر خوێندنه‌وه كه هه‌ر یه‌ك له‌مانه‌ی خواره‌وه‌ن:

ئیسحاقی كوڕی عیسا و ئیسحاقی كوڕی یوسف ی ئه‌زره‌ق و ئه‌حمه‌دی كوڕی جه‌برو عه‌لی كوڕی حه‌مزه‌ی كه‌سائی و یه‌حیای كوڕی ئاده‌م و عه‌بدولجباری ی كوڕی موحه‌ممه‌دی عه‌طاردی و كه‌سانی تر.

جارێكیان عاصم پێی فه‌رمو كاتێك گوێ بیستی خوێندنه‌وه‌ی بوو: سوپاسی خوا ده‌كه‌م كاتێك هاتی بۆ لای هیچت نه‌ده‌زانی ئێستا جوان ده‌خوێنیته‌وه، ئه‌بوبه‌كر ی عیاش له وڵامدا پێی فه‌رمو من له فێرگه‌ی خوێندن و نوسینی منداڵان(الكتاب) ده‌رچووم هاتم بۆ خزمه‌ت جه‌نابت.

له وته‌كانی عاصم ده‌رباره‌ی ئه‌بوبه‌كر: ئه‌بوبه‌كر پێشتان نه‌كه‌وتووه به زۆر نوێژكردن و ڕۆژیگرتن به‌ڵام به‌شتێك پێشتان كه‌وتووه كه له سینگی داهه‌یه، هه‌روها ده‌فه‌رموێت: ده‌ست به‌زانست كردن ئاسانه به‌ڵام خۆ یه‌كلاكردنه‌وه بۆ خودا ئه‌مه‌یان قورسه، وده‌فه‌رموێت: كه‌مترین سودی بێ ده‌نگی پارێزراویته وئه‌وندەت به‌سه له‌بێ ده‌نگیه‌كه‌ت

کە دەحەسەیتەوە وبچوکترین زیانی ئاخاوتن بەناوبانگبوونە ئەوەندەش بەسە کە توشی کێشەت دەکات.

ئیبن موبارەك دەفەرموێت: کەسم نەبینیوە نزیکتر لە فەرمودە وەك ئەبوبەکر ی کوڕی عەیاش.

یەعقوبی کوڕی شەیبە دەربارەی شوعبە دەفەرموێت: ئەبوبەکر بە چاکە خواز ناسرابو شارەزایی هەبو لە فیقەو زانستی خەبەر.

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەفەرموێت: شوعبە کەسێکی ڕاستگۆو باوەڕ پێکراوبو خاوەن چاکەو خوێندنەوەی قورئان بوو، ودەیفەرمو یەحیای کوڕی سەعید بە خراپ باسی

ئەبوبەکر ی نەدەکرد واتە: شوعبە، وئەگەر کەسێکیش لەلای بەخراپە ناوی شوعبەی ببردبوایە ڕەنگی تێك دەچوو.

عبدالله ی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبل دەفەرموێت: باوکم بەمنی گوت ئەبوبەکری کوڕی عەیاشم بینی لەشاری کوفە لەڕۆژی هەینی دەهات بۆ مزگەوت لەسەر پشتی گوێدرێژێك بو لەسەر پشتی گوێدرێژەکە دابەزی دواتر هات بۆ لای دینگەیەك لە دینگەکانی مزگەوت، بەردەوام وەستابو نوێژی دەکرد دواتر کراسەکەی لەسەر دەستی لاکەوت بینیم تەنها پێست بو لەسەر ئێسقانی، سەرم سوڕما چۆن بەو لاوازیەی توانی ئەوەندە لەسەر قاچەکانی بوەستێت.

یەکێك لەم هەڵوێستانەی کە دەبێتە بەڵگە لەسەر ڕاستگۆیی و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ئەو، هارونی ڕەشید شوعبەی هێنابو لەشاری کوفە و وەکیعی کوڕی جەڕاحی ڕێ نیشاندەری بۆ دەکرد تا لە ڕەشیدی نزیك کردەوە پێی وت: ڕۆژانی سەردەمی بەنی ئومیەت بینی لەگەڵ ڕۆژانی سەردەمی ئێمە لەلای تۆ کامەیان چاك بوون؟ لە وڵامدا فەرموی: ئەوانەی ڕابردو باشتربوون بۆ خەڵك، بەڵام ئێوە باشترن بۆ نوێژکردن، ڕەشید

جێی هێشت و شه‌ش هه‌زار دیناری پێ به‌خشی، وسێ هه‌زار دیناریشی به‌وه‌كیع به‌خشی.

سوفیانی كوڕی عویینه ده‌فه‌رموێت: ئه‌بوبه‌كری كوڕی عه‌یاش به منی وت: دونیام له خه‌ودا بینی وه‌ك ئافره‌تێكی به ته‌مه‌نی ناشرین بو.

ده‌رباره‌ی پێگه‌ی گێڕانه‌وه‌و فه‌رموده‌دا: ئه‌بوبه‌كر ی كوڕی عه‌یاش ڕیوایه‌ت ده‌كات له حه‌بیبی كوڕی ئه‌بی ثابت و عاصمی كوڕی ئه‌بی نه‌جود و ئه‌بی ئیسحاقی سه‌بیعی و ئیسماعیلی سه‌دی و عبدالله ی كوڕی عومه‌یرو ئه‌عمه‌ش و سوله‌یمانی كوڕی مه‌هران و كه‌سانی تر.

وكه‌سانێكی زۆر له‌ویان گێڕاوته‌وه، له‌وانه: عبدالله ی كوڕی موباره‌ك و ئه‌بو داودی طالیسی و ئه‌حمه‌دی كوڕی حه‌نبه‌ل و عه‌لی كوڕی موحه‌مه‌مه‌دی طه‌نافسی و یه‌حیای كوڕی موعین و وه‌كیعی كوڕی جه‌ڕاح و ئیسحاقی كوڕی ڕاهه‌ویه و ئه‌بوبه‌كر ی كوڕی ئه‌بی شه‌یبه‌و ئه‌حمه‌دی كوڕی عه‌بدولجه‌باری عوتاردی و حه‌سه‌نی كوڕی عه‌ره‌فه، جگه له‌وانه‌ش هی تریش هه‌ن.

بوخاری و ئصحابی سونه‌ن فه‌رموده‌یان لێگێڕاوته‌وه ته‌نها كێشه‌یان له‌سه‌ر متمانه‌بوونی هه‌یه به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا كۆده‌نگی هه‌یه له‌سه‌ر متمانه بوونی و به‌كه‌سێكی ضبط له قیرائاتدا ئه‌ژماركراوه.

ئه‌بو حاتم ده‌فه‌رموێت: ئه‌بوبه‌كرو شوریك له ئه‌زبه‌ركردندا یه‌كسانن، ته‌نها ئه‌وه نه‌بێت كه ئه‌بوبه‌كر نوسراوه‌كانی باوه‌ڕپێكراوتره، ئیبن و ئه‌بی حاته‌م ده‌فه‌رموێت: به‌باوكمم وت: ئه‌بوبه‌كری كوڕی عه‌یاش یان عبدالله ی كوڕی بشری ڕه‌قی له وڵامدا فه‌رموی: ئه‌بوبه‌كری باوه‌ڕپێكراوتره‌و له‌به‌ركردنی باشتره.

یه‌زیدی كوڕی هاڕون ده‌فه‌رموێت: ئه‌بوبه‌كر كه‌سێكی چاك و باش بوو، زیاتر له40 دانه ساڵ ئه‌نیشكی نه‌دا له‌سه‌ر زه‌وی، یه‌حیای كوڕی موعین ده‌فه‌رموێت:50 ساله ئه‌بوبه‌كر ڕایه‌خی ڕانه‌خستووه، ده‌گێڕنه‌وه كه ئه‌بوبه‌كر نزیكه‌ی40 ساڵ دانیشتووه خه‌تمی قورئانی كردووه له‌هه‌مو شه‌وو ڕۆژێكدا.

كاتێ له‌سه‌ره مه‌رگ دابوو خوشكه‌كه‌ی ده‌ستی به‌گریان كرد، ئه‌ویش پێی فه‌رمو: بۆچی ده‌گریت؟ سه‌یری ئه‌و گۆشه‌یه بكه هه‌ژده هه‌زارجار قورئانم تێدا خه‌تم كردووه.

كۆچی دوایی شوعبه

شوعبه كۆچی دوایی كردووه –ڕه‌حمه‌تی خودای لێبێت– له جه‌مادی یه‌كه‌م ساڵی سه‌د و نه‌وه‌د و سێی كۆچی له ته‌مه‌نی69 ساڵیدا، دوای ئه‌وه‌ی ساڵانێكی زۆری به‌ڕێكرد ته‌نها ئه‌وه نه‌بێت له خوێندنه‌وه وه‌ستا به‌ر له كۆچ كردنی بۆ ماوه حه‌وت ساڵ.

ڕاوی دووه‌می عاصم

ڕاوی دووه‌می عاصم حه‌فصی كوڕی سوله‌یمانه، ناوی ته‌واوی حه‌فصی كوڕی سوله‌یمانی كوڕی موغیره‌ی كوڕی ئه‌بی داودی ئه‌سدی كوفیه، نازناوی ئه‌بو عومه‌ڕه، له ساڵی نه‌وتی كۆچی له دایك بووه، قیرائاتی به‌خوێندنه‌وه‌و به‌سه‌رداخوێندنه‌وه له عاصمی كوفی وه‌رگرتووه، حه‌فص زڕ كوری عاصم بووه –واته: كوڕی خێزانی بوو له پیاوێكی تر– له شاری به‌غدا نیشته جێبو هه‌ر له‌وێش خوێندی دواتر چو بۆ شاری مه‌ككه، له نزیكه‌وه له‌وێش له‌لای خوێندی هه‌ر بۆیه به زاناترین كه‌س ئه‌ژمارده‌كرێت به خوێندنه‌وه‌ی عاصم.

عه‌مری كوڕی صه‌باح و عوبه‌یدی كوڕی صه‌باح و قه‌واس و هه‌ندێ كه‌سی تریش قورئانیان له‌حه‌فص وه‌رگرتووه.

له‌حه‌فص ده‌گێڕنه‌وه كه فه‌رمویه‌تی: به‌عاصمم وت: ئه‌بو به‌كری (شوعبه) سه‌رپێچیم ده‌كات له خوێندنه‌وه‌دا عاصم فه‌رموی: به‌م شێوه ده‌خوێنمه‌وه كه ئه‌بو عه‌بدوڕه‌حمانی سوله‌می به‌سه‌رمی دا خوێندۆته‌وه كه ئه‌ویش له عه‌لی كوڕی ئه‌بی

طالبی وەرگرتووە(ڕەزای خوای لێبێت) وبەسەر ئەبو بەكر دەخوێنمەوە بە خوێندنەوەی زڕی كوڕی حوبەیش كە لە عبدالله ی كوڕی مەسعود وەرگرتووە(ڕەزای خودای لێبێت).

پێشەوا ئیبن موجاهید دەفەرموێت: لە نێوان حەفص و ئەبوبەكر پێنج سەدو بیست حەرف[1]. جیاواز هەیە كە ئەوانی پێ ناسراوتەوە.

كۆچی دوایی حەفص

حەفص –ڕەحمەتی خودای لێبێت– كۆچی دوایی كردووە لە ساڵی سەدو هەشتای كۆچی.

پێشەوا شاطبی دەفەرموێت[2]:

فَأَمَّا أَبُو بَكْرٍ وَعَاصِمٌ اسْمُهُ فَشُعْبَةُ رَاوِيهِ الْمُبَرِّزُ أَفْضَلَا


وَذَاكَ ابْنُ عَيَّاشٍ أَبُو بَكْرٍ الرِّضَا وَحَفْصٌ وَبِالْإِتْقَانِ كَانَ مُفَضَّلَا

(1) حرف: واتە ئەم شێوە خوێندنەوە جیاوازانەی كە لەزمانی عەرەبی هەیە.
(2) حرز الأمانی ووجه التهانی، لەدێری35و36 دا ئەم هونراوە هاتووە.

ئیسنادی ڕیوایەتی شوعبە

ڕاوی شوعبە بەسەر عاصمی دا خوێندۆتەوە، وبەسەر ئەبی مەریەم زیڕری كوڕی حوبەیش و سەعدی كوڕی ئیلیاسی شەیبانی، وهەروها زیڕری كوڕی حوبەیش لە عوسمانی كوڕی عەفان و عبدالله ی كوڕی مەسعود هەوانەش هەردوكیان لە پێغەمبەریان وەرگرتووە(ﷺ).

سهنهدی ڕیوایهتی شوعبه



ڕێگای شوعبە لە قیرائاتادا

ڕوایەتی شوعبە بەدوو ڕێگا هاتووە:

- **ڕێگای یەکەم:** ڕێگای ئەبی زەکریا یەحیای کوڕی ئادەمی موصلحی.
- **ڕێگای دووەم:** ڕێگای یەحیای عولیمی.

وڕێگای پشت پێ بەستراو لەم پەرتوکە بریتیە لە ڕێگای ئەبی زەکریا یەحیای کوڕی ئادەمی موصلیحی ئەوەی کە لە ڕێگەی شاطبی هاتووە.

بنچینەی گێڕانەوەی شوعبە

✓ **أصول:** کۆیە تاکەکەی(أصل)ـە، لە زمانی عەرەبیدا بەو بناغەو بنچینە دەگوترێت کە شتی لەسەر بونیاد دەندرێت.

أصول(بنچینەکان) لەرووی زاراوەدا: هەموو حوکمێکی گشتی دەگرێتەوە کە بچەسپێت لەسەر ئەوشتانەی مەرجی حوکمەکەی لیٚ بێتە دی، یان مەبەست لە ئوصول واتا ئەو یاسا گشتیانە دەگرێتەوە کە دووبارەدەبنەوە، وەك(مد) درێژکردنەوە (قصر)کورت کردنەوە(فتح) کردنەوە (اماله)واتا لارکردنەوە، وئەوەی بەوانە دەچێت.

✓ **الفرش:** لە زمانی عەرەبیدا واتا ڕاخستن و بلاٚوکردنەوە.

الفرش: لە زاراوەدا بریتیە لەو بڕیارەی تایبەتە بەهەندیٚ وشەی قورئانی کە ڕای جیاوازی لەسەرە لە نێوان قوڕائەکانی خوێندنی قورئان لەگەڵ بەهێزکردنی هەموو خوێندنەوەکان بۆ خاوەنەکەی وەك:﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾.

لە خوێندنەوەی عاصم و کیسائی و یەعقوب و خەلەف عاشردا وشەی ﴿مَٰلِكِ﴾ ئەلیف جێگیرکراوە لە دوای پیتی(م)، بەلاٚم جگە لەئەوان وەك: نافع و ئیبن کەثیر و ئەبو عەمرو ئیبن عامرو حەمزەو ئەبو جەعفەر ئەلیفەکە لادەبەن، واتا بەبیٚ ئەلیف دەیخوێننەوە، بەم شێوەیە:(مَلِكِ).

هەر وشەیەك خولانەوەی کەم بێت لە نێوان قیڕائاتەکانداو بۆچونی جیاوازی لەسەر بێت، ئەوە پێیدەگوترێت فەرش، چونکە کەباس کراوە لە شوێنی خۆی لە سورەتەکاندا بەپێی ڕیزبەندی قورئان، ئەوە وەك ڕایەخراوێکی لێدێت کەڕاخرابێت.

هه‌ندێك فه‌رش هه‌یه كه ده‌كرێت حوكمه‌كه‌ی گشتگیر بكرێت، وه‌كو زه‌نه‌داركردنی پیتی(د) له وشه‌ی(ٱلْقُدُسِ) لای ئیبن كه‌ثیر، به پێچه‌وانه‌وه هه‌ندێك بنچینه‌مان هه‌یه كه ناكرێت حوكمیان گشتگیر بكرێت، هه‌ر وه‌ك له هه‌ندێك شوێن له‌(ی)ی دانه‌پاڵ و زیاده، یان وه‌ك ئه‌و وشانه‌ی كه‌له بابه‌تی هه‌مزه‌كاندا باس ده‌كرێت وجگه له‌مانه‌ش، ئه‌م ناونانه‌ش له هه‌ر یه‌ك له‌وان به‌هۆی زۆر به‌كارهێنانیانه‌وه‌یه.



بابهتی (هائی) كینایه

هۆی ناونانی بههائی كینایه چونكه ناسناوێكی وهرگرتووه ئهویش بهكارهاتنیهتی بۆ كهسی سێ یهمی تاكی نێر، وپێشی دهگوترێت هائی جێناو(الضمير)، له زاراوهی قوڕڕائهكان ناسراوه بههائی زیاده، كه به واتای كهسی سێ یهمی تاكی نێر دێت.
كه دهڵێن هائی زائیده مهبهستمان هائی بنچینه نیه، واتا هائی ئهصڵی ناگرێتهوه، وهك: ﴿لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَـٰنُوحُ﴾،[شوعهڕا:116].

قوڕڕائهكان كه گوتمان واتای كهسی سێ یهمی تاكی نێر، ئهوه ناگرێتهوه هائێك بۆ تاكی مێ بهكارهاتبێت، وهك:﴿إِلَيۡهَا﴾، ئهوهش ناگرێتهوه كه بۆ دووانه(مثنى) وهك:﴿عَلَيۡهِمَا﴾، یان ئهوهی بۆ كۆ بهكارهاتووه به ڕهها، وهك:(إِلَيۡهِمُ، إِلَيۡهِنَّ).

هائی كینایه بهناو(اسم) دهلكێت، وهك:﴿ أَجَلِهِۦٓ ﴾ بهكار(فعل) دهلكێت، وهك: ﴿ يُعَلِّمُهُ ﴾ به پیت(حرف) دهلكێت، وهك:﴿ إِلَيۡهِ ﴾.

هائی كینایه له بنچینهدا ضـهممهداره، وهك:(لَهُۥ) تهنها ئهگهر له پێشیدا كهسره بوو یان پیتی(ی) بو ئهوكات كهسرهداردهبێت لهبهر هۆكار.

هائی كینایه ضـهممهدار دهبێت، لهبهر كاركردن بهبنچینهی خۆی، وهك لهڕیوایهتی حهفصدا هاتووه له:﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ ﴾، [كههف:63] و ﴿بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ اللهَ﴾،[فهتح:10].

ههروهك پێشهوا حهمزه بهم شێوه دهیخوێنێتهوه:﴿لِأَهۡلِهُ ٱمۡكُثُوٓاْ﴾،[طه:10]و [قهصهص:29] .

هائى كینایه چه‌ند بارێكى هه‌یه:

هائى كینایه له‌قورئانى پیرۆز چوار بارى هه‌یه، ئه‌وانیش بریتین له:

1. بكه‌وێته نێوان دوو زه‌ننه‌دار، واته: پێش و پاشى ساكین بێت، وه‌ك: {فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ- وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ-ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ}.

2. پێشى جووله‌و پاشى زه‌ننه بێت، وه‌ك: {قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ- لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ- رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ}.
قاریئه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ى كه نابێت له‌و دوو باره‌دا هائى كینایه به‌صیله بخوێندرێته‌وه، تا دوو زه‌ننه به‌یه‌كه‌وه كۆ نه‌بێته‌وه[1].

3. پێش هائه‌كه زه‌ننه‌داربێت و پاشى جووله، وه‌ك: {وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ}.
كۆ ده‌نگى قاریئه‌كان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه كه هائى كینایه له‌م باره‌دا به‌صیله ناخوێندرێته‌وه، ته‌نها ئه‌وه نه‌بێت كه جیاكراوته‌وه.

4. بكه‌وێته نێوان دوو جووله‌دار، وه‌ك: ﴿فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾.
له‌م باره‌دا هه‌موو قاریئه‌كان پیتى(ه)یان لكاندووه به‌پیتى(و)ى گوتراو(لفظى) ئه‌گه‌ر ضه‌مه‌دار بوو، ولكاندویانه به‌پیتى(ى)ى گوتراو ئه‌گه‌ر كه‌سره‌دار بوو، ته‌نها له‌هه‌ندێ بارى تایبه‌ت نه‌بێت.

---

(1) **ته‌نها شوێنێك نه‌بێت، به‌رزى خوێندویه‌تیه‌وه له ئیبن كثیر كه هائى كینایه‌ى به‌پیتى(و)ى لكاندووه‌و پیتى(ت)ى دواى هائه‌كه‌شى شه‌ده‌داركردووه، وه‌ك**(تَلَهَّىٰ)، **له**﴿فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ﴾،[**عه‌به‌سه**:10].

حوكمى
هائى كینایه لاى پێشهوا شوعبه

جیاوازیهكان كورت كراونهتهوه لهنێوان شوعبهو حهفص له بابهتى هائى كینایه لهم خالآنهى خوارهوه:

أ- پێشهوا شوعبه هائى كینایه بهزهننه دهخوێنێتهوه بىٚ صیله له پێنج وشهدا:

1- ئایهتى:{يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ}،[ئالى عیمران:75]بهیهكهوه، بهم شێوهیه: [يُؤَدِّهۡ إِلَيۡكَ].

2- ئایهتى:{نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا}،[ئالى عیمران:145]و [شورى:20] بهم شێوهیه:[نُؤۡتِهۡ مِنۡهَا].

3- ئایهتى:{نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ}،[نیساء:115] بهم شێوهیه:[نُوَلِّهۡ مَا تَوَلَّىٰ].

4- ئایهتى:{وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ}،[نیساء:115] بهم شێوهیه:[وَنُصۡلِهۡ جَهَنَّمَۖ].

5- ئایهتى:{وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ}،[نور:52] به زهننهداركردنى پیتى(هـ) بىٚ صیله، لهگهڵ تێبینى ئهوهى كه ڕاوى شوعبه به كهسرهداركردنى پیتى(ق) دهخوێنێتهوه لهم بابهته بههممان شێوه، وهك:{وَيَتَّقِهۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ}.

ب- پێشەوا شوعبە هائی كینایە بە كسرە دەخوێنێتەوە بیٚ صیلە لە سیٚ وشەدا:

1- ئایەتی:{وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ}،[كەهف:63] بەم شێوەیە:
[وَمَآ أَنسَىٰنِيهِ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ].

2- ئایەتی:{وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا}،[فورقان:69] بەم شێوەیە:[فِيهِ مُهَانًا].

3- ئایەتی:{وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ}،[فەتح:10] بەم شێوەیە:[وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهِ ٱللَّهَ]، لاوازكردنی پیتی(ل) دەردەكەوێت لەوشەی الله، چونكە كەسرەی لەپێشدا هاتووە.

ت- پێشەوا شوعبە هائی كینایە بەكسرە دەخوێنێتەوە بەصیلە لە سیٚ وشەدا:

1- ئایەتی:﴿وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ﴾،[مائیدە:67]، بەم شێوەیە: ﴿رِسَالَٰتِهِۦ﴾[1].

2- ئایەتی:{ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥ}،[ئەنعام:124]، بەم شێوەیە:[رِسَالَٰتِهِۦ][2].

3- ئایەتی:﴿ مِّن لَّدُنۡهُ وَيُبَشِّرَ ﴾،[كەهف:2][3] بەم شێوەیە:﴿ مِّن لَّدُنۡهِۦ وَيُبَشِّرَ ﴾.

---

[1] شوعبە ئەم شوێنەی خوێندۆتەوە بەكۆ، واتە: كەسرەداركردنی پیتی(ت)و (ه)و زیادكردنی ئەلیف لە دوای پیتی(ل) لەسەر ئەوە دروست دەبێت كەسەرداركردنی هائی كینایە بەهۆی كەسرەداركردنی پیتی(ت).

[2] شوعبە ئەم شوێنەی خوێندۆتەوە بەكۆ، واتە: كەسرەداركردنی پیتی(ت)و (ه)و زیادكردنی ئەلیف لە دوای پیتی(ل) لەسەر ئەوە دروست دەبێت كەسەرداركردنی هائی كینایە بەهۆی كەسرەدار كردنی پیتی(ت).

[3] شوعبە بە زەنەی پیتی(د)و ئیشمام دەخوێنێتەوە لەگەڵ كەسرەداركردنی پیتی(ن)و پیتی(ه) لە وشەی:(لَّدُنۡهُ).

ث- شوعبە(ه)ی كینایە بەضـەممە دەخوێنێتەوە بەصیلە بەپیتی(و)ی گوتراو لە دوو وشەدا بەم شێوەیە:

1- ئایەتی:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ ﴾،[طەلاق:3]، بەم شێوەیە:﴿ بَٰلِغٌ أَمۡرَهُۥۚ ﴾[1].

2- ئایەتی:﴿ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾،[صەف:8]، بەم شێوەیە: ﴿ مُتِمٌّ نُّورَهُۥ ﴾[2].

ج- شوعبە(ه)ی كینایە دەگۆڕێت بەپیتی(ت)ی بەكارهاتو بۆ مێی مەنصوب

لە ئایەتی:﴿ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ ﴾،[لوقمان:20]، بەم شێوەیە:﴿عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَةً ظَٰهِرَةٗ﴾، هەروەك پیتی(ع) زەنندەكات، وەهەروها شاردنەوەش(الاخفاء) دەردەكەوێت لە پیتی(ظ).

ح- شوعبە(ه)ی كینایە لادەبات لەئایەتی:﴿وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ﴾،[زوخروف:71]، بەم شێوەیە:﴿مَا تَشۡتَهِي ٱلۡأَنفُسُ﴾[3].

خ- شوعبە(ه)ی كینایە لادەبات لە ئایەتی:﴿وَمَا عَمِلَتۡهُ أَيۡدِيهِمۡۚ﴾،[یس:35]، بەم شێوەیە:﴿وَمَا عَمِلَتۡ أَيۡدِيهِمۡۚ﴾.

---

[1] شوعبە ئەم شوێنە بە تەنوینی پیتی(غ)و فەتحەداركردنی پیتی(ر) دەخوێنێتەوە، لەسەر ئەمە دروست دەبێت ضـەممەداركردنی پیتی(ه)ی كینایە ئەوەش بەهۆی فەتحەداركردنی پیتی(ر).

[2] شوعبە ئەم شوێنە بە تەنوینی ضـەم لە پیتی(م) و فەتحەداركردنی پیتی(ر) دەخوێنێتەوە، لەسەر ئەمە دروست دەبێت ضـەممەداركردنی پیتی(ه)ی كینایە، ئەوەش بەهۆی فەتحەداركردنی پیتی(ر)و قەڵەوكردنی لەگەڵ تێكهەڵكێشانی.

[3] لابردنی پیتی(ی) دەردەكەوێت لەباری نەوەستاندا بەهۆی گەیشتنە دوو زەنندار.

باسی
ئەحکامی نونی ساکینەو تەنوین

ئەم بابەتە بەگشتی یەکسانە لەگەڵ ئەحکامی پێشەوا حەفص تەنها لەم شوێنانەی خوارەوە نەبێت:

- شوعبە تێکهەڵکێشانی کردووە بۆ پیتی(ن) لەپیتی(ر) لە ﴿وَقِيلَ مَنۡ رَاقٍ﴾،[قیامە:27] بەم شێوەیەی خوێندوّتەوە:﴿ وَقِيلَ مَن رَّاقٍ ﴾، چونکە لێرەدا سەکت وەستانێکی کورت بێ وەرگرتنی هەناسە ناکات، ئەمەش پێچەوانەی پێشەوا حەفصە.

- شوعبە هەندێ شوێنی خوێندوّتەوە بە زەنەدارکردنی پیتی(ن) لە پاشان بۆی هەیە یان تێکهەڵکێشانی پیتە نونەکە بکات یان بیشارێتەوە(الاخفاء)، ئەوەش بەپێی یاسای گشتی لە حوکمەکانی نونی ساکین و تەنوین، وئەوەی گرنگە لای ئێمە لەم بابەتەدا هەشت وشەیە بەم شێوەی خوارەوە:

1- وشەی:﴿مُنزَلٌ﴾،[ئەنعام:114][1].
2- وشەی:﴿وَإِن تَكُن﴾،[ئەنعام:139][2].
3- وشەی:﴿وَإِن كُلًّا﴾،[هود:111][3].
4- وشەی:﴿تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَنفَطِرۡنَ﴾،[مەریەم:90]و [شورا:5][4].
5- وشەی:﴿إِنَّا مُنجُوكَ وَأَهۡلَكَ﴾،[عەنکەبوت:33][5].

---

[1](مُنَزَّلٌ) دەخوێندرێتەوە بە زەنەدارکردنی پیتی(ن)و ئاسانکردنی پیتی(ز).

[2](يَكُن) بەپیتی(ت) دەخوێندرێتەوە لەبری پیتی(ی).

[3](وَإِنَّ) دەخوێندرێتەوە بە زەنەدارکردنی پیتی(ن)و لابردنی شەددەی پیتی(ن).

[4](يَتَفَطَّرۡنَ) بەپیتی(ن)ی زەننەدار دەخوێندرێتەوە لەبری پیتی(ت)، لەگەڵ کەسرەدارکردنی پیتی(ط)و لابردنی شەددەکەی، ولاوازاکردنی پیتی(ر) دەردەکەوێت.

[5](مُنَجُّوكَ) بەزەننەدارکردنی پیتی(ن)و لابردنی شەددەی پیتی(ج) دەخوێندرێتەوە.

6- وشه‌ی:﴿يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ﴾،[یاسین:1][1].

7- وشه‌ی:﴿أَوَ مَن يَنشَؤُاْ فِي ٱلۡحِلۡيَةِ﴾،[زوخروف:18][2].

8- وشه‌ی:﴿نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ﴾،[قه‌له‌م:1].

➢ شوعبه هه‌ندێك شوێنی به‌ته‌نوین خوێندۆته‌وه، پاشان بۆی هه‌یه یان تێكهه‌ڵكێشان(الادغام) یان وه‌رگه‌ڕان(الاقلاب) یان شاردنه‌وه(الاخفاء)ی ته‌نوینه‌كه بكات له دوای ئه‌و به‌پێی یاسا گشتیه‌كان له ئه‌حكامی نونی ساكینه‌و ته‌نوین، ئه‌وه‌ی له نێوانیان دایه له‌م بابه‌ته‌وه به‌م شێوه‌یه:

أ- له هه‌ندێ شوێندا خوێندراوته‌وه به تێكهه‌ڵكێشان كه بریتین له‌مانه‌ی خواره‌وه:

1- ﴿كَبِيرًا يُسَبِّحُ﴾،[ئیسراء:43][3].

2- ﴿وَثَمُودَا وَأَصۡحَٰبَ﴾،[فورقان:38][4].

3- ﴿وَثَمُودَا وَقَد﴾،[عه‌نكه‌بووت:38][5].

4- ﴿مُتِمٌّ نُورِهِۦ﴾،[صه‌ف:8][6].

5- ﴿سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلًا﴾،[ئینسان:4][7].

6- ﴿قَوَارِيرَا مِنۡ﴾،[ئینسان:16][8].

---

(1) ئیماله‌ی پیتی(ی) ده‌رده‌كه‌وێت له‌لای شوعبه.

(2) (يُنَشَّؤُاْ) ده‌خوێندرێته‌وه به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ی)و زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)و لابردنی شه‌دده‌ی پیتی(ش)

(3) وشه‌ی(تُسَبِّحُ) به‌پیتی(ی) ده‌خوێندرێته‌وه له‌بری پیتی(ت).

(4) وشه‌ی(وَثَمُودَاْ) به‌ته‌نوینی فه‌تح ده‌خوێندرێته‌وه، وبه ئه‌لیفی قه‌ره‌بو(عوض) له‌سه‌ری ده‌وه‌ستێت.

(5) وشه‌ی(وَثَمُودَاْ) به‌ته‌نوینی فه‌تح ده‌خوێندرێته‌وه، وبه ئه‌لیفی(عوض) له‌سه‌ری ده‌وه‌ستێت.

(6) وشه‌ی(نُورِهِۦ) خوێندراوته‌وه به‌فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ر)و ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ه)و لكاندنی پیتی(و)ی گوتراوو قه‌ڵه‌وكردنی پیتی(ر).

(7) وشه‌ی(سَلَٰسِلَاْ) به‌ته‌نوینی فه‌تح خوێندراوته‌وه، وبه ئه‌لیف له‌سه‌ری ده‌وه‌ستێت.

(8) وشه‌ی(قَوَارِيرَاْ) به‌ته‌نوینی فه‌تح خوێندراوته‌وه، وبه ئه‌لیف له‌سه‌ری ده‌وه‌ستێت.

ب- له هەندێ شوێندا بەشاردنەوە(الاخفاء) خوێندراوەتەوە بەم شێوەی خوارەوە:

1- ﴿جَعَلَا لَهُۥ شِرۡكَا فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَاۚ﴾،[ئەعراف:191][1].

2- ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيۡدِ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾،[ئەنفال:18][2].

3- ﴿ثَمُودَاْ كَفَرُواْ﴾،[هود:68][3].

4- ﴿عِوَجَا ۝١ قَيِّمًا﴾،[كەهف:1][4].

5- ﴿وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَةً ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةًۗ﴾،[لوقمان:20][5].

6- ﴿قَوَارِيرَاْ ۝١٥ قَوَارِيرَاْ﴾،[ئینسان:15][6].

➢ شوعبە بە شاردنەوە(الاخفاء) دەخوێنێتەوە ئایەتی:﴿كَأَنَّهَا كَوۡكَبٞ دُرِّيٓءٞ تُوقَدُ مِن شَجَرَةٖ مُّبَٰرَكَةٖ﴾،[نور:35][7].

---

[1] وشەی(شُرَكَآءَ) خوێندراوەتەوە بەكەسرەداركردنی پیتی(ش)و زەنەداركردنی پیتی(ر)و تەنوینی فەتحەی پیتی(ك)و لابردنی ئەلیف و هەمزە لەبری وەستان لەسەری، بەدرێژكردنەوەی قەرەبو(عوض) لەگەڵ لاوازكردنی پیتی(ر) دەخوێندرێتەوە.

[2] وشەی(مُوهِنُ) خوێندراوەتەوە بەتەنوینی پیتی(ن)و وشەی(كَيۡدِ) خوێندراوەتەوە بەفەتحەداركردنی پیتی(د)(كَيۡدَ).

[3] وشەی(ثَمُودَاْ) بەتەنوینی فەتح خوێندراوەتەوە، وبە ئەلیفی قەرەبو(عوض) لەسەری دەوەستێت.

[4] وشەی(عِوَجَاۜ) خوێندراوەتەوە بە واز هێنان لە سەكت، ئەمە لە بابەتی سەكت باسی دەكەین ان شاء الله.

[5] وشەی(نِعَمَهُۥ) خوێندراوەتەوە بە زەننەداركردنی پیتی(ع) وتائی مەربوتە تەنوین كراوە بە فەتحە لەبری پیتی(ه) ، ئەوەش لە ڕابردو باسكرا لە بابەتی پیتی(ه)ی كینایە.

[6] وشەی(قَوَارِيرَاْ) بەتەنوینی فەتح خوێندراوەتەوە، وبە ئەلیفی قەرەبو(عوض) لەسەری دەوەستێت.

[7] (دُرِّيٌّ يُوقَدُ) بەپیتی(ی)ی زەننەدار دەخوێندرێتەوە كە لەدوای هاتووە هەمزەی مەضموم بەتەنوین، بەدرێژكردنەوەی لكاو، ووشەی(يُوقَدُ) دەخوێندرێتەوە بەپیتی(ت)ی لەبری پیتی(ی).

باسی سه‌كت

پێشه‌وا شوعبه وازی له‌و سه‌كتانه هێناوه كه پێویستن لای حه‌فص، به‌شێوه‌یه‌ك تێكهه‌ڵكێشانی بۆ ده‌كرێت ئه‌وه‌ی گونجاو بێت بۆ تێكهه‌ڵكێشان، ئه‌وه‌ش ڕو ده‌دات له ﴿بَل رَّانَ﴾،[موطه‌فيفين:14] و﴿مَن رَّاقٍ﴾،[قيامه:27] به‌هۆی هاتنه دی مه‌رجه‌كانی تێكهه‌ڵكێشان له هه‌ردووكیاندا.

جیاوازی له نێوان وه‌ستان و سه‌كت

1- كاتی وه‌ستان درێژتره له سه‌كت.

2- له‌وستاندا قاریء هه‌ناسه‌یه‌ك هه‌لده‌مژێت، به‌ڵام له‌سه‌كت هه‌ناسه هه‌ڵنامژێت.

3- سه‌كت دروست نیه ته‌نها له‌ڕێگه‌ی گێڕانه‌وه نه‌بێت، به‌ڵام وه‌ستان دروسته بۆ قاریء له سه‌ر هه‌ر وشه‌یه‌ك بیٚ به مه‌رجێك واتای وشه‌كه تێك نه‌دات.

4- له‌كاتی وستاندا دروسته له خوێندنه‌وه‌كه‌ت بگه‌ڕێیته‌وه بۆ پێشه‌وه‌و دواتر ته‌واو بكه‌ی، به‌ڵام له‌سه‌كت دا خوێندنه‌كه ته‌واو ده‌كه‌ی له‌دوای سه‌كت.

5- وستان نابێت ته‌نها له‌سه‌ر وشه نه‌بێت، به‌ڵام سه‌كت ده‌كرێت له‌سه‌ر وشه یان پیت بێت.

هه‌مزه
بابه‌تی دوو هه‌مزه له یه‌ك وشه‌دا

ئه‌گه‌ر دوو هه‌مزه له‌یه‌ك وشه‌دا كۆبێته‌وه، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌بێته هه‌مزه‌ی پرسیاری وپێویسته به‌رده‌وام فه‌تحه‌داربێت، ئه‌م جۆره هه‌مزه ده‌خوێندرێته‌وه لای گشت قوراڕئه‌كان، وهه‌مزه‌ی دووه‌م یان ضه‌ممه‌دار ده‌بێت یان فه‌تحه‌دار یان كه‌سره‌دار، ومه‌زهه‌بی شوعبه بریتیه له‌خوێندنه‌وه‌ی دوو هه‌مزه له‌یه‌ك وشه‌دا.

ئاگاداركردنه‌وه:

له ئایه‌تی:﴿قَالَ فِرۡعَوۡنُ ءَآمَنتُم بِهِۦ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ﴾، [**ئه‌عراف**:123] **وه**﴿قَالَ ءَآمَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ﴾،[طه:71] **وه**﴿قَالَ ءَآمَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ﴾،[**شوعه‌را**:49]، **شوعبه هه‌مزه‌ی پرسیاری زیاد ده‌كات له‌سه‌ر وشه‌ی**(ءَامَنتُمۡ) **ئه‌وه‌ش له‌سه‌ر بنچینه‌ی خۆیدا، چونكه بنچینه‌ی ئه‌م وشه بریتیه له**(أأأمنتم) **واته: كۆبونه‌وه‌ی سێ هه‌مزه به‌دوای یه‌كتر، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م و دووه‌م فه‌تحه‌دارن، هه‌مزه‌ی سێیه‌م زه‌ننه‌داره گۆڕدراوه به ئه‌لیف خۆی پیتی(ف)ی وشه‌یه.**

مه‌زهه‌بی شوعبه خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م و دووه‌مه به‌م شێوه‌یه(ءَءَ امَنتُمۡ).

- ﴿لَّقَالُواْ لَوۡلَا فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥٓۖ ءَآعۡجَمِيّٞ وَعَرَبِيّٞۗ﴾،[**فوصیله‌ت**:44]، **هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌خوێندرێته‌وه به‌م شێوه‌یه**:﴿ ءَأَعۡجَمِيّٞ﴾.
- ﴿إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةٗ ﴾، [**ئه‌عراف**:81]، **وه**﴿ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ﴾،[**عه‌نكه‌بوت**:28]، **شوعبه ئه‌م دوو وشه‌یه ده‌خوێنێته‌وه به**

زیادكردنی هەمزەی پرسیاری، وهەمزەی دووەمیش دەخوێندرێتەوە بەم شێوەیە:﴿ءَإِنَّكُمۡ﴾.

- ﴿قَالُوٓاْ إِنَّ لَنَا لَأَجۡرًا إِن كُنَّا نَحۡنُ ٱلۡغَٰلِبِينَ﴾،[**ئەعراف**:113]، **شوعبە ئەم وشە دەخوێنێتەوە بە زیادكردنی هەمزەی پرسیاری، وهەمزەی دووەمیش دەخوێندرێتەوە بەم شێوەیە:**﴿ءَإِنَّ﴾.

- ﴿إِنَّا لَمُغۡرَمُونَ﴾،[**واقیعە**:66]، **شوعبە ئەم وشە دەخوێنێتەوە بە زیادكردنی هەمزەی پرسیاری، وهەمزەی دووەمیش دەخوێندرێتەوە بەم شێوەیە:**﴿ءَإِنَّا﴾.

- ﴿أَن كَانَ ذَا مَالٖ وَبَنِينَ﴾،[**قەلەم**:14]، **شوعبە ئەم وشە دەخوێنێتەوە بە زیادكردنی هەمزەی پرسیاری، وهەمزەی دووەمیش دەخوێندرێتەوە بەم شێوەیە:**﴿ءَأَن﴾.



بابه‌تی هه‌مزه‌ی تاك

بریتیه له‌و هه‌مزه‌ی كه هاووێنه‌ی خۆی له‌گه‌ڵیدا نه‌بێت، ئه‌وه‌ش یان زه‌ننه‌دار ده‌بێت یان جووله‌دار.

مه‌زهه‌بی شوعبه له‌م باره‌یه‌وه به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌یه:

1- **هه‌مزه گۆڕدراوه به‌پیتی(و) له‌وشه‌ی:**﴿مُّؤۡصَدَةُۢ﴾،[**به‌له‌د**:20]**و** [**هه‌مزه**:8]، **به‌م شێوه‌یه:**﴿مُّوصَدَةُ﴾.

2- **هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م گۆڕدراوه به‌پیتی(و) له‌وشه‌ی:**﴿لُؤۡلُؤ﴾ **جیاوازیشی نیه ئایه ناسراوه یان نه‌ناسراو، ئه‌مه‌ش له شه‌ش شوێندا هاتووه:**
﴿يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ﴾،[**حه‌ج**:23]**و** [فاطر:33]،﴿وَيَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ غِلۡمَانٞ لَّهُمۡ كَأَنَّهُمۡ لُؤۡلُؤٞ مَّكۡنُونٞ﴾،[طور:24]**و** [**هه‌مزه**:8]،﴿يَخۡرُجُ مِنۡهُمَا ٱللُّؤۡلُؤُ وَٱلۡمَرۡجَانُ﴾،[**ره‌حمان**:22]،﴿كَأَمۡثَٰلِ ٱللُّؤۡلُوِٕ ٱلۡمَكۡنُونِ﴾،[**واقیعه**:23]،﴿إِذَا رَأَيۡتَهُمۡ حَسِبۡتَهُمۡ لُؤۡلُؤٗا مَّنثُورٗا﴾،[**ئینسان**:19]، **به‌م شێوه ده‌خوێندرێته‌وه:**﴿لُولُؤ﴾.

3- **شوعبه وشه‌ی:**﴿زَكَرِيَّا﴾ **به هه‌مزه‌ی دوای ئه‌لیف ده‌خوێنێته‌وه له هه‌ر شوێنێك بێت، له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی لكاوو جووله‌داركردنی به‌پێی شوێنی ئیعڕابه‌كه‌ی به‌م شێوه‌یه:**﴿زَكَرِيَّآء﴾.

4- **شوعبه پیتی(و) هه‌مزه‌دارده‌كات له‌وشه‌ی:**﴿هُزُوٗا﴾ **له هه‌ر شوێنێك بێت به‌م شێوه‌یه:**﴿هُزُؤًا﴾.

5- شوعبە پیتی(و) هەمزەداردەکات لە وشەی:﴿كُفُوًا﴾،[ئیخلاص:4]، بەم شێوەیە:﴿كُفُؤًا﴾.

6- شوعبە لەوشەی:﴿جِبْرِيلَ﴾ هەمزەی کەسرەدار زیاد دەکات لەبری پیتی(ی) لە هەر شوێنێك بێت لە قورئانی پیرۆزدا، وەهەروەها پیتەکانی(ج)و (ر) فەتحەداردەکات بەم شێوەیە:﴿جَبْرَءِلَ﴾.

7- شوعبە لەوشەی:﴿وَمِيكَىٰلَ﴾،[بەقەرە:98]، هەمزەی کەسرەدار زیاد دەکات لە دوای ئەلیف و لەدواشیدا پیتی(ی) بەم شێوەیە:﴿وَمِيكَآئِيلَ﴾، هەردو درێژکردنەوەکانیش دەردەکەوێت لکاوو لەبری.

8- شوعبە لەوشەی:﴿مُرْجَوْنَ﴾،[تەوبە:106]، هەمزەی ضەممەدار زیاد دەکات لەدوای پیتی(ج)و لەدواشیدا پیتی(و)ی درێژکراو دێت بەم شێوەیە:﴿وَءَاخَرُونَ مُرْجَـُٔونَ لِأَمْرِ ٱللَّهِ﴾.

9- شوعبە لەوشەی:﴿ تُرْجِى ﴾،[ئەحزاب:51]، هەمزەی ضەممەدار زیاد دەکات لە دوای پیتی(ج) لەبری پیتی(ی) بەم شێوەیە:﴿ تُرْجِئُ مَن تَشَآءُ مِنْهُنَّ ﴾.

بابه‌تی تێكهه‌لكێشان

ئیدغام له‌زمانی عه‌ره‌بیدا: به‌كاردێت بۆ تێكهه‌ڵكێش كردنی شتێك له‌شتێكی تر.

ئیدغام له‌زاراوه‌دا: واتا تێكهه‌ڵكێش كردنی پیتێك له‌پیتێكی تر به شێوه‌یه‌ك هه‌ردوو پیت به‌پیتێكی توندی شه‌دده‌دار ده‌خوێندرێته‌وه له‌ڕه‌گه‌زی پیتی دووه‌م، ئه‌وه‌ش ده‌كرێت به‌دوو به‌ش: بچوك و گه‌وره.

مه‌به‌ست له‌خوێندنی ئه‌م بابه‌ته، شاره‌زابوونه له‌وه‌ی تێكهه‌لكێش ده‌كرێت وئه‌وه‌ی تێكهه‌ڵكێش ناكرێت، گه‌یشتنه دوو پیت به‌یه‌ك و كۆبونه‌وه‌یان ده‌كرێت به سێ به‌ش:

- ✓ **یه‌كه‌م:** پێك گه‌یشتنیان له وشه‌و نوسیندا، به‌شێوه‌یه‌ك پچڕان نه‌كه‌وێته نێوانیان، وه‌ك پێك گه‌یشتنی دوو پیتی(د) له{وَقَد دَّخَلُواْ}.

- ✓ **دووه‌م:** پێك گه‌یشتنیان ته‌نها له‌نوسیندا، وه‌ك:﴿إِنَّهُۥ هُوَ﴾، لێره‌دا پچڕان له‌نێوانیاندا ڕویداوه له‌گوتندا.

- ✓ **سێیه‌م:** پێك گه‌یشتنیان ته‌نها له‌گوتن دا، وه‌ك:﴿ أَنَاْ نَذِيرٌ ﴾،﴿ طسٓمٓ ﴾.

یاسایەكی گشتی گرنگ

هەر كاتێك دوو پیت بەیەكتر بگەن، ئەو دوو پیتە یان شوێنی دەرچوونیان یەكسانە یان جیاوازە[1].

❖ ئەگەر شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر جیاوازبوو(مەخرەجیان یەكسان نەبوو) ئەوكات بە لەیەكتر دوور ئەژماردەكرێن، تەنها پیتی(غ)و (خ) نەبێت كاتێك دەگەن بە پیتی(ق)و (ك).

هەركاتێك پیتی(غ) یان پیتی(خ) لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) بەیەك گەیشتن، ئەو دوو پیتانە دەبنە لەیەكتر نزیك، چونكە هەرچەندە شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر جیایە بەڵام دەرچوونیان لەیەكتر نزیكە.

پیتی(غ)و (خ) دەرچوونیان دەكەوێتە نزیكترین شوێنی گەرو، ئەو شوێنەی كە لەدوای ئەو زمان دەست پێ دەكات.

هەروها پیتی(ق)و (ك) شوێنی دەرچوونیان دەكەوێتە دوورترین شوێنی زمان كە لەدوای ئەو نزیكترین شوێنی گەرو دێت، نێوان هەردوو دەرچوون لێك نزیك بوون هەیە.

له بەر ئەم هۆكارانە دەركەوت كە پیتی(غ) لەگەڵ(ق) یان (ك) لەیەكتر نزیكن، وبەهەمان شێوە پیتی(خ) لەگەڵ(ق) یان (ك) لەیەكتر نزیكن.

❖ ئەگەر پیتەكان لەیەك ئەندام بوون(واتە: لە یەك ئاست و شێوە دابوون و هەمان دەربڕینیان هەبوو)، لەو كاتەدا دەبن بە دوو بەش:

[1] مەحمود خەلیل حوصەری، (أحكام قراءة القرآن الكريم)(مەككەی پیرۆز، نوسینگەی مەككیە، دار بەشائری ئیسلامی، چاپی4، ساڵی1999ی زاینی، [بەدەست كارییەكی زۆرەوە].

- یان شوێنی دهرچوونیان له یهكتر نزیكه.
- یان شوێنی دهرچوونیان لهیهكتر دووره.

ئهگهر شوێنی دهرچوونیان لهیهكتر نزیك بوو، بهشێوهیهك ههردوو پیتهكه لێك نزیك بوون و هیچ دابڕان و پچڕان ڕوونهدات له نێوانیان، ئهوه ئهم دوو پیته بهلهیهكتر نزیك سهیر دهكرێن.

- لهم قسانهی ڕابردوو دهردهكهوێت ئهگهر دوو پیت شوێنی دهرچوونیان لهیهكتر جیابوو، به شێوهیهك ههر یهكێكیان له شوێنێك دهردهچوو(واته: پچڕان و دابڕان له نێوانیاندا ههبوو) به دوو پیتی له یهكتر دوور سهیردهكرێن.

بۆمان ڕوون بویهوه كه نێوان پیتهكانی گهرو(حروف الحلق) كه ژمارهیان شهش پیته لهگهڵ ههژده پیتهكهی زمان، دوریهك ههیه(شهش پیتهكانی گهرو دوورن له ههژده پیتهكانی زمان) چونكه پیتهكانی گهرو له شوێنێك دهردهچێت و پیتهكانی زمانیش له شوێنێكی تر.

تهنها پیتهكانی(غ) لهگهڵ(ق)و (ك) وپیتی(خ) لهگهڵ پیتی(ك) نهبێت، ئهوانه جیادهكرێنهوه لهم حوكمهی كه لهسهر پیتهكانی گهرو و پیتهكانی زمان دا ههبوو، ههروهك له ڕابردوو باس كرا.

له نێوان پیتهكانی گهرو و پیتهكانی لێو دورییهك ههیه، چونكه ههر یهك لهوان شوێنی دهرچوونیان له یهكتر جیاوازه، ولهكاتی دهربڕیندا جیاكاریهك دهكهوێته نێوانهكانیان.

لهنێوان پیتهكانی زمان و پیتهكانی لێو دووری ههیه، چونكه شوێنی دهرچوونیان له یهكتر جیایه، تهنها پیتی(م) لهگهڵ(ن) نهبێت لێكچوونێكیان ههیه له ڕهگهزو نزیك بونهوه.

پیتی(ن) لهگهڵ(و) نزیكبوونهوهیهكیان ههیه له یهكتر له شێوهی دهربڕیندا.

پیتی(ی)ی لهین لهگهڵ(و) نزیك بونهوهیهك ههیه له نێوانیاندا له دهربڕیندا به هۆی هاوڕهگهزایهتی له سیفهتدا.

❖ لهنێوان پیتهكانی گهرو پیتێك لهگهڵ پیتێكی تر نزیك بوون و دوركهوتنهوه ههیه، ئهم دوو پیتهی كهشوێنی دهرچوونیان دهكهوێته دوورترین بهشی گهرو –كه ئهوانیش پیتی(ء)و (ه)– لهگهڵ ئهو پیتانهی شوێنی دهرچوونیان دهكهوێته ناوهڕاستی گهرو، ئهوانیش پیتی(ع)و (ح) لێك نزیك بوونهوهیهك ههیه لهنێوانیاندا.

ئهم دوو پیتهش لهگهڵ ئهو پیتانهی كه دهرچوونیان دهكهویته نزیكترن شوێنی گهروو وهك: پیتی(غ)و (خ) دوریهك ههیه.

پیتهكانی ناوهڕاست وهك پیتی(ع)و (ح) نێوان ئهو دوو پیتهو پیتهكانی دهكهوێته دوری گهرو وپیتی نزیكترین شوێنی گهرو نزیكایهتیهك ههیه.

❖ لهنێوان پیتهكانی زمان ههندێكیان لهگهڵ ههندێكی تر نزیك و دووری ههیه.
ئهو دوو پیتهی دهكهونه دورترین شوێنی زمان، وهك پیتهكانی(ق)و (ك) لهنێوان ئهودوو پیتهو پیتهكانی ناوهڕاستی زمان وهك پیتی(ج)و (ش)و (ی)و پیتی پێشهوهی زمان، وهك پیتی(ض)و (ل) نزیكایهتیهك ههیه، ئهو پیتانه لهگهڵ پیتهكانی پێشهوهی زمان كه بریتین له: (ن، ر، ط، د، ت، ص، س، ز، ظ، ذ، ث) ئهم پیتانهی باس كران پێیان دهگوترێت پیتهكانی پێشهوهی زمان(الذلقية) پیتهكانی سهرهوهی زمان(النطعية) وپیتهكانی سهرهتای پێشهوهی زمان(الأسلية) وپیتهكانی لێو(الشفوية) و(پیتهكانی نزیك لهپودو) دوریهك ههیه.

❖ لهنێوان پیتهكانی ناوهڕاست و پێشهوهی زمان و لێوارهكان، نزیكایهتیهك ههیه.

❖ لهنێوان پیتهكانی پێشهوهی زمان و لێوارهكاندا نزیكایهتیهك ههیه، ولهنێوان پیتی(ف) لهگهڵ پیتهكانی لێو وهك:(و)و (ب)و (م) نزیكایهتیهك ههیه.

وله‌نێوان پیته‌كانی لێو هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تریان هاوڕه‌گه‌زیه‌ك هه‌یه له‌شوێنی ده‌رچونیان.

ڕوونكردنه‌وه:

❖ ڕوون و ئاشكرایه كه‌هه‌ر یه‌ك له‌پیته‌كانی(ء)و (هـ) له كۆتایی گه‌رو ده‌رده‌چن وهه‌ردووكیان یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌رچوونیان یه‌كه، به‌ڵام ده‌ربڕینان له‌یه‌كتر جیایه.

پیته‌كانی(ع)و (ح) له‌ناوه‌ڕاستی گه‌رو ده‌رده‌چن، ئه‌م دوو پیته‌ش یه‌ك ڕه‌گه‌زن.
پیتی(غ)و (خ) له‌نزیكترین شوێنی گه‌رو ده‌رده‌چن ئه‌وانه‌ش به‌هه‌مان شێوه‌ی ئه‌و پیتانه‌ی باس كران یه‌ك ڕه‌گه‌زن.
پیته‌كانی سه‌ره‌وه‌ی گه‌رو هه‌ر یه‌ك له‌پیتی(ء)و (هـ) به‌رامبه‌ر پیته‌كانی ناوه‌ڕاست(ع)و (ح) له‌یه‌كتر نزیكن، وبه‌رامبه‌ر پیته‌كانی خواره‌وه‌ی گه‌رو(غ)و (خ) له‌یه‌كتر دوورن، چونكه پیته ناوه‌ڕاسته‌كان له‌یه‌كتریان جیاده‌كاته‌وه.

❖ پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی گه‌رو(ع)و (ح) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی سه‌ره‌وه‌و خواره‌وه نزیكایه‌تیه‌كیان هه‌یه.

پیتی(غ) له‌گه‌ڵ پیتی(ق)و (ك) له‌یه‌كتر نزیكن.
وه‌هه‌روها پیتی(خ) له‌گه‌ڵ(ق)و (ك) به‌هه‌مان شێوه له‌یه‌كتر نزیكن، چونكه پیتی(غ)و (خ) هه‌ر چه‌نده له‌نزیكترین شوێنی گه‌رو ده‌رده‌چن، به‌ڵام كاتێك نزیكییێكی به‌هێز هه‌یه له‌نێوان ئه‌وان و پیته‌كانی(ق)و (ك) كه ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته دورترین شوێنی زمان، ئه‌مه وای كردووه كه ئه‌م پیتانه به‌نزیك له‌یه‌كتر بخوێندرێنه‌وه‌و سه‌یر بكرێن، هه‌رچه‌نده له‌یه‌كتر جیان هه‌روه‌ك له‌ڕابردوو باس كران.

پیته‌كانی(ق)و (ك) له‌یه‌كتر نزیكن، به‌هۆی بوونی جیاكاریه‌ك له‌شوێنی ده‌رچوونیان، وگوتراوه پیتی(ق)و (ك) یه‌ك ڕه‌گه‌زن به‌هۆی شوێنی ده‌رچوونیان كه دورترینی زمانه.

پیتی(ق)و هاوشێوەی ئەو پیتی(ك) لەگەڵ پیتێك لەپیتەكانی ناوەڕاستی زمان(ج، ش، ی) یان لەگەڵ پیتێك لەپیتەكانی پێشەوەی زمان وەك:(ض)و (ل) لەیەكتر نزیكن، ولەگەڵ هەر پیتێك لەو پیتانەی بە لایەكی زمان دەردەبردرێن لەیەكتر دوورن.

- پیتەكانی(ج)و (ش)و (ی) كە درێژناكرێنەوە(مەدیان تێدا نیە) لەناوەڕاستی زمان دەردەچن، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەكتر یەك ڕەگەزن، ئەم پیتانە لەگەڵ پیتەكانی (ق)و (ك)و (ض)و (ل)و (ن)و (ر)و (ط)و (د)و (ت)و (س)و (ص)و (ز)و (ظ)و (ذ)و (ث) هەموویان لەیەكتر نزیكن، وهەر یەك لەم پیتانە لەگەڵ پیتی لێوەكان بە دوور ئەژمار دەكرێن.

- پیتی(ض) لەیەك لەدوو لێواری زمان(لای چەپ یان ڕاست) لەگەڵ ئەوەی لەدوای دێت لەددانەكان كەڵبە(اضراس) دەردەچێت لەناوەڕاستی لاییێكی زمان ئەوەی لەدوای ئەودێت، ئەوە لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) یان هەر پیتێكی تری دەرچوو لەناوەڕاستی زمان یان سەری زمان یان پیتی(ل) ئەوە بە نزیك لەیەكتر ئەژمار دەكرێن.

- پیتی(ل) دەردەبڕدرێت بە تەنیشتی زمان تا كۆتایەكەی.

پیتی(ل) لەگەڵ پیتی(ق) یان پیتی(ك) یان هەر پیتێكی تر لەو پیتانەی كە لەناوەڕاستی زمان یان لاییێكی زمان، یان پیتی(ض) ئەمانە هەمووی بەنزیك ئەژمار دەكرێن لەگەڵ پیتی(ل).

پیتی(ل) لەگەڵ پیتەكانی لێو بە پیتی لێك دوور ئەژمار دەكرێن.

پیتی(ل) لەگەڵ پیتی(م) بە نزیك ئەژمار دەكرێت لەسیفەت.

- پیتی(ن) لە بەشێكی لای زمان دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی(ن) كەمێك دەكەوێتە ژێر شوێنی دەرچوونی پیتی(ل) .

پیتی(ن) لەگەڵ پیتی(ق)یان پیتی(ك) بە لەیەكتر دوور سەیر دەكرێن.

پیتی(ن) له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی كه شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته ناوه‌ڕاستی زمان و پیتی(ض)و (ل) له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی كه له‌لێواری زمان ده‌رده‌چن، به نزیك ئه‌ژمار ده‌كرێت.

❖ پیتی(ر) له‌پێشه‌وه‌ی زمان(طرف اللسان) ده‌رده‌چێت، شوێنی ده‌رچوونی پیتی(ر) نزیكه له‌شوێنی ده‌رچوونی پیتی(ن) له‌كاتی ده‌ربڕینی پیتی(ر) شێوه‌ی ده‌ربڕینه‌كه زیاتر به‌ره‌و لای سه‌رووی زمان ده‌چێت.

پیتی(ن) له‌گه‌ڵ پیتی(ق)و پیتی(ك) له‌یه‌كتر دوورن، به‌ڵام به‌رامبه‌ر به پیته‌كانی ده‌رچوو له‌ناوه‌ڕاستی زمان وه‌هه‌روها پیتی(ض)و (ل)و (ن)و پیته‌كانی تری ده‌رچوو له به‌شی پێشه‌وه‌ی زمان(طرف اللسان) به نزیك ئه‌ژمارده‌كرێت.

❖ هه‌ر یه‌ك له‌پیته‌كانی(ط)و (د)و (ت) ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته به‌شی پێشه‌وه‌ی زمان(طرف اللسان) به شێویه‌ك شوێنی ده‌رچوونه‌كه‌یان زیاتر بۆ به‌شی لای سه‌ره‌وه‌ی ددانه‌كان نزیك ده‌بێته‌وه، هه‌ر یه‌ك له‌م سێ پیته(ط)و (د)و (ت) له‌گه‌ڵ یه‌كتر به‌یه‌ك ڕه‌گه‌ز سه‌یر ده‌كرێن.

پیته‌كانی(ط، د، ت) له‌گه‌ڵ (ق) یان (ك) له‌یه‌كتر دوورن.
پیتی(ط، د، ت) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان و ئه‌م پیتانه‌ی به لایه‌كی زمان ده‌رده‌بڕدرێن پیتی(ض، ل، ن، ر)و پیته‌كانی ده‌رچووی پێشه‌وه‌ی زمان به نزیك له‌یه‌كتر ئه‌ژمار ده‌كرێن.

❖ پیته‌كانی(ص، ز، س) ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته به‌شی پێشه‌وه‌ی زمان(طرف اللسان)و سه‌ره‌وه‌ی ددانه‌كانی خواروو.

هه‌ر یه‌ك له‌پیتی(ص، ز، س)و له‌گه‌ڵ یه‌كتردا یه‌ك ڕه‌گه‌زن.
ئه‌م سێ پیته(ص، ز، س) دورن له‌پیته‌كانی (ق)و (ك).

ئەم سێ پیتە(ص، ز، س) نزیكیان هەیە لەگەڵ پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت)و ئەو پیتانەی تری دەكەوێتە لای بەشێكی زمان.

❖ پیتەكانی(ظ، ذ، ث) دەرچوونیان بە پێشەوەی زمانە(طرف اللسان) كە دەكەوێتە لای ددانەكانی سەروو.
ئەم سێ پیتە(ظ، ذ، ث) لەگەڵ یەكتر یەك ڕەگەزن.
هەر یەك لەم پیتانە(ظ، ذ، ث) لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) دورن.
ئەم سێ پیتە(ظ، ذ، ث) لەگەڵ پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت، ص، ز، س) نزیكی هەیە.

❖ پیتی(ف) لەنێوان بەشی ناوەوەی لێوی خوارەوەو برِبڕەكانی سەرەوە دەردەچێت، پیتی(ف) لەگەڵ هەر پیتێك لەپیتەكانی گەرو یان هەر پیتێك لەپیتەكانی زمان بەڕەها لەیەكتر دوورن، جگە لەپیتی(ن) نەبێت لێك نزیكن لەگەڵ پیتی(ف)، پیتی(ف) لەگەڵ(و، ب، م) لەیەكتر نزیكن.

پیتی(و، ب، م) بە لێوەكان دەردەبردرێت، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەكتر یەك ڕەگەزن.
ئەم سێ پیتە(و، ب، م) بەرامبەر بە پیتەكانی گەرو(حلق)و پیتەكانی زمان لەیەكتر دوورن.
پیتی(و، ب، م)و پیتی(ف) بە نزیك لەیەكتر سەیر دەكرێن.
پیتی(م) لەگەڵ (ن)یەك ڕەگەزن لەسیفەتدا.
پیتی(و) لەگەڵ(ن) بەهەمان شێوە لەیەكتر نزیكن لەسیفەتدا.
پیتی(و)و (ی)ی لیین یەك ڕەگەزن و لەیەك چوونیان هەیە لەدەربرِیندا.

فەرمودەی زانایان:

ئەوانەی لەڕابردوو باس كران بۆ ئەو پیتانە بوون كە شوێنی دەرچوونیان دیار بوو، وشێوەی دەربڕینان زاندراوبوو.
ئەو پیتانەی كە شوێنی دەرچوونیان بە تەخمین دیاری كراوە، بریتین لەسیٚ پیتی مەد (درێژكردنەوە) ئەم سیٚ پیتە مەدە شێوەی گەیشتنیان بە پیتەكان نادیارەو باس ناكرێت.

ئەگەر پیتەكانی مەد گەیشتن بە پیتێك لەپیتەكانی زمانی عەرەبی نزیك بوونەوەیان بۆ نیە، یەك ڕەگەزنین لەگەڵ یەكتر، لێك دوركەوتنەوەشیان بەیەكەوە نیە، چونكە پیتەكانی مەد شوێنی دەربڕین و دەرچونیان نیە وەك پیتەكانی تر، بەڵكو ئەم پیتە مەدانە تەنها بە هەوای دەم و گەرو دروست دەبێت.
بەڵیٚ پیتە مەدەكان باس دەكرێن لەگەڵ هەندێك لەپیتە عەرەبیەكان كە ڕەگەزایەتیێك و هاوشێوەییێك هەیە لەسیفەتدا، بەڵاٚم نەك لەشوێنی دەرچوون.

ئەو پیتانەی هاوشێوەییان هەیە لەگەڵ پیتە مەدەكان، وەك:پیتی(و)ی جووڵەدار، لەگەڵ ئەلیف هەروەك لە وشەی(والٍ).
پیتی(و) لەگەڵ ئەلیف یەك ڕەگەزن لەسیفەتدا چونكە گشت سیفەتەكانیان وەك یەكن.
پیتی(ی)ی جووڵەدار لەگەڵ ئەلیف وەكو پیتی(و) وایە، وەك:{ٱلصِّيَامُ}، كەواتا هەردو پیتی(ی)و ئەلیف یەك ڕەگەزن لەسیفەت و دەربڕیندا.
پیتی(و)ی جووڵەدار لەگەڵ(و)ی زەنندەدار بە هاوشێوە دادەندرێن، وەك:{وُرِىَ} هەردوو پیتی(و) لەیەك ڕەگەزدان چوونكە هاوسیفەتی یەكترن.
پیتی(ی)ی جووڵەدار لەگەڵ پیتی(و)ی زەنندەدار یەك ڕەگەزن لەسیفەتدا. وەك:{يُوقِنُونَ}.

تێبینی:

پیتەکانی(ت)و (ك) یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا.

پیتەکانی(ح)و (ث)و (ه)یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا،(حثه)

پیتەکانی(ج)و (د) یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا.

پیتەکانی(م)و (ن)یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا.

پیتەکانی(و)و (ی)ی جووڵەدار لەگەڵ هەرسێ پیتی درێژکراوەکان(حروف المد) یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا.

ئەو پێنج پیتە یەکسانن لە هەمو سیفەتێکدا، وپیتە نەرمەکان(لیین)، وەك:(و)و (ی) یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا.

بەپێی قسەکانی ڕابردو دەتوانین بڵێین ئەو پیتانەی یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا یەك ڕەگەزیشن.

لەسەر ئەم پێك چونە وابڕیار دەدرێت کە هەمو ئەو پیتانەی یەکسانن لە گشت ڕوویێکەوە بە هاوڕەگەز ئەژمار بکرێن.

سەیری پاشکۆی ژمارە(1) بکە لە کۆتایی پەرتوکی بنچینە

پەیوەندی نێوان پیتەکان

- **پیتە هاووێنەکان** (متماثلین)

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان و ناوو ڕێنووسیان یەکسانە، وەك: (ن) لەگەڵ (ن).

- **پیتە لێك نزیكەكان** (متقاربين)

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان لە یەکتر نزیکە، وەك: **(ن)** لەگەڵ **(ل)**یان تەنها شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر نزیکەو سیفەتیان جیاوازە، وەك: **(ج)** لەگەڵ **(ض)**یان تەنها سیفەتیان لەیەکتر نزیکەو شوێنی دەرچوونیان جیاوازە، وەك: **(غ)** لەگەڵ **(ظ)**.

- **پیتە یەك ڕەگەزەكان** (متجانسين)

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان یەکسانەو سیفەتیان لەیەکتر جیاوازە، وەك: **(ذ)** لەگەڵ **(ظ)**یان شوێنی دەرچوونیان لە یەکتر جیاوازەو سیفەتیان یەکسانە، وەك: **(ت)** لەگەڵ **(ك)**.

چۆنیەتی
دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دوو پیت لەگەڵ یەكتر

هەركاتێك ویستمان پەیوەندی نێوان دوو پیت لەگەڵ یەكتر بزانین، پێویستە سەرەتا سەیری شوێنی دەرچوون و سیفەتیان بكەین، ئەگەر هاتوو هاووێنە بوون(متماثل) وەك پیتی(ق) لەگەڵ(ق)،(ٱلۡغَرَقُ قَالَ)، بڕیار لەسەر ئەو جۆرە پیتانە دەدەین بە هاووێنە بوون، بەڵام ئەگەر هاووێنەی یەكتر نەبوون لە شوێنی دەرچوون و سیفەتیاندا، لەو كاتەدا سەیری شوێنی دەرچوونی پیتەكان دەكەین لە ڕووی هاوشێوەییان، ئەگەر هەردوو پیتەكە هاوشێوە بوون لە شوێنی دەرچوونیان، ئەوە بڕیار دەدەین لەسەر ئەم دوو پیتە كە یەك ڕەگەزن لە ڕووی دەرچوونیان، وەك پیتەكانی(ع) لەگەڵ(ح)،(ٱلدَّمۡعِ حَزَنًا)، ئەگەر شوێنی دەرچوونی پیتەكان یەكسان نەبوون، سەیری سیفەتیان دەكرێت، ئەگەر هاوشێوەی یەكتر بوون، بە شێوەیەك كە نە لەیەكتر كەمتربوون نە لەیەكتر زیاتر بوون لە سیفەتیان، بڕیاری یەك ڕگەز بوونیان لەسەر دەدرێت لە سیفەت دا.

هەر وەك پیتەكانی(ح، ث، ه) كۆدبێتەوە لە وشەی (حثه) ئەم پیتانە بە هاوشێوەی یەكتر ناودەبردرێن و نمونەكانیان بەم شێوەیە:(يَبۡحَثُ، يُبۡعَثُ حَيًّا، فَأَصۡبَحَ هَشِيمًا، ٱللَّهَ حَقَّ، بَعَثَهُۥ، ٱللَّهِ ثُمَّ).

لە نێوان پیتی(م)و (ن) یەك ڕگەزن(يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ).

لە نێوان پیتی(ت)و (ك) یەك ڕگەزن(وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ).

لە نێوان پیتی(ج)و (د) یەك ڕگەزن(وَلَقَدۡ جَآءَكَ).

لە نێوان پیتی(و)و (ی)ی لیین یەك ڕگەزن(أَوۡ يَعۡفُوَاْ).

لە نێوان پیتی نەرم(لیین) لەلایەك لەگەڵ سێ پیتە درێژكراوەكان(حروف المد) لەلایەكی تر هاوشێوەیی هەیە(وَالٍ).

جگه له‌م پیتانه‌ی باس كران یه‌ك ڕگه‌زی نیه نه له شوێنی ده‌رچوون و نه له سیفه‌ت دا، له ڕابردوش باسمان كرد.

ئه‌گه‌ر یه‌كسان نه‌بوون له سیفه‌تدا ئه‌وا سه‌یری له یه‌كتر نزیك بوونیان ده‌كرێت له ڕووی شوێنی ده‌رچوونیان و سیفه‌تیان، ئه‌گه‌ر یه‌كسانی هه‌بوو له نێوان پیته‌كان له ڕووی شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیان هه‌ر وه‌ك له نێوان پیته‌كانی(ل)و (ر)،(قُل رَّبِّ).
نێوان پیته‌كانی(ذ)**و** (ز)،(وَإِذۡ زَيَّنَ).
نێوان پیته‌كانی(ق)**و** (ك)،(نَخۡلُقكُّم).

بڕیار ده‌درێت له‌سه‌ر ئه‌م پیتانه‌ی باس كران، به‌نزێك بوون له شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌ت دا.

ئه‌گه‌ر به‌م شێوه‌یه نه‌بوون له نێوان پیته‌كان له ڕووی شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌ت دا، ته‌نها سه‌یری شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كرێت، ئه‌گه‌ر نزیكایه‌تیه‌ك هه‌بوو له نێوان شوێنی ده‌رچوونیان، بڕیار له‌سه‌ر نزیكبوونیان ده‌درێت ته‌نها له ڕووی ده‌رچوونیان، وه‌ك: پیتی(د)**و** (ص)،(وَلَقَدۡ صَدَقَكُمُ).

ئه‌گه‌ر له یه‌كتر نزیك نه‌بوون له ڕووی شوێنی ده‌رچوون، ته‌نها سه‌یری سیفه‌تیان ده‌كرێت.

ئه‌گه‌ر نزیكایه‌تیه‌ك هه‌بوو له نێوان سیفه‌تیان، -به شێوه‌یه‌ك جیاوازیان ته‌نها له یه‌ك یان دوو سیفه‌ت هه‌بێت و زیاتر نه‌بێت- بڕیار له‌سه‌ر نزیكبوونیان ده‌درێت ته‌نها له ڕووی سیفه‌ت، هه‌روه‌ك:پیتی(و)**و** (ن)،(أَوۡ نَصَٰرَىٰ).
وه‌هه‌روها له نێوان پیتی(س)**و** (ح)،(لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ). **وه‌هه‌مزه‌و پیتی**(د)(أَدۡنَىٰ)، **په‌یوه‌ندی نزیكایه‌تی له نێوان پیته‌كاندا زۆره.**

ههر دوو پیتێك تێكههڵكێشیان ههبێت لهگهڵ یهكتر له ههر خوێندنهوهو گێڕانهوهیهك بێت و هاوڕهسمی یان یهك ڕهگهزی له نێوانیان نهبێت، به له یهكتر نزیك ههژمار دهكرێن، بهڵام ئهگهر هیچ شتێك لهوانهی ڕابردو باس كران له نێوان پیتهكاندا نهبێت، ئهوه به له یهكتر دوورو جیاواز ئهژمار دهكرێن.

كهواتا: ڕیزبهندی پهیوهندی نێوان پیتهكان ڕیزبهندیهكی دابهزینه، واتا كامهی لهپێشتره ئهو باس دهكرێت ئهوانی تر لهدوای ئهوهوه دێن، بهم شێوهی خوارهوه[1]:

1- هاووێنه له شوێنی دهرچوون و سیفهتدا.
2- یهك ڕهگهز له شوێنی دهرچوون.
3- یهك ڕهگهز له سیفهت.
4- لهیهكتر نزیك له شوێنی دهرچوون وسیفهت.
5- نزیكی له شوێنی دهرچوون.
6- نزیكی له سیفهت.
7- لهیهكتر دوور.

[1] پێشهوا خهلیجی پیتهكانی زمانی عهرهبی كردووه بهپێنج بهشی سهرهكی، لهسهر ئهوهی كه تێكههڵكێشانی بۆ دهكرێت و ئهوهشی كه تێكههڵكێشانی بۆ ناكرێت: **یهكهم**: نه تێكههڵكێش دهكرێت و نه تێكههڵكێشانی بۆ دهكرێت، ئهوهشیان سێ پیته(ههمزه، ئهلیف، خاء). **دووهم**: تێكههڵكێش ناكرێت بهڵام تێكههڵكێشانی بۆ دكرێت، ئهوهیان چوار پیته(ط، ظ، ص، ن) ناگوترێت كه پیتی(ط) تێكههڵكێش دهكرێت له پیتی(ت) له وشهكانی(أَحَطتُ، بَسَطتَ) دهبێته تێكههڵكێشی ناتهواو بههۆی مانهوهی لهسهر پیتی ئیطباقی خۆی، چونكه مهبهست پێی تێكههڵكێشی تهواوه به لابردنی پیت و سیفهتی خۆی، وهك:(ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ) له لای سوسی. **سێیهم**: تهنها تێكههڵكێش دهكرێت لهگهڵ هاووێنهی خۆی، ئهوهشیان شهش پیته(ع، غ، ف، ه، و، ی). **چوارهم**: تهنها تێكههڵكێش دهكرێت لهگهڵ هاوڕهگهزی خۆی و نزیكهكهی، ئهوهشیان پێنج پیته(ج، د، ذ، س، ض). **پێنجهم**: تێكههڵكێش دهكرێت لهگهڵ هاووێنهی خۆی و هاوڕهگهزی خۆی و نزیكهكهی، ئهوهشیان یازده پیته(ب، ت، ث، ح، ر، س، ق، ك، ل، م، ن)، سهیركه: موحهممهدی خهلیجی، (حل المشكلات وتوضيح التحريرات في القراءات) تهحقیقی كردووه: عومهری كوڕی عهبدوالقادر، (رياض، دار أضواء السلف، د.ت)، لا23. [به دهستكاریهوه]، خهلیجی هونراوهیهكی ههیه لهم بارهوه، باسمان نهكردووه بههۆی درێژكردنهوه. وێنهی خۆی و ده پیته(ب، ت، ث، ح، ر، س، ق، ك، ل، م، ن).

تێكههڵكێشانى بچووك

تێكههڵكێشانى بچووك: بريتيه له تێكههڵكێشانى پيتێكى زهننهدار به پيتێكى جووڵهدار، به شێوهيهك به هۆى ئهو تێكههڵێشانه ههردوو پيت دهكرێن به يهك پيتى شهدهدار له يهك ڕهگهز لهگهڵ پيتى دووهم.

هۆى ناونانى به بچووك

ناوى نراوه به تێكههڵكێشانى بچووك، چونكه له كاتێ تێكههڵكێشاندا تهنها پێويستى به يهك ههنگاوى بچوكه، ئهويش بريتيه له تێكههڵكێشانى پيتى يهكهم به پيتى دووهم، ئهوهشيان دهكرێت به دوو بهشى سهرهكى:

- ✓ **بهشى يهكهم: هاووێنهى بچووك:**

بريتيه له يهكسانى شوێنى دهرچوون و سيفهتدا، ئهوهش له يهك وشهو دوو وشه ڕودهدات، ئهم بابهتهش يهكسانه لهگهڵ بڕيارهكانى پێشهوا حهفص.

- ✓ **بهشى دووهم: لهيهكتر نزيك و يهك ڕهگهزى بچووك:**

لهم بابهته شوعبه ههندێ شتى زياتره له پێشهوا حهفص لهم شوێنانهى خوارهوهيه:

1- شوعبه پيتى(ن) تێكههڵكێش دهكات له پيتى(و) له ئايهتى:﴿يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ﴾[1]. وئايهتى:﴿نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾، لهڕابردو قسهمان كرد لهسهر ئهم بابهته له باسى ئهحكامى نونى ساكينهو تهنوين.

---

[1] پيتى(ى) به ئيماله خوێندراوهتهوه لهم بابهته.

2- شوعبه پیتی(ذ) تێکهەڵکێش دەکات لە پیتی(ت) لە ئایەتی:﴿ٱتَّخَذۡتُ﴾،﴿أَخَذۡتُ﴾، **لە هەردو فیعلدا لە هەر شوێنێك بێت وەك:**﴿لَئِنِ ٱتَّخَذتَّ، ثُمَّ أَخَذتُّهَا﴾.

3- شوعبه پیتی(ل) تێکهەڵکێش دەکات لە پیتی(ر) لە ئایەتی:﴿كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ﴾،[**موطەففین**:14]، **بەم شێوەیە:**﴿كَلَّاۖ بَل رَّانَ﴾، **لێرەدا دوو شوێنی تر هەیە تێکهەڵێش دەکرێت، چونکە لەسەر شێوەی فەرمان دەخوێندرێتەوە ئەوانیش:**﴿قَالَ رَبِّي﴾،[**ئەنبیاء**:4]، **و**﴿قَلَ رَبِّ﴾،[**ئەنبیاء**:112]، **بەم شێوەیە:**﴿قُل رَّبِّي ؛ قُل رَّبِّ﴾[1].

تێبینی:

شوعبه پیتی(ن) تێکهەڵکێش دەکات لە پیتی(ر) لە ئایەتی:﴿وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٍ﴾،[**قیامە**:27]، **بەم شێوەیە:**﴿وَقِيلَ مَن رَّاقٍ﴾، **بەشێوەیەك دەخوێندرێتەوە، واتە: سەکت نامینێت کەلای پێشەوا حەفص هەبو.**

[1] **وشەی(قال) بە ضەممەی پیتی(ق) دەخوێندرێتەوە، لەگەڵ لابردنی ئەلیف و زەنەدارکردنی پیتی(ل).**

باسی حەوت ئەلیفەکان

شوعبە جیاوازی هەیە لەگەڵ پێشەوا حەفص لەهەندێ وشە لەم بابەتە، بەم شێوەی خوارەوە:

- **یەکەم: شوعبە ئەلیف ی جێگیر کردووە لە باری وەستان و نەوەستاندا لەسێ وشەدا، ئەم وشانەش بریتیە لەمانەی خوارەوە:**

1- وشەی(الظُّنُونَا)، **لەئایەتی:**﴿وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا ۝١٠ هُنَالِكَ ٱبْتُلِيَ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾، [**ئەحزاب**:10].

2- وشەی(الرَّسُولَا)، **لەئایەتی:**﴿وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا ۝٦٦ وَقَالُواْ رَبَّنَآ﴾،[**ئەحزاب**:66].

3- وشەی(السَّبِيلَا)، **لەئایەتی:**﴿ فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا ۝٦٧ رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ ﴾، [**ئەحزاب**:67].

- **دووەم: شوعبە بە نەصبەی تەنوین دەخوێنێتەوە لە چوار وشەدا:**

1- وشەی:(سَلَٰسِلَاْ)، **لەئایەتی:**﴿إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغْلَٰلًا وَسَعِيرًا﴾،[**ئینسان**:4]، **شوعبە بە تەنوین دەخوێنێتەوە لەباری نەوەستاندا:**(سَلَٰسِلًا)، **لەگەڵ گۆڕینی بە ئەلیف لەباری وەستاندا:**(سَلَٰسِلا).

2- **وشه‌ی:**﴿قَوَارِيرَاْ﴾، **له‌شوێنی یه‌كه‌م له‌ئایه‌تی:**﴿وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا﴾، **[ئینسان:15]، وله‌شوێنی دووه‌م:**﴿قَوَارِيرَا مِن فِضَّةٍ﴾،**[ئینسان:16] شوعبه هه‌ردوو شوێن به‌ ته‌نوین ده‌خوێنێته‌وه‌ له‌باری نه‌وه‌ستاندا له‌گه‌ڵ گۆڕینی به‌ ئه‌لیف له‌باری وه‌ستاندا.**

3- **شوعبه وشه‌ی:**﴿ثَمُودَاْ﴾ **به‌ته‌نوینی پیتی(د) ده‌خوێنێته‌وه‌، به‌م شێوه‌یه**﴿ثَمُودَا﴾، **له‌باری وه‌ستاندا ده‌یكات به‌ئه‌لیف له‌ سێ شوێندا:**

أ- ﴿ أَلَا إِنَّ ثَمُودَا كَفَرُواْ رَبَّهُمْ ﴾،**[هود:68].**

ب- ﴿ وَعَادًا وَثَمُودَا وَأَصْحَٰبَ ٱلرَّسِّ ﴾،**[فورقان:38].**

ت- ﴿ وَعَادًا وَثَمُودَا وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم ﴾،**[عه‌نكه‌بوت:38].**

ث- ﴿وَثَمُودَا فَمَآ أَبْقَىٰ ﴾،**[نه‌جم:51]، شوعبه بێ ته‌نیون ده‌خوێنێته‌وه‌ وه‌ك حه‌فص ته‌نها له‌م شوێنه‌دا.**

بابەتی فەتح و ئیمالە

مەبەست لە لارکردنەوە (ئیمالە) خوێندنەوە لە نێوان دوو جووڵە یان خوێندنەوە لە نێوان دوو پیت دا، بۆ نمونە خوێندنەوەی فەتحە بەلای کەسرە یان خوێندنەوەی ئەلیف بەلای پیتی (ی) بە شێوەیەك لە بنچینەدا فەتحەدارە بەڵام بە لایەنی کەسرەدا دەخوێندرێتەوە.

بەشێکی زۆر لە هۆزەکانی عەرەب، لارکردنەوەیان هەیە لە خوێندنەوەدا، وەك خوێندنەوەیان لە نێوان فەتحەدار کردن و کەسرەدار کردن، ئەم جۆرە خوێندنەوە شتێکی بەربڵاوە لە لای خەڵکی نەجد، وەك: هۆزەکانی (بەنی تەمیم، بەنی ئەسەد، قەیس و ئەوانی تر)

هەندێك لە هۆزەکانی عەرەب ئاخاوتنیان دەکەوێتە سەر فەتحەدارکردنی وشە، وەك: خەڵکی حیجاز، لە قورەیشیەکان و هەوازن و ثەقیف و کینانە.

مەبەست لە وشەی کردنەوە (فەتح) ئەوەیە کە خوێنەر دەمی خۆی بکاتەوە لە کاتی دەربڕینی پیتەکە.

لارکردنەوە لە زمانی عەرەبی: واتە لارکردن و خوارکردنەوە، یان لادان لە شتێك و ڕووکردنە شتێکی تر.

لارکردنەوە لای زانایان: بریتیە لە لادان لە فەتحەوە بەرەو کەسرە، ولە ئەلیفەوە بۆ پیتی (ی).

لاركردنهوه: دهكرێت به دوو بهش[1]:

- **لاركردنهوهی گهوره** (إمالة كبرى) بریتیه له خوێندنهوهی ئهلیف له نێوان دوو پیتهكانی ئهلیف و یاء دا، وپێشی دهگوترێت(–ئیضجاع - زێده ڕهوی له لاركردنهوه به خوێندنهوهیهك نیوه بهنیوه) ههر ئهوهش مهبهسته ئهگهر تهنها وشهی (ئیماله) به كار هات. (له كاتی به كار هێنانی زاراوهی ئیماله به تهنها، ئیمالهی گهوره دهگرێتهوه).

لاركردنهوهی بچووك (إمالة صغرى) بریتیه له دهربڕینی پیت له نێوان كردنهوه (فتح) و ئیماله. واته له نێوان كردنهوهو ئیماله دایه، ههروها لاركردنهوهی فهتحهدار بهرهو كهسره، ودهتوانین بلێین دهرچوونه له فهتحهداری بهرهو كهسهره، لهگهڵ هێشتنهوهی دهم له شێوه ئاساییهكی خۆی، واتا بیٚ لادانێكی تهواو له فهتحهوه بۆ كهسره، وهپێشی

---

[1] هۆكاری ئیماله ههشتن:

1/ بوونی كهسهره له پێش وشه یان له دوای وشه، وهك ههر یهك له وشهكانی: (الناس، النار، الربا، كلاهما، مشكاة)

2/ كهسرهیهكی پهیداكراو له ههندێك كات دا وهك: (طاب، جاء، شاء، زاد) چونكه لهم وشانهدا پیتی(ف) كهسهردار دهكرێت له كاتی لكاندن به راناوی ڕهفعهدار (مهرفوع).

3/ بوونی پیتی(ی) له وشهدا، وهك: (لا ضير) سوك خوێندنهوه لهم وشهدا به ئیماله دادهندریت (لاركردنهوه)

4/ یان وهرگێڕان و قهلب كردن، وهك: (رمى)

5/ یان لێكچوون به وهرگهڕان، وهك: ئهو پیته ئهلیفهی بۆ میٚ به كاردێت.

6/ یان پێچونێك به پێچواندنی گۆڕینی پیتی(ی) بێت، وهك: موسى، عیسى.

7/ یان ئهوهی دهبێته نزیك له ئیماله (لاركردنهوه) ناودهبردرێت (ئیماله) له پێناو (ئیماله) (لاركردنهوه) وهك وشهی: (تراءى) مهبهست پێی پیتی ئهلیفی یهكهمه، وبهههمان شێوه پیتی(ن) له وشهكانی: (نأى، وراء، رأى)

8/ یان پیتی ئهلیف لهسهر شێوهی (ی) نوسرابێت، ههرچهنده له بنچینهدا پیتی(و) وهك: (ضحى)

ئهوانهی باس كران ههموویان دهگهڕێنهوه سهر دوو شت: (كهسهر) و (ی) سهیركه: عهلی كوڕی موحهممهد ضهباع، الاضاءة في بيان أصول القراءة، (قاهیره، نوسینگهی ئهزههریه بۆ كهلتور، ساڵی 1420ی كۆچی، لاپهره29.

دەگوترێت: كەم بوون (التقليل)، یان لە لاركردنەوەی (بچوك)، واتا خوێندنەوە لە نێوان ئەلیف و ئیمالەی گەورە واتا خوێندنەوەی تەواو لە نێوان دوو پیت دا.

زمان بەرزدەبێتەوە بەكردنەوەی دەم لاردەبێت بە(ئیماله)[1]. خوێندنەوە بە لاركردنەوە سووك ترە لەسەر زمان لە بەرزكردنەوە، هەر بۆیە لاركردنەوە دەكەن، ئەوەی كردنەوە دەكات بۆچوونی وایە كە كردنەوە پەسندەو ئەو بنچینەیە.


ئەو فەرموودەی [2]. پێشەوا ئیبن جەزەری (ڕەزای خوای لەسەر بێت) باسی دەكات لە پەرتووكەكەی خۆی بەناوی (النشر) پالپشتیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ عەبدوللەی كوڕی مەسعود (ﷺ) كاتێك پیاوێك سوڕەتی (طه)ی لە لا دەخوێندو كەسرەداری نەكرد (واتا لاركردنەوەی نەكرد) بۆ پیتە پچراوەكانی سەرەتای سوڕەتەكە، ئیبن مەسعود (ﷺ) خوێندیەوە ﴿طه﴾، واتا لاركردنەوەی ئەنجام دا سێ كەڕەت، پاشان سوێندی خواردو فەرمووی بەم شێوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمەی فێر كردووە.

زانایانی زمانەوانی ڕاوبۆچونی جیاوازیان هەیە لەسەر (فتح) كردنەوە (ئیماله)و لاركردنەوە ، ئایە كامەیان بنچینەیە؟ بۆچوونی بە هێز ئەوەیە كە (فتح) كردنەوە ڕاسترە لە (ئیماله) چونكە ئیماله پێویستی بە هۆكارێكە بە پێچەوانەی كردنەوە پێویستی بە هۆكار نیە، (ئیماله) لاركردنەوە لقێكە لە كردنەوە، ئیبن القاصح لە شەرحەكەی لەسەر كتێبی (حرز الامانی) دەفەرموێت: ئەوەی لاركردنەوەی بۆ دەكرێت، كردنەوەشی بۆ دەكرێت، بەڵام ئەوەی كردنەوەی بۆ دەكرێت مەرج نیە لاركردنەوەی بۆ بكرێت.

---

[1] لەكاتی ئیمالە كردن بە ئەلیفی(طغى)، زمان بەرز دەبێتەوە، بەڵام كەمێك لاردەبێت كە بە فەتح بخوێندرێتەوە لە لای حەفص و هاوڕاكانی.

[2] فەرموودەیەكی غەریبە.




مەبەست لە لاركردنەوە یان كەم كردنەوە: ڕاگەیاندنە تا بزاندرێت بنچینەی ئەلیف پیتی یائە، یان ئاگاداركردنەوەیە لەسەر وەرگەڕانی بۆ پیتی (ی) لە شوێنێكی دیاریكراودا، یان دیاری كردنی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو كەسرەی كە نزیكیەتی.

مەزهەبی
شوعبە لە ئیمالەی گەورە

شوعبە ئیمالەی پیتی(ر)و هەمزە دەکات لە فیعلی:(رَأَىٰ) **ئەگەر بکەوێتە پێش جووڵەدارێکی نەلکاو، وەك:**(رَءَا كَوۡكَبٗاۖ، رَءَآ أَيۡدِيَهُمۡ، رَءَا بُرۡهَٰنَ، رَءَا قَمِيصَهُۥ) **یان فیعلەکە لکاو بو بە ڕاناو، وەك:**(أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ، رَءَاهُ مُسۡتَقِرًّا، رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ، رَءَاهَا تَهۡتَزُّ، رَءَاكَ ٱلَّذِينَ، فَرَءَاهُ حَسَنٗاۖ)، **بەڵام ئەگەر زەننەدارێك لەدوای هات ئەوە دوو باری هەیە:**

✓ **یەکەم: دەبێت زەننەدارەکە لکاو بێت بەو، وەك:**(رَأَتۡهُم، رَأَوۡكَ، رَأَوۡهُمۡ، رَأَتۡهُ) **لێرەدا شوعبە فەتحەداری دەکات لەباری وەستان و نەوەستاندا.**

✓ **دووەم: دەبێت زەننەدارەکە نەلکاو بێت بەو، وەك:** (رَءَا ٱلشَّمۡسَ، رَءَا ٱلۡقَمَرَ، رَءَا ٱلَّذِينَ) **لێرەدا شوعبە پیتی(ر)و هەمزە ئیمالە دەکات تەنها لە باری وەستاندا، وئیمالەیان دەکات لە باری نەوەستاندا بەمەبەستی ڕزگاربون لە گەیشتنە دوو زەننە.**



شوعبه ئیمالهی پیتهكانی(حي طهر) دهكات له پیتهكانی سهرهتای سوڕهته دهستپێكهكان وهك﴿الٓر﴾،﴿كٓهيعٓصٓ﴾.

مه‌زهه‌بی شوعبه
ده‌رباره‌ی ئیماله‌ی وشه تایبه‌ته‌كان

1- **شوعبه وشه‌ی:**﴿رَمَىٰ﴾ **ئیماله ده‌كات له ئایه‌تی:**﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ وَلِيُبْلِيَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾،[**ئه‌نفال**:17].

2- **شوعبه وشه‌ی:**﴿هَارٍ﴾ **ئیماله ده‌كات له ئایه‌تی:**﴿عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَٱنْهَارَ بِهِۦ﴾،[**ته‌وبه**:109]، **لاوازكردنی پیتی(ر) ده‌رده‌كه‌وێت به‌ڕه‌ها**.

3- **شوعبه پیتی(ر) ئیماله ده‌كات له وشه‌ی:**﴿رَانَ﴾ **ئیماله ده‌كات له ئایه‌تی:**﴿ كَلَّاۖ بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم﴾،[موطه‌**فیفین**:14][1]، **لاوازكردنی پیتی(ر) ده‌رده‌كه‌وێت**.

4- **شوعبه وشه‌ی:**﴿أَعْمَىٰ﴾ **ئیماله ده‌كات له ئایه‌تی:**﴿وَمَن كَانَ فِي هَٰذِهِۦٓ أَعْمَىٰ فَهُوَ فِي ٱلْآخِرَةِ أَعْمَىٰ وَأَضَلُّ سَبِيلًا﴾،[**ئیسڕاء**:72].

5- **شوعبه وشه‌ی:**﴿سُوًى﴾ **له‌باری وه‌ستاندا ئیماله ده‌كات له ئایه‌تی:**﴿مَوْعِدًا لَّا نُخْلِفُهُۥ نَحْنُ وَلَآ أَنتَ مَكَانًا سُوًى﴾،[طه:58].

6- **شوعبه وشه‌ی:**﴿سُدًى﴾ **له‌باری وه‌ستاندا ئیماله ده‌كات له ئایه‌تی:**﴿أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى﴾،[**قیامه**:36].

---

(1) **بێ سه‌كتی ناشاردرێته‌وه له تێكهه‌ڵكێشان.**

7- شوعبه هه‌مزه ئیماله ده‌كات له وشه‌ی:﴿وَنَـَٔا﴾ **له‌ئایه‌تی:**﴿أَعۡرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ﴾،[**ئیسڕاء**:83]، **ده‌رباره‌ی ئایه‌تی:**﴿أَعۡرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ﴾،[**فوصیلّه‌ت**:51]، **ئیماله‌ی تێدا نیه.**

8- شوعبه پیتی(ر) **ئیماله ده‌كات له وشه‌ی:**(أَدۡرَىٰكَ، أَدۡرَىٰكُم) **به‌هه‌رشێوه‌یه‌ك هاتبێت.**

تێبینی:

پێشه‌وا شوعبه ده‌رباره‌ی وشه‌ی:﴿مَجۡرِىٰهَا﴾،[**هود**:41]، **به‌ضه‌ممه‌داركردنی پیتی**(م)**و فه‌تحه‌ی پیتی**(ر) **ده‌خوێنێته‌وه بیّ ئیماله به‌م شێوه‌یه:**﴿مُجۡرَىٰهَا﴾.

بابەتی یائی دانەپاڵ

یائی دانەپاڵ (ئیضافە):- **ئەو پیتە یائەیە عەڕەب بەکاری دێنن بۆ دەربڕینی کەسی قسەکەری تاك وەك:** ﴿ بِكِتَابِي ﴾، **پیتی یائی دانەپاڵ لە دروست بوونی وشە (لە بنچینەی وشەکەدا پیتی یائی پێوە نیە بەڵام بۆی زیاد کراوە) بە وشەی (زیادە) ئەو پیتە یائە ناگرێتەوە کە زیادە نیە و بنچینەی خۆیەتی وەك:**(يَهْدِي ، سَوَاءٍ)، **بە وشەی (تاك) ئەو پیتە یائە دەرچوو کە بۆ تاك بەکار نەهاتووە وەك:** ﴿ حَاضِرِي ﴾ **پیتی (ی) لەم وشەدا بۆ جەمعی موزەکەری سالم بە کار هاتووە نەك بۆ تاك (مفرد)بە وشەی (قسەکەر) ئەو پیتە یائە ناگرێتەوە کە بۆ کەسی دووەم** (مخاطب) **بە کارهاتووە وەك:** ﴿ فَكُلِي وَٱشْرَبِي ﴾.

یائی دانەپاڵ: دەچێتە سەر ناو (اسم) **وکار (فعل) وپیت (حرف) وەك:**
(سَبِيلِي، ذَرُونِي، فَإِنِّي).

ئەگەر (ی)ی دانەپاڵ چووە سەر فرمان (فعل) دەبێتە بەرکار (مفعول به)، وەك:
﴿ أَوْزِعْنِي ﴾ **سورەتی نەمل ، ئایەتی**19.

وئەگەر یائی دانەپاڵ لەگەڵ ناو بوو دەبێتە مەجرور، وەك: ﴿ ذِكْرِي ﴾ **سورەتی** طه. **ئایەتی**14.

یائی دانەپاڵ لەگەڵ پیت دەبێتە مەجروری شوێنی، بەڵام دەبێتە مەنصوبی شوێنی ئەگەر لەگەڵ (إنَّ) خوشکەکانی هات (إنَّ واخواتها) نمونەی پیتی (ی)ی دانەپاڵ ی لکاو بە پیت، جەڕەی وەرگرتبێت، وەك: ﴿ وَلِيَ دِينِ ﴾ **سورەتی کافرون، ئایەتی**6.

نمونەی پیتی (ی)ی دانەپاڵ ی لکاو بە پیت لەگەڵ (إنَّ) خوشکەکانی، نەصبەی وەرگرتبێت، وەك: ﴿ إِنِّيَ أَخَافُ ﴾ **سورەتی ئەنعام، ئایەتی**15.

نیشانەی یائی دانەپاڵ ئەوەیە بتواندرێت پیتی (ك)یان پیتی (ه) بخرێتە شوێنی، وەك: (فَطَرَنِي) دەبێتە فطرك و فطره.

عەرەب یائی دانەپاڵ زەنەدار دەكات وهەندێ جار فەتحەداری دەكات.
گوتراوە زەنەدار كردنی پیتی (ی)ی دانەپاڵ بنچینەیە، چونكە خۆی مەبنیە (نەگۆڕە لە جووڵەدا) بنچینەی مەبنی (نەگۆڕ لە جووڵەدا) زەنەداریە.
یائی دانەپاڵ لە زۆربەی شوێندا لە قورئانی پیرۆز بە زەنەداری هاتووە.
هەندێك دەڵێن فەتحەداركردنی یائی دانەپاڵ بنچینەی دووەمە، واتا فەتحەداری بنچینەیەو زەنەداریشی بەهەمان شێوە بنچینەیە، چونكە یائەكە ناوە، ئەو ناوەی كە دەبێتە پیت ڕەفعە وەرناگرێت بەهێز دەبێت بە جووڵەو حەرەكە، فەتحەداركردن بۆ سوك كردنە، بەڵام بۆچوونی یەكەم بەهێزترە.


لە قورئانی پیرۆز پیتی (ی)ی دانەپاڵ 876 جار هاتووە، دابەش دەبێت بەسەر سێ بەش، بەم شێوەی خوارەوە:-

أ- پیتی (ی)ی دانەپاڵ قوڕائەكان یەك دەنگن لەسەری كە زەنەدار دەكرێت ئەوەشیان زۆر ترینە، وەك: ﴿ إِنِّي جَاعِلٌ﴾ لە سوڕەتی بەقەڕە، ئایەتی30، كۆی گشتی (ی)ی دانەپاڵ بەم شێوە دەگاتە 566 یاء.

ب- پیتی (ی)ی دانەپاڵ قوڕائەكان یەك دەنگن لەسەری كە فەتحەدار دەكرێت، وەك: (بَلَغَنِيَ ٱلۡكِبَرُ) لە سوڕەتی ئالی عیمڕان، ئایەتی40، كۆی گشتی (ی)ی دانەپاڵ بەم شێوە دەگاتە 98 پیتی یاء.

ت- پیتی (ی)ی دانەپاڵ قوڕائەكان بۆچوونی جیایان هەیە لەسەری، ئایە فەتحەدار دەكرێت یان زەنەدار، كۆی گشتی (ی)ی دانەپاڵ بەم شێوە دەگاتە 212 پیتی یاء، ئەوەش لەسەر شەش بەش دەبێت بۆ ئەوەی لە دوای خۆی دێت.

جۆرەکانی یائی دانەپاڵ



مەزهەبی
شوعبە لەسەر یائی دانەپاڵ

شوعبە لە هەندێك شوێن دا پیتی یائێكی دانەپاڵ فەتحەدار دەكات ولە هەندێك شوێن دا زەننەداری دەكات، وپێچەوانەی پێشەوا حەفص دەكات لە هەندێ شوێندا بەم شێوەیە:

1 فەتحە:

شوعبە پیتی(ی) فەتحەدار دەكات لەباری نەوەستاندا، لەم دوو وشەدا:

1- **وشەی:**﴿عَهۡدِيَ﴾ **لە ئایەتی:**﴿قَالَ لَا يَنَالُ عَهۡدِيَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾،[**بەقەرە**:124].

2- **وشەی:**﴿بَعۡدِيَ﴾ **لە ئایەتی:**﴿وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِيَ ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُۖ﴾،[**صەف**:6].

2 زەننە:

شوعبە پیتی(ی) زەننەدار دەكات لەباری نەوەستاندا، لەم وشانەی خوارەوە:[1].

1- **وشەی:**﴿بَيۡتِيَ﴾ **لە سێ شوێندا بەم شێوەیە:**[**بەقەرە**:125]،[**حەج**:26] **وئایەتی:**﴿وَلِمَن دَخَلَ بَيۡتِيَ مُؤۡمِنٗا﴾،[**نوح**:28].

2- **وشەی:**﴿وَجۡهِيَ﴾**لە دوو شوێندا بەم شێوەیە:**[**ئالی عیمران**:20] **وئایەتی:**﴿إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ﴾،[**ئەنعام**:79].

---

[1] **لەگەڵ ئاگادار بوون لە درێژكردنەوەی لكاو ئەگەر لە دوای پیتی(ی) هەمزە هات.**

3- **وشەی:**﴿يَدِيَ﴾ **لەئایەتی:**﴿مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَۖ﴾،[**مائیده**:28]، **بەڵام جگە لەمە لەم وشەدا ئەوە هاوڕایە لەگەڵ پێشەوا حەفص.**

4- **وشەی:**﴿وَأُمِّيَ﴾ **لەئایەتی:**﴿وَإِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ءَأَنتَ قُلۡتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيۡنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ﴾،[**مائیده**:116].

5- **وشەی:**﴿مَّعِيَ﴾ **له یازده شوێندا بەم شێوەیە:** [**ئەعراف**:105]، [**تەوبە**:83]، [**کەهف**:67 + 72 + 75]، [**ئەنبیاء**:24]، [**شوعەرا**:62+118]، [**قەصەص**:34]، **ولەئایەتی:**﴿قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَهۡلَكَنِيَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِيَ أَوۡ رَحِمَنَا فَمَن يُجِيرُ ٱلۡكَٰفِرِينَ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ﴾،[**مولك**:28].

6- **وشەی:**﴿أَجۡرِيَ﴾ **له نۆ شوێندا بەم شێوەیە:**[**یونس**:72]،[**هود**:29 + 51]،[**شوعەرا**:109 + 127 + 145 + 164 + 180] **ولەئایەتی:**﴿إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۖ﴾ ،[**سەبەء**:47].

7- **وشەی:**﴿وَلِيَ﴾ **له پێنج شوێندا بەم شێوەیە:**[**ئیبراهیم**:22]،[**طه**:18]،[**ص**:23 + 69]، **وئایەتی:**﴿لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ﴾،[**کافرون**:6]. **جگە لەم شوێنانە هاوڕایە لەگەڵ پێشەوا حەفص.**

3 جێگیرکردن:

پێشەوا شوعبە پیتی(ی)ی زیادە جێگیر دەکات بە ڕەها بە فەتحە لە باری نەوەستاندا، وزەننەداری دەکات لە باری وەستاندا لە وشەی:﴿يَٰعِبَادِ﴾ **لە ئایەتی:**﴿يَٰعِبَادِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ﴾،[**زوخرووف**:68]. **ئەم پیتە یائە وێنە کێشراوە لە ڕێنووسی خەڵکی مەدینەو حیجاز ودەخوێندرێتەوە، بەڵام لە ڕێنووسی خەڵکی عێراق ئەم پیتە(ی) دەخوێندرێتەوە.**

بابەتی یائەکانی زیادە

یائی زیادە: هەموو یائێکی کۆتاییە کە دەکەوێتە کۆتایی وشە، دەخوێندرێتەوەو زیادە لە ڕێنووسی قورئانی پیرۆزدا.

یائی زیادە یان دەبێت (لام)و الفیعل بێت، یان دەبێت یائی قسەکاربێت (یاء المتكلم).

یائی زیادە دەچێتە سەر ناو(اسم) ودەچێتە سەر کار (فعل) بەڵام ناچێتە سەر پیت (حرف) وەك: ﴿ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي ﴾[1].

یائی زیادە بە پیتێکی زێدە ئەژمار دەکرێت لای ئەوانەی کە جێگیریان کردووە (واتا دەیخوێننەوە)، بەڵام ئەوانەی جێگیری ناکەن(واتا نایخوێننەوە) بە زیادی دانانێن.

پێشەوا شاطبی ئاماژەی بە (ی)ی زیادە کردووە لەم هونراوە:

وَدُونَكَ يَاءَاتٍ تُسَمّى زَوَائِدَا   لأَنْ كُنَّ عَنْ خَطِّ المَصَاحِفِ مَعْزِلاَ

(ی)ی زیادە دەکەوێتە کۆتایی وشە بەڵام نانوسرێت و لکاو ناکرێت بە وشە، بەڵکو تەنها دەکەوێتە کۆتایی وشە بەڵام پێوە نالکێندرێت.

[1] پیتی(ی)ی زیادە جێگیر بووە لە دوو وشە، بە ڕەهایی هاتووە لە لای یەعقوب، نەوەستان (وەصل)ی بۆکراوە لای وەرش و باوکی عەمر و باوکی جەعفەر و قالون لە یەك لە شێوەکاندا.

بەشەکانی یائی زیادە

یائی زیادە دوو جۆری سەرەکی هەیە:

1- **ئەو پیتە یائەی زیادە لەسەر وشە، وەك:**(نَكِيرِ، وَعِيدِ، أَكۡرَمَنِ).

2- **ئەو پیتە یائەی دەبێتە بنچینەی بنەرەتی خۆی، وەك:**(ٱلۡمُنَادِ، يَسۡرِ).

لەباری نەوەستاندا دەخوێندرێتەوە لای ئەوانەی دەینوسن، بەڵام لەباری وەستاندا لادەبردرێت.

حوکمی
یائەکانی زیادە لای شوعبە

شوعبە پیتی(ی)ی زیادە لادەبات لەوشەی﴿ءَاتَىٰنِۦَ﴾ **بەڕەها لەئایەتی:**﴿ فَمَآ ءَاتَىٰنِ ٱللَّهُ خَيۡرٞ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُمۚ ﴾،[**نەمل**:36].

خوێندنەوەی پیتی(ی)ی زیادە لەباری نەوەستاندا دوو هۆکاری هەیە:
أ- شوێن کەوتنی ئەو گواستنەوەی لە شێخەکانەوە بۆمان هاتووە بەپاڵ پشتی لە پێغەمبەری خودا(ﷺ)، کە بریتیە لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە یائە.

ب- شوێن کەوتنی بنچینەی خۆی، چونکە بنچینەی پیتی(ی)ی زیادە خوێندنەوەیە، بەڵام بەهۆی ئاسانکردن یان دامەزراندنی لابردراوە.

جیاوازیەكانی
نێوان یائی زیادەو یائی دانەپاڵ

دەتواندرێت جیاوازیەكان دیاری بكەین لە نێوان پیتی(ی)ی زیادەو پیتی(ی)ی دانەپاڵ لەم خاڵانەی خوارەوە:-

أ- پیتی(ی)ی زیادە تەنها دەچێتە سەر (ناو، كار) بەڵام پیتی(ی)ی دانەپاڵ دەچێتە سەر (ناو، كار، پیت).

ب- پیتی(ی)ی زیادە لابردراوە لە نوسینی قورئانی پیرۆز، بەڵام پیتی(ی)ی دانەپاڵ نوسراوە لە قورئانی پیرۆز.

ت- پیتی(ی)ی زیادە دەبێتە بنچینەو دەبێتە زیادە، ودێتە شوێنی لامو لفیعل، بەڵام پیتی(ی)ی دانە پاڵ دەبێتە زیادە لەسەر وشە، بەڵام نابێتە بنچینە بۆی، بەڵكو وەك پیتی(ه)و پیتی(ك)ی ڕاناو وایە بۆی.

بۆچوونی جیاواز لەسەر پیتی(ی)ی زیادە لەسەر لابردن و جێگیركردن هەیە، بەڵام بۆچوونی جیاواز لەسەر پیتی(ی)ی دانەپاڵ لەسەر فەتحەداركردن و زەنندەداركردنە.

ئه‌و وشانه‌ی جیاكراونه‌ته‌وه
پێشه‌وا شوعبه جیاوازی هه‌یه له‌گه‌ڵ حه‌فص

1- شوعبه وشه‌ی:﴿رَءُوف﴾ له هه‌ر شوێنێك بێت به لابردنی پیتی(و) ده‌خوێنێته‌وه بێ درێژكردنه‌وه، به‌م شێوه‌یه:﴿رَؤُف﴾.

2- شوعبه وشه‌ی:﴿بُيُوتَ﴾، به‌كه‌سره‌ی پیتی(ب) ده‌خوێنێته‌وه، جیاوازیشی نیه ئایه ناسراوه یان نه‌ناسراو، به‌م شێوه‌یه:﴿بِيُوتَ﴾.

3- شوعبه وشه‌ی:﴿رِضْوَانٍ﴾، به‌ضه‌ممه‌ی پیتی(ر) ده‌خوێنێته‌وه، له‌هه‌ر شوێنێك بێت، ته‌نها به جیاكردنه‌وه‌ی یه‌ك شوێن نه‌بێت ئه‌ویش،[مائیده:16]، به‌كه‌سره‌ی پیتی(ر) ده‌خوێنێته‌وه وه‌ك حه‌فص.

4- شوعبه وشه‌ی:﴿تَذَكَّرُونَ﴾[1]، به شه‌دده‌داركردنی پیتی(ذ) ده‌خوێنێته‌وه، ئه‌وه‌ی كه به‌پیتی(ت) ده‌ست پێده‌كات، به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك هاتبێت، به‌م شێوه‌یه:﴿تَذَّكَّرُونَ﴾[2].

5- شوعبه وشه‌ی:﴿خُطُوَاتِ﴾، به زه‌ننه‌ی پیتی(ط) ده‌خوێنێته‌وه، له هه‌ر پێنج شوێنیدا، به‌م شێوه‌یه:﴿خُطْوَاتِ﴾.

---

(1) جگه ئایه‌تی:{وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ}،[موده‌ثیر:56]. چونكه بنچینه‌ی وشه‌كه(یذْكرونَ).

(2) ئه‌گه‌ر پیتێك بۆ ئه‌م وشه زیاد بكرێت ئه‌وه ئه‌م یاسایه نایگرێته‌وه، ئه‌وه‌ش وه‌ك(يَتَذَكَّرُونَ)،[به‌قه‌ره:221].

6- شوعبه وشهی:﴿عُيُونٍ﴾، به كهسرهی پیتی(ع) دهخوێنێتهوه، جیاوازیشی نیه ئایه ناسراوه یان نهناسراو، بهم شێوهیه:﴿وَعِيُونٍ﴾.

7- شوعبه وشهی:﴿ٱلْغُيُوبِ﴾ بهكهسرهی پیتی(غ) دهخوێنێتهوه، بهههر شێوهیهك هاتبێت، بهم شێوهیه:﴿ٱلْغِيُوبِ﴾.

8- شوعبه وشهی:﴿سَدًّا﴾، بهضـهممهی پیتی(س) دهخوێنێتهوه، جیاوازیشی نیه ئایه ناسراوه یان نهناسراو، بهم شێوهیه:﴿سُدًّا﴾.

9- شوعبه وشهی:﴿مِتُّ﴾، بهضـهممهی پیتی(م) دهخوێنێتهوه، بهههر شێوهیهك هاتبێت، بهم شێوهیه:﴿مُتُّ﴾.

10- شوعبه وشهی:﴿جُزْءٍ﴾، بهضـهممهی پیتی(ز) دهخوێنێتهوه، بهههر شێوهیهك هاتبێت، بهم شێوهیه:﴿جُزُءٍ﴾.

11- شوعبه وشهی:﴿يَٰبُنَيَّ﴾، بهكهسرهی پیتی(ی) دهخوێنێتهوه، بهههر شێوهیهك هاتبێت، بهم شێوهیه:﴿يَٰبُنَيِّ﴾، تهنها به جیاكردنهوهی یهك شوێن نهبێت ئهویش،[هود:42]. بهفهتحهی پیتی(ی) دهخوێنێتهوه وهك حهفص.

12- شوعبه وشهی:﴿مُّبَيِّنَةٍ﴾، بهفهتحهی پیتی(ی) دهخوێنێتهوه، بهههر شێوهیهك هاتبێت، بهم شێوهیه:﴿مُّبَيَّنَةٍ﴾.

13- شوعبه وشهی:﴿وَيَبْصُۜطُ﴾،[بهقهره:245]. تهنها بهپیتی(ص) دهخوێنێتهوه، لهسێ وێن:﴿بَصْۜطَةً﴾، [ئهعراف:69]، ﴿ٱلْمُصَيْۜطِرُونَ﴾، [طور:37]، ﴿بِمُصَيْطِرٍ﴾،[غاشیه:22].

14- شوعبه وشه‌ی:﴿ ٱلۡمَيِّت، مَّيِّت﴾، به‌لابردنی شه‌دده‌و زه‌نه‌ی پیتی(ی) ده‌خوێنێته‌وه، به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك هاتبێت، ته‌نها به‌ جیاكردنه‌وه‌ی دوو شوێن نه‌بێت ئه‌وانیش:﴿إِنَّكَ مَيِّتٞ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ﴾،[ئیبراهیم:17]و [زومه‌ر:30]، وه‌ك حه‌فص ده‌خوێنێته‌وه.

15- شوعبه وشه‌ی:﴿نِعِمَّا﴾،[به‌قه‌ره:271]و [نیساء:58]، به‌دوو شێوه‌ ده‌خوێنێته‌وه، یه‌كه‌م: به‌ ئیختیلاسی كه‌سره‌ی پیتی(ع)، دووه‌م: زه‌نه‌داركردنی پیتی(ع) به‌م شێوه‌یه:﴿نِعِـمَّا ؛ نِعۡمَّا﴾.

16- شوعبه ئایه‌تی:﴿قَدۡ بَلَغۡتَ مِن لَّدُنِّي عُذۡرٗا﴾،[كه‌هف:76]، به‌ ئیختیلاس ده‌خوێنێته‌وه، به‌م شێوه‌یه:﴿مِن لَّدُنِي عُذۡرٗا﴾[1].

17- شوعبه وشه‌ی:﴿لَدُن﴾، به‌ ئیشمام ده‌خوێنێته‌وه، له‌ ئایه‌تی:﴿لِّيُنذِرَ بَأۡسٗا شَدِيدٗا مِّن لَّدُنۡهُ وَيُبَشِّرَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾،[كه‌هف:2]و ئایه‌تی:﴿قَدۡ بَلَغۡتَ مِن لَّدُنِّي عُذۡرٗا﴾،[كه‌هف:76]، به‌م شێوه‌یه:﴿مِّن لَّدۡنِهِۦ وَيُبَشِّرَ﴾[2]، و﴿مِن لَّدۡنِي عُذۡرٗا﴾[3]. جه‌عبه‌ری ده‌فه‌رموێت: ئیشمام ڕونادات له‌دوای پیتی(د)، به‌ڵكو له‌گه‌ڵی ڕووده‌دا له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ بنچینه‌ی خۆی ضه‌ممه‌یه‌ وزه‌نه‌داركراوه‌ به‌مه‌به‌ستی ئاسانكردن.

سه‌یری پاشكۆی ژماره (2) بكه

---

[1] وشه‌ی:(لَّدُنِّي) به‌لابردنی شه‌دده‌ی پیتی(ن) ده‌خوێنێته‌وه، وپیتی(د) دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه: یه‌كه‌م: ئیختیلاس به‌ ضه‌ممه، دووه‌م: زه‌نه‌داركردنی، له‌گه‌ڵ ئیشمام، قسه‌ی له‌سه‌ر ده‌كه‌ین له‌بڕگه‌ی داهاتو ان شاء الله.

[2] وشه‌ی:(لَّدُنۡهُ) به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(د) ده‌خوێنێته‌وه له‌گه‌ڵ ئیشمام و كه‌سره‌ی پیتی(ن)و پیتی(هـ)، له‌باری نه‌وه‌ستاندا: به‌شوێن كه‌وتنی هائی كینایه‌ ده‌خوێندرێته‌وه له‌ پیتی(ی)ی گوتراو.

[3] وشه‌ی:(لَّدُنِّي) به‌لابردنی شه‌دده‌ی پیتی(ن) ده‌خوێنێته‌وه، وپیتی(د) دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه: یه‌كه‌م: ئیختیلاس به‌ ضه‌ممه، دووه‌م: زه‌نه‌داركردنی، له‌گه‌ڵ ئیشمام، ئه‌مه‌ش قسه‌ی له‌سه‌ر كرا له‌بابه‌تی ئیختیلاس له‌بڕگه‌ی پێشو.

پاشکۆی ژمارە (1)

✓ **یەکەم: شیکردنەوەی بیرۆکەی نوسینی پیت و ڕوونکردنەوەی شێوەکەی:-**

مەبەست لە بیرۆکەی وێناکردنی پیتەکان و ڕوونکردنەوەیان، ئاسان کردنی زانیاریەکانە، وپێویستە هەموو لایەك ئەوە بزانن کە ئەم بیرۆکەیە بابەتێکی گرنگە لە زانستی تەجوید و قیرائاتدا.

هەرکاتێك ویستمان پەیوەندی نێوان دوو پیت بزانین، لە ڕێگەی ئەم بیرۆکەیەوە زۆر بە ئاسانی پەیوەندیەکە دەدۆزینەوە، تەنها بە سەیرکردنی ئەو خانەیەی کە هێڵەکە لە لای ئەو دەپچرێت بە گەیشتنی نێوان دوو پیتەکە.

بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت پەیوەندی نێوان پیتی (ق) و پیتی (**ش**) بزانین، سەیری پیتی (ق) دەکەین لە ڕوونکراوەی وێنەی پیتەکان، جیاوزیشی نیە ئایە پیتی (ق) لە هێڵی ستوونیە یان لە هێڵی ئاسۆییە دەتوانین لە هەردوولا بیدۆزینەوە، پاشان سەیری پیتی (**ش**) دەکەین بە پێچەوانەی ئەو ستونەی هەلمان بژاردووە.


کەواتا ئەگەر ئێمە پیتی (ق) مان هەڵبژاردبێت لە هێلی ستوونی، ئەوە پیتی (**ش**) لە هێڵی ئاسۆیی هەڵدەبژێرین بە پێچەوانەی پیتی (ق) ودتوانین پێچەوانەشی بکەینەوە (واتا پیتی (ق) لە ئاسۆیی و پیتی (**ش**) لە ستوونی)

دوای هەلبژاردنی پیتەکان و دیاری کردنی ستوونەکان سەیری خاڵی بەیەك گەیشتنیان دەکەین، ئەگەر هاتوو خاڵی بەیەك گەیشتنیان کەوتە چوارگۆشەی ڕەنگی ڕەش ئەوە دەردەکەوێت کە هەردو پیت هاووینەی یەکترن، (بەلاّم سەیر دەکەین بۆ ئەم دوو پیتە ئەمە ڕوی نەداوە کەواتا هاووێنەی یەکتر نین)

ئەگەر شێوەی چوارگۆشەکە لە کاتی بەیەك گەیشتنیان خوارو ڕەنگی گول بوو، ئەوە وا دەردەخات کە ئەم دوو پیتە یەك ڕەگەزن، لێرەدا ئەمەش ڕووی نەداوە.

ئەگەر خاڵی پێك گەیشتنیان کەوتە چوار گۆشەی ڕەنگی سپی ، ئەوە دەریدەخات کە ئەم دوو پیتە لەیەکتر دورن، بەلاّم ئەمە ڕوی نەداوە بۆ ئەم دوو پیتە.

ئه‌گه‌ر ڕه‌نگی چوار گۆشه‌ی به‌یه‌ك گه‌یشتنیان شین بو، ئه‌وه ده‌ریده‌خات كه ئه‌م دوو پیته له‌یه‌كتر نزیكن، ئه‌مه‌یان ڕوی داوه له نێوان ئه‌م دوو پیته‌ی باسمان كرد، سه‌یری وێنه‌ی خواره‌وه بكه:




تێبینی1:

ئه‌گه‌ر وێنه ڕوونكراوه‌كه دابه‌ش بكه‌ین به هێلی هاووێنه‌یی كه به ڕه‌نگی ڕه‌ش ده‌كه‌وێته ناوه‌ڕاستی خشته‌كه (ئه‌وه‌ی به هێلی یه‌كتر بر ناوبرا له ڕابردو) بۆمان ده‌رده‌كه‌وێت كه به‌شێكی وێنه ڕوونكراوه‌كه یه‌كسان ده‌بێت له‌گه‌ڵ هه‌موو پیته‌كان و چوارگۆشه‌كان.

تێبینی2:

ئه‌گه‌ر وێنه ڕوونكراوه‌كه دابه‌ش بكه‌ین به هێڵی هاووێنه‌یی كه به ڕه‌نگی ڕه‌ش ده‌كه‌وێته ناوه‌ڕاستی خشته‌كه (ئه‌وه‌ی به هێڵی یه‌كتر بر ناوبرا له ڕابردو) بۆمان ده‌رده‌كه‌وێت كه به‌شێكی وێنه ڕوونكراوه‌كه یه‌كسان ده‌بێت له‌گه‌ڵ هه‌موو پیته‌كان و چوارگۆشه‌كان.

✓ **دووه‌م: وێنه‌ی ڕوونكردنه‌وه:**



كلیلی شكلی ڕوونكردنه‌وه:

هاووێنه | هاووڕه‌گه‌ز | لێكنزیك | لێكدوو


پاشكۆی ژماره(2).

هەندێ پرسیار كە پەیوەندی بە بەشێكی زانیاریەكانی تایبەت بە ڕیوایەتی شوعبەوە هەیە[1].

لەكاتی خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی كە بە یەك هەناسە دەخوێندرێت بە ڕیوایەتی شوعبە ئەم پارچە دەردەهێنە بەپێ شێوەی خوێندنەوەكەی لەسەر ڕێگایەكی زانستی بەناوبانگ لەزانستی قیڕائاتدا، لەگەڵ ئاگاداربون لە دەستپێكردنی وشەی(آتوني) **لەدوای هەمو خوێندنەوەیەكدا كە لكاوە بەئەو–ئەوەش لەبەر دڵنیایی لەچۆنیەتی دەست پێكردن بەو–.**

ئایەتی:﴿ قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ آتُونِي زُبَرَ الْحَدِيدِ حَتَّىٰ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ الصَّدَفَيْنِ قَالَ انفُخُوا حَتَّىٰ إِذَا جَعَلَهُ نَارًا قَالَ آتُونِي أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴿٩٦﴾ ﴾،[**كەهف**:95–96].

[1] ئەم پرسیارانە لە نوسینی دانەری ئەم پەرتوكەیە/ ئەحمەد ضەیف الله ئەبو سەمهەدانە، لە پەرتوكەكەی ئەو وەرگیراوە، داوای لێكراوە لەلایەن قوتابیانی خولی ئامادەكاری سەنەدی قورئانی پیرۆز(لە وڵاتی فەلەسطین، دورەی ئیحسان لە قیڕائاتی عەشری قورئان، ساڵی1440ی كۆچی،) لا125.


رَدۡمًاۚ ۝٩٥ ٱئۡتُونِي
قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفۡرِغۡ
بەخوێندنەوەی(رَدۡمًاۚ ۝٩٥ ٱئۡتُونِي) واتە:بەهەمزەی زەننەدارو كەسەرە. پیتی(ن) بۆ ڕزگاربونە لە گەیشتنە دوو زەننە(قَالَ ٱئۡتُونِيٓ)
دەستپێكردن بە(ءَاتُونِيٓ)
(قَالَ ٱئۡتُونِيٓ)
دەستپێكردن بە(ٱيتُونِيٓ)
دەستپێكردن بە(ٱيتُونِي)،و(قَالَ ءَاتُونِيٓ)
دەستپێكردن بە (ءَاتُونِيٓ)
(قَالَ ٱئۡتُونِيٓ)
دەستپێكردن بە(ٱيتُونِيٓ)

نمونە بۆ ئەمانەی خوارەوە بهێنەوە:

أ- کۆبونەوەی دوو زەنەدار لە ناوەڕاستی وشە، پێشەوا شوعبە ڕزگاری نەبوە تێیدا.

وشەی:{ نِعِمَّا } بنچینەکەی(نعم) و (ما)، ئەوەش لە دوو شوێندا هەیە لە قورئانی پیرۆز، یەکەم:[بەقەرە:271]. دووەم: ،[نیساء:58]. شوعبە ئەم دوو شوێنە بە زەنەی پیتی(ع) دەخوێنێتەوە، دواتر گەیشتنە دوو زەنە ڕودەدات یەکەمیان پیتی(ع)و دووەمیان پیتی(م)،یەکەمیان زەنەدارە لە پیتی(م)ی شەددەدار، شوعبە ئەمەیان لەسەر باری خۆی دەهێلێتەوە، واتە: خۆی ڕزگار نەکردووە لە گەیشتنە دوو زەنەدار بەیەك، بە یەك لە خوێندنەوەکانی، بەڵام لە خوێندنەوەی دووەمیدا خۆی ڕزگار کردووە لە گەیشتنە دوو زەنە ئەویش بە کەسرەدارکردنی پیتی(ع) بە ئیختیلاسی جوولەی ، ئەوەشیان پێش دەکەوێت لەسەر خوێندنەوەی پێشو.

ب- پیتی(ر) تەڕقیق دەکرێت لای حەفص وتەفخیم دەبێت لای شوعبە[حەوت نمونەی جیاواز].

1- وشەی:﴿مَجۡرِىٰهَا﴾،[هود:41]، شوعبە بە ضەممەی پیتی(م) دەخوێنێتەوە بێ ئیمالە﴿مُجۡرَىٰهَا﴾ لەگەڵ قەڵەوکردنی پیتی(ر).

2- وشەی:﴿رِضۡوَٰنٍ﴾ شوعبە بە ضەممەی پیتی(ر) دەخوێنێتەوە بەهەرشێوەیەك هاتبێت بەم شێوەیە:﴿رُضۡوَٰنٍ﴾، تەنها یەك شوێن نەبێت ئەویش،[مائیدە:16]، بە کەسرەی پیتی(ر) دەخوێنێتەوە وەك حەفص، وپیتی(ر) قەڵەو دەکات.

3- وشەی:﴿يَعۡرِشُونَ﴾ شوعبە بەضەممەی پیتی(ر) دەخوێنێتەوە﴿يَعۡرُشُونَ﴾ لەدوو شوێندا هاتوە لە قورئانی پیرۆز ،[ئەعراف:137]و [نەحل:68]، وپیتی(ر) قەڵەو دەکات.

4- وشهی:﴿بِوَرِقِكُمۡ﴾،[كههف:19]، شوعبه به زهننهی پیتی(ر) دهخوێنێتهوه﴿بِوَرۡقِكُمۡ﴾ دواتر قهڵهوكردنی پیتی(ر) چونكه پێشی فهتحهداره.

5- وشهی:﴿أَرِنَا﴾، شوعبه بهزهننهی پیتی(ر) دهخوێنێتهوه﴿أَرۡنَا﴾،[فوصیلهت:29]، دواتر قهڵهوكردنی پیتی(ر) چونكه پێشی فهتحهداره، دهربارهی ئایهتی:[نیساء:153]، ئهوه وهك حهفص دهخوێنێتهوه.

6- وشهی:﴿أَمۡرِهِۦ﴾،[طهلاق:19]، شوعبه به نهصبه دهخوێنێتهوه﴿أَمۡرَهُۥ﴾دواتر قهڵهوكردنی پیتی(ر) چونكه فهتحهداره.

7- وشهی:﴿جِبۡرِيلَ﴾، شوعبه به فهتحهداركردنی پیتی(ج)و پیتی(ر) دهخوێنێتهوه، لهگهڵ ههمزهی كهسرهداری زیاد لهدوای پیتی(ر)﴿جَبۡرَءِلَ﴾ ئهوهش له سیٚ شوێن دا هاتووه له قورئانی پیرۆز،[بهقهره:97+98]،[تهحریم:4]، ئهوهش لهسهر زمانی تهمیم.

باسی حه‌وت شێوه‌ خوێندنه‌وه‌ بكه‌ كه‌ پێشه‌وا شوعبه‌ به‌ دوو قیرائه‌ت ده‌خوێنێته‌وه‌و جیاوازی هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص.

1- وشه‌ی:﴿نِعِمَّا﴾،[به‌قه‌ره‌:271]،[نیساء:85]، شوعبه‌ به‌ كه‌سره‌داركردنی پیتی(ع)و ئیختیلاسی جووله‌كه‌ی ده‌خوێنێته‌وه‌، خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م: زه‌ننه‌داركردنی پیتی(ع).

2- وشه‌ی:﴿بَئِيسٍ﴾،[ئه‌عراف:165]، شوعبه‌ وه‌ك حه‌فص ده‌خوێنێته‌وه‌، خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م: فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ب)و دوای ئه‌و زه‌ننه‌داركردنی پیتی(ی)و دوای ئه‌و هه‌مزه‌ی فه‌تحه‌دار﴿بَيْـَٔسٍ﴾.

3- وشه‌ی:﴿ٱلْمُنشَـَٔاتُ﴾،[ڕه‌حمان:24]،شوعبه‌ وه‌ك حه‌فص ده‌خوێنێته‌وه‌، خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م: كه‌سره‌داركردنی پیتی(ش)﴿ٱلْمُنشِـَٔاتُ﴾.

4- وشه‌ی:﴿ٱنشُزُواْ ؛ فَٱنشُزُواْ﴾،[موجاده‌له‌:11]، شوعبه‌ وه‌ك حه‌فص ده‌خوێنێته‌وه‌، خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م: كه‌سره‌داركردنی پیتی(ش)﴿ٱنشِزُواْ ؛ فَٱنشِزُواْ﴾.

5- وشه‌ی:﴿أَنَّهَآ﴾،[ئه‌نعام:109]، شوعبه‌ وه‌ك حه‌فص ده‌خوێنێته‌وه‌، خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م: كه‌سره‌داركردنی هه‌مزه‌﴿إِنَّهَآ﴾.

6- وشه‌ی:﴿لَّدُنِّي﴾،[كه‌هف:76]، شوعبه‌ به‌ زه‌ننه‌داركردنی پیتی(د)و ئیشمامی ضه‌مه‌و لابردنی شه‌دده‌ی پیتی(ن) ده‌خوێنێته‌وه‌﴿لَّدْنِي﴾، خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م: ضه‌مه‌داركردنی پیتی(د)و ئیختیلاسی جووله‌كه‌ی و ئاسانكردنی پیتی(ن).

7- وشه‌ی:﴿ قَالَ ءَاتُونِىٓ ﴾،**[كه‌هف:96]، شوعبه وه‌ك حه‌فص ده‌خوێنێته‌وه، خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م: به‌هه‌مزه‌ی لكاوی زه‌ننه‌دار له‌دوای پیتی**(ل)﴿ قَالَ ٱئْتُونِىٓ ﴾.



بەشی دووەم

وشەکانی فەرِش و بنچینە

کوردی	عربی	
جوڵە	حركة	1
گۆڕین	ابدال	2
لەبری	بدل	3
زەنەدار	سكون	4
شەدەدار	شدة	5
ضەمەدار	ضمة	6
فەتحەدار	فتحة	7
کەسرەدار	كسرة	8
گوتراو	لفظي	9
دانەپاڵ	اضافة	10
وەستان	وقف	11
نەوەستان	وصل	12
کورت کردن	قصر	13
خوێندنەوە	تحقيق	14
درێژکردنەوە	مد	15
گوتنی(الله اكبر)	التكبير	16
گوتنی(الحمدلله)	التحميد	17
گوتنی(لا اله الا الله)	التهليل	18
درێژکردنی دوو جوڵە	قصر	19
درێژکردنی چوار جوڵە	توسط	20
درێژکردنی شەش جوڵە	اشباع	21
لابردن یان ئاسان خوێندنەوە	تسهيل	22

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی کوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی کوفی	ڕوونکردنەوە

(1) سوڕەتی فاتیحە

جیاوازی لەسەر نیە لە وشەکانی فەڕش دا

(2) سوڕەتی بەقەرە

51	ٱتَّخَذۡتُمُ	ٱتَّخَذتُّمُ	بەتێکهەڵکێشانی پیتی (ذ) لە (ت)
67	هُزُوٗا	هُزُؤٗاۖ	پیتی (و) بەهەمزە دەخوێنێتەوە
80	أَتَّخَذۡتُمۡ	أَتَّخَذتُّمۡ	بەتێکهەڵکێشانی پیتی (ذ) لە (ت)
85	تَعۡمَلُونَ	يَعۡمَلُونَ	پیتی(یـ) لە شوێنی (ت)
92	ٱتَّخَذۡتُمُ	ٱتَّخَذتُّمُ	بەتێکهەڵکێشانی پیتی (ذ) لە (ت)
97	لِّجِبۡرِيلَ	لِّجَبۡرَئِلَ	بەفەتحدارکردنی پیتی(ج, ر)وهەمزەی کەسردارلە شوێنی(یـ)
98	وَجِبۡرِيلَ	وَجَبۡرَئِلَ	بەفەتحدارکردنی پیتی(ج, ر)وهەمزەی کەسردارلە شوێنی(ی)
98	وَمِيكَىٰلَ	وَمِيكَـٰٓئِيلَ	بەهەمزی کەسردار لە دوای ئەلیف وپیتی(ی)لەدوای دێت ودرێژکردنەوەی لکاو و بەدەل ڕوونە.
124	عَهۡدِي	عَهۡدِيَ	لەباری نەوەستان: پیتی(ی)بەفەتح دەخوێنێتەوە
125	بَيۡتِيَ	بَيۡتِي	پیتی (ی)دانەپاڵ بە زەنە دەخوێندرێتەوە
140	أَمۡ تَقُولُونَ	أَمۡ يَقُولُونَ	پیتی(یـ)لە شوێنی(ت)

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له‌ عاصمی كوفی	گێڕانه‌وه‌ی شوعبه‌ له‌ عاصمی كوفی	ڕوونكردنه‌وه‌
143	لَرَءُوفٌ	لَرَؤُفٌ	لابردنی پیتی(و)
168	خُطُوَٰتِ	خُطْوَٰتِ	ده‌خوێندرێته‌وه‌ به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(ط) به‌ قه‌لقله‌
177	لَّيْسَ ٱلْبِرَّ	لَّيْسَ ٱلْبِرُّ	به‌ ضه‌ مداركردنی(ر)
182	مُّوصٍ	مُّوَصٍّ	به‌ فه‌تحه‌داركردنی(و)، شه‌ده‌داركردنی(ص)
185	وَلِتُكْمِلُواْ	وَلِتُكَمِّلُواْ	به‌ فه‌تحه‌داركردنی(ك)، شه‌ده‌داركردنی(م)
189	ٱلْبُيُوتَ (معاً)	ٱلْبِيُوتَ	به‌كه‌سرداركردنی(ب)
207	رَءُوفٌ	رَؤُفٌ	لابردنی پیتی(و)
208	خُطُوَٰتِ	خُطْوَٰتِ	ده‌خوێندرێته‌وه‌ به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(ط) به‌ قه‌لقله‌
222	يَطْهُرْنَ	يَطَّهَّرْنَ	به‌ فه‌تحه‌داركردنی(ط، هـ)، وشه‌داركردنیان
231	هُزُوًا	هُزُؤًا	به‌هه‌مز(و)ده‌خوێنێته‌وه‌
236	قَدَرُهُۥ (معاً)	قَدْرُهُۥ	زه‌نه‌داركردنی(د)به‌ قه‌لقه‌له‌
240	وَصِيَّةً	وَصِيَّةٌ	به‌ ته‌نوینی ضه‌م
245	وَيَبْصُۜطُ	وَيَبْصُطُ	به‌ صاد له‌ جیاتی (س)

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له عاصمی كوفی	گێڕانه‌وه‌ی شوعبه له عاصمی كوفی	ڕوونكردنه‌وه
260	جُزْءًا	جُزُءًا	به ضه ممه داركردنی پیتی(ز)
271	فَنِعِمَّا	فَنِعْـمَّا ؛ فَنِعْمَّا	به‌كه‌مكردنه‌وه‌ی كه‌سری(ع) (اختلاس), وزنه‌داركردنی ده‌خوێندرێته‌وه
271	وَيُكَفِّرُ	وَنُكَفِّرُ	پیتی (ن)له‌جیاتی(یـ)
279	فَأْذَنُوا۟	فئاذِنُوا۟	فه‌تحداركردنی هه‌مزه وهاتنی ئه‌لیف له دوای ئه‌و, وكه‌سرداركرنی(ذ)

(3) سوره‌تی ئالی عیمران

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له عاصمی كوفی	گێڕانه‌وه‌ی شوعبه له عاصمی كوفی	ڕوونكردنه‌وه
15	وَرِضْوَانٌ	وَرُضْوَانٌ	به ضه ممه داركردنی پیتی(ر)
20	وَجْهِيَ	وَجْهِي	به ره‌هایی پیتی (ی)دانه‌پاڵ به زه‌نه ده‌خوێندرێته‌وه
27	ٱلْمَيِّتَ (معاً)	ٱلْمَيْتَ	لابردنی شه‌دده‌ی پیتی (یـ)
30	رَءُوفٌ	رَؤُفٌ	لابردنی پیتی (و)
36	بِمَا وَضَعَتْ	بِمَا وَضَعْتُ	به زننه‌داركردنی پیتی(عـ)وپیتی (تـ)به ضه ممه
37	زَكَرِيَّا كُلَّمَا	زَكَرِيَّآءَ كُلَّمَا	به زیادكردنی هه‌مزه‌ی فه‌تحدارله‌دوای ئه‌لیف به‌درێژكردنه‌وه‌ی لكاو
37	زَكَرِيَّا ٱلْمِحْرَابَ	زَكَرِيَّآءُ ٱلْمِحْرَابَ	به زیادكردنی هه‌مزه ی ضه ممدارله دوای ئه‌لیف به‌درێژكردنه‌وه‌ی لكاو
38	زَكَرِيَّا	زَكَرِيَّآءُ	به زیادكردنی هه‌مزه ی ضه ممدارله دوای ئه‌لیف به‌درێژكردنه‌وه‌ی لكاو
49	بُيُوتِكُمْ	بِيُوتِكُمْ	كه‌سرداركردنی پیتی(ب)
57	فَيُوَفِّيهِمْ	فَنُوَفِّيهِمْ	پیتی(نـ)له‌جیاتی(یـ)
75	يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيْكَ (معاً)	يُؤَدِّهْ إِلَيْكَ	به‌زه‌ننه‌داركردنی پیتی(هـ)به‌بی صیله
81	وَأَخَذْتُمْ	وَأَخَذتُّمْ	به‌تێكه‌ڵكێشانی پیتی (ذ) له (ت)
83	يَبْغُونَ , يُرْجَعُونَ	تَبْغُونَ, تُرْجَعُونَ	پیتی(ت)له‌جیاتی(یـ) (له‌هه‌ردووكیان)

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی کوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی کوفی	ڕوونکردنەوە
97	حِجُّ	حَجُّ	فەتحدارکردنی پیتی(ح)
115	يَفۡعَلُواْ	تَفۡعَلُواْ	پیتی(ت)لەجیاتی(یـ)
115	يُكۡفَرُوهُۗ	تُكۡفَرُوهُۗ	پیتی(ت)لەجیاتی(یـ)
140	قَرۡح (معاً)	قُرۡح	بە ضە مە دارکردنی پیتی(ق)
145	نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا (معاً)	نُؤۡتِهۡ مِنۡهَا	بەزەننەدارکردنی پیتی(هـ)بەبێ صیلە
154	بُيُوتِكُمۡ	بِيُوتِكُمۡ	کەسردارکردنی پیتی(ب)
157	يَجۡمَعُونَ	تَجۡمَعُونَ	پیتی(ت)لەجیاتی(یـ)
162	رِضۡوَانَ	رُضۡوَانَ	بە ضە مە دارکردنی پیتی(ر) وقەڵەوکردنی
172	ٱلۡقَرۡحُ	ٱلۡقُرۡحُ	بە ضە مە دارکردنی پیتی(ق)
174	رِضۡوَانَ	رُضۡوَانَ	بە ضە مە دارکردنی پیتی(ر) وقەڵەوکردنی
187	لَتُبَيِّنُنَّهُۥ	لَيُبَيِّنُنَّهُۥ	پیتی(یـ)لەجیاتی(تـ)
187	وَلَا تَكۡتُمُونَهُۥ	وَلَا يَكۡتُمُونَهُۥ	پیتی(یـ)لەجیاتی(تـ)یەکەم

(4) سوڕەتی نیساء

10	وَسَيَصۡلَوۡنَ	وَسَيُصۡلَوۡنَ	بە ضە مە دارکردنی پیتی (یـ)
11	يُوصِي	يُوصَىٰ	فەتحدارکردنی پیتی(ص)، وئەلیف لەدوای ئەو
15	ٱلۡبُيُوتِ	ٱلۡبِيُوتِ	کەسردارکردنی پیتی(ب)
19	مُّبَيِّنَةٖ	مُّبَيَّنَةٖ	فەتحدارکردنی پیتی(یـ)

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی كوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی كوفی	ڕوونكردنەوە
24	وَأُحِلَّ	وَأَحَلَّ	فەتحداركردنی (أ) و(حـ)
25	أُحْصِنَّ	أَحْصَنَّ	فەتحداركردنی (أ) و(صـ)
58	نِعِمَّا	نِعْـِمَّا ؛ نِعْمَّا	بەكەمكردنەوەی كەسری(ع) (اختلاس)، وزننەداركردنی دەخوێندرێتەوە
73	لَّمْ تَكُنْ	لَّمْ يَكُنْ	پیتی(يـ)لەجیاتی(تـ)
115	نُوَلِّهِۦ ؛ وَنُصْلِهِۦ	نُوَلِّهْ ؛ وَنُصْلِهْ	بەزەنندەداركردنی پیتی(هـ)بەبی صیلە
124	يَدْخُلُونَ	يُدْخَلُونَ	بە ضەممە داركردنی پیتی (يـ)، فەتحداركردنی (خـ).

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له عاصمی كوفی	گێڕانه‌وه‌ی شوعبه له عاصمی كوفی	ڕوونكردنه‌وه
152	يُؤۡتِيهِمۡ	نُؤۡتِيهِمۡ	پیتی(نـ)له‌جیاتی(تـ)یه‌كه‌م

(5) سوره‌تی مائیده

2	وَرِضۡوَٰنٗاۚ	وَرُضۡوَٰنٗاۚ	به ضه‌مه داركردنی پیتی (ر) وقه‌ڵه‌وكردنی
2	شَنَـَٔانُ	شَنۡـَٔانُ	زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن) یه‌كه‌م
6	وَأَرۡجُلَكُمۡ	وَأَرۡجُلِكُمۡ	كه‌سرداركردنی پیتی(لام)
8	شَنَـَٔانُ	شَنۡـَٔانُ	زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن) یه‌كه‌م
16	رِضۡوَٰنَهُۥ	رِضۡوَٰنَهُۥ	ته‌نها لێره وه‌كو حه‌فص ده‌خوێنێته‌وه
28	يَدِيَ	يَدِيَ	به ره‌هایی پیتی (ی)دانه‌پاڵ به زه‌نه ده‌خوێندرێته‌وه
57	هُزُوٗا	هُزُؤٗا	به‌هه‌مز پیتی(و)ده‌خوێنێته‌وه
58	هُزُوٗا	هُزُؤٗا	به‌هه‌مز پیتی(و)ده‌خوێنێته‌وه
67	رِسَالَتَهُۥ	رِسَالَاتِهِ	زیادكردنی ئه‌لیف له‌دوای (لام), كه‌سرداركردنی پیتی(ت)و(هـ)،به‌صیله

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له عاصمی كوفی	گێڕانه‌وه‌ی شوعبه له عاصمی كوفی	ڕوونكردنه‌وه
89	عَقَّدتُّمُ	عَقَدتُّمُ	لابردنی شه‌دده‌ی پیتی (قـ)
107	ٱلَّذِينَ ٱسۡتَحَقَّ	ٱلَّذِينَ ٱسۡتُحِقَّ	به‌ضه‌مه داركردنی پیتی(تـ)، وكه‌سرداركردنی پیتی(حـ)، ضه‌مه داركردنی هه‌مزه‌ی وه‌صل له‌ده‌ستپێكردنی خوێندنه‌وه به‌و .
107	ٱلۡأَوۡلَيَٰنِ	ٱلۡأَوَّلِينَ	شه‌دداركرنی پیتی(و)به‌فه‌تح، وكه‌سرداركردنی پیتی(لام)، زه‌نه‌داركردنی پیتی(یـ) ، ولابردنی ئه‌لیف، فه‌تحداركردنی (ن).
109	ٱلۡغُيُوبِ	ٱلۡغِيُوبِ	كه‌سرداركردنی پیتی(غ)
116	وَأُمِّيَ	وَأُمِّي	به ره‌هایی پیتی (ی)دانه‌پاڵ به زه‌نه ده‌خوێندرێته‌وه
116	ٱلۡغُيُوبِ	ٱلۡغِيُوبِ	كه‌سرداركردنی پیتی(غ)

(6) سوره‌تی ئه‌نعام

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له عاصمی كوفی	گێڕانه‌وه‌ی شوعبه له عاصمی كوفی	ڕوونكردنه‌وه
16	يُصۡرَفۡ	يَصۡرِفۡ	فه‌تحداركردنی (یـ) و كه‌سرداركردنی پیتی(ر)، به‌لاوازی ده‌خوێندرێته‌وه
23	فِتۡنَتُهُمۡ	فِتۡنَتَهُمۡ	فه‌تحداركردنی (تـ)ی دووه‌م
27	نُكَذِّبَ	نُكَذِّبُ	ضه‌مه داركردنی **پیتی(بـ)**
27	وَنَكُونَ	وَنَكُونُ	ضه‌مه داركردنی پیتی(ن)كوتایی
32	تَعۡقِلُونَ	يَعۡقِلُونَ	پیتی(یـ)له‌جیاتی(تـ)
55	وَلِتَسۡتَبِينَ	وَلِيَسۡتَبِينَ	پیتی(یـ) له‌جیاتی(تـ) یه‌كه‌م
63	وَخُفۡيَةٗ	وَخِفۡيَةٗ	كه‌سرداركردنی پیتی(خ) به‌قه‌ڵه‌وكردنی ڕێژه‌یی
76	رَءَا كَوۡكَبٗاۖ	رِءَا كَوۡكَبٗاۖ	به‌لاركردنه‌وه(ئیماله)پیتی(ر)و(أ)ده‌خوێنێته‌وه.
77	رَءَا ٱلۡقَمَرَ	وصلاً: رِءَا ٱلۡقَمَرَ وقفاً: رِءَا	له‌باری نه‌وه‌ستان: ته‌نهابه‌لاركردنه‌وه(ئیماله)پیتی(ر)، له‌باری وه‌ستان: به‌لاركردنه‌وه(ئیماله)پیتی(ر) و(أ)" له‌گه‌ڵ لاوازكردنی(ر).

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له عاصمی كوفی	گێڕانه‌وه‌ی شوعبه له عاصمی كوفی	ڕوونكردنه‌وه
78	رَءَا ٱلشَّمۡسَ	وصلاً: رَءَا ٱلشَّمۡسَ وقفاً: رَءَا	لــــــــــــه‌باری نه‌وه‌ســـــــــــتان: ته‌نهابه‌لاركردنه‌وه(ئیمالــه)پیتی(ر)، لــه‌باری وه‌ستان: به‌لاركردنه‌وه(ئیمالــه)پیتی(ر) و(أ)" له‌گه‌ڵ لاوازكردنی(ر).
79	وَجۡهِيَ	وَجۡهِي	به ره‌هایی پیتی (ی)دانه‌پاڵ به زه‌نه ده‌خوێندرێته‌وه.
85	وَزَكَرِيَّا	وَزَكَرِيَّآءَ	زیادكردنی هه‌مزه له‌دوای ئه‌لیف؛ به‌درێژكردنه‌وه‌ی لكاو
92	وَلِتُنذِرَ	وَلِيُنذِرَ	پیتی(یـ)له‌جیاتی(تـ)
94	بَيۡنَكُمۡ	بَيۡنُكُمۡ	ضه‌ممه داركردنی پیتی(نـ)
95	ٱلۡمَيِّتِ (معاً)	ٱلۡمَيۡتِ	لابردنی شه‌دده‌ی پیتی (یـ)وزننه‌داركردنی
109	أَنَّهَآ	أَنَّهَآ , إِنَّهَآ	دووخوێندنه‌وه هه‌یه: یه‌كه‌م: فه‌تحداركردنی هه‌مزه وه‌كو حفص،دووه‌م: كه‌سرداركردنی

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی کوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی کوفی	ڕوونکردنەوە
114	مُنَزَّلٌ	مُنزَل	زنەدارکردنی (ن)، لابردنی شەددەی پیتی (ز) بەئیخفا
119	حَرَّمَ	حُرِّمَ	ضمه دارکردنی پیتی(ح) وکەسرداركردنی پیتی(ر)،ولاوازکردنی.
124	رِسَالَتَهُ	رِسَالَاتِهِ	زیـــادکردنی ئـــەلیف لـــەدوای (لام)، کەسردارکردنی پیتی(هـ)و(ت)،به صیله.
125	حَرَجًا	حَرِجًا	کەسردارکردنی پیتی(ر)؛ ولاوازکردنی.
125	يَصَّعَّدُ	يَصَّاعَدُ	زیادکردنی ئەلیف لەدوای (صـ)، لابردنی شەددەی پیتی (ع)
128	يَحْشُرُهُمْ	نَحْشُرُهُمْ	پیتی(نـ)لەجیاتی(یـ)
135	مَكَانَتِكُمْ	مَكَانَاتِكُمْ	زیادکردنی ئەلیف لەدوای (نـ)
139	وَإِن يَكُن	وَإِن تَكُن	پیتی(تـ)لەجیاتی(یـ)؛بەئیخفا
142	خُطُوَاتِ	خُطْوَاتِ	زننەدارکردنی(ط)؛ بەقەلقەلە
152	تَذَكَّرُونَ	تَذَّكَّرُونَ	شەددارکردنی(ذ)

(7) سوڕەتی ئەعراف

3	تَذَكَّرُونَ	تَذَّكَّرُونَ	شەددارکردنی(ذ)
38	تَعْلَمُونَ	يَعْلَمُونَ	پیتی(یـ)لەجیاتی(تـ)
54	يُغْشِي	يُغَشِّي	فەتحدارکردنی (غ)، شەددارکردنی(شـ)
55	وَخُفْيَةً	وَخِفْيَةً	کەسردارکردنی پیتی(خـ)
57	مَّيِّتٍ	مَّيْتٍ	لابردنی شەددەی پیتی (یـ) وزنەدارکردنی
57	تَذَكَّرُونَ	تَذَّكَّرُونَ	شەددارکردنی(ذ)
69	بَصْطَةً	بَصْطَةً	به صاد دەخوێنێتەوە
74	بُيُوتًا	بِيُوتًا	کەسردارکردنی پیتی(بـ)
81	إِنَّكُمْ	ءَإِنَّكُمْ	زیادکردنی هەمزەی پرسیاری بە فەتح

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له عاصمی كوفی	گێڕانه‌وه‌ی شوعبه له عاصمی كوفی	ڕوونكردنه‌وه
105	مَعِيَ	مَعِي	به ڕه‌هایی پیتی (ی)دانه‌پاڵ به زه‌نه ده‌خوێندرێته‌وه.
113	إِنَّ لَنَا	ءَإِنَّ لَنَا	زیادكردنی هه‌مزه‌ی پرسیاری به فه‌تح
117	تَلۡقَفُ	تَلَقَّفُ	فه‌تحداركردنی (لـ)، وشه‌دداركردنی(قـ)
123	فِرۡعَوۡنُ ءَامَنتُم	فِرۡعَوۡنُ ءَءَامَنتُم	زیادكردنی هه‌مزه‌ی پرسیاری به فه‌تح
137	يَعۡرِشُونَ	يَعۡرُشُونَ	ضه‌ممه داركردنی پیتی(ر) ؛وقه‌ڵۆكردنی
150	ٱبۡنَ أُمَّ	ٱبۡنَ أُمِّ	كه‌سرداركردنی پیتی(م)
164	مَعۡذِرَةً	مَعۡذِرَةٌ	ته‌نوینی ضه‌ممه له جیاتی ته‌نوینی فه‌تحه
165	بِئِيسِۭ	بيئَس بئس	دووخوێندنه‌وه هه‌یه:یه‌كه‌م: پیتی (یـ)لین زنه‌داره‌كرێت پێش هه‌مزه‌ی فه‌تحداره‌كه‌وێت ؛ دووه‌م : وه‌كو حه‌فصه.
169	تَعۡقِلُونَ	يَعۡقِلُونَ	پیتی(یـ)له‌جیاتی(تـ)
170	يُمَسِّكُونَ	يُمۡسِكُونَ	زننه‌داركردنی(مـ)،لابردنی شه‌دده‌ی پیتی (سـ)
190	شُرَكَآءَ	شِرۡكًا	كه‌سرداركردنی پیتی(ش)، زننه‌داركردنی(ر)ولاوازكردنی، پیتی(ك)به ته‌نوینی فه‌تح، لابردن پیتی هه‌مزوئه‌لیف ؛ له باری وه‌ستان به درێژكردنه‌وه‌ی له (عوض)ده‌خوێندرێته‌وه.

(8) سوره‌تی ئه‌نفال

17	رَمَىٰ	رَمَـىٰ	به‌لاركردنه‌وه پیتی ئه‌لیف (الاماله)
18	مُوهِنُ	مُوهِنٌ	پیتی(ن)به ته‌نوینی ضه‌م ؛ به‌ئیخفا
18	كَيۡدِ	كَيۡدَ	فه‌تحداركردنی (د)
19	وَأَنَّ ٱللَّهَ	وَإِنَّ ٱللَّهَ	كه‌سرداركردنی پیتی(إ)

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی كوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی كوفی	ڕوونكردنەوە
42	حَيَّ	حَيِيَ	بە دوو(ی)دەخوێندرێتەوە, یەكەمیان: كەسردارە, دوومیان: فەتحدارە
59	وَلَا يَحْسَبَنَّ	وَلَا تَحْسَبَنَّ	پیتی(تـ)لەجیاتی(یـ)
61	لِلسَّلْمِ	لِلسِّلْمِ	كەسرداركردنی پیتی(سـ)
68	أَخَذْتُمْ	أَخَذتُّمْ	بەتێكهەڵكێشانی پیتی (ذ) لە(ت)

(9) سوڕەتی تەوبە

21	وَرِضْوَانٍ	وَرُضْوَانٍ	ضه‌ممه‌ داركردنی پیتی(ر) ، وقەڵەوكردنی
24	وَعَشِيرَتُكُمْ	وَعَشِيرَاتُكُمْ	زیادكردنی ئەلیف لەدوای (ر)
37	يُضَلُّ	يَضِلُّ	فەتحداركردنی (یـ)، كەسرداركردنی پیتی(ضـ)
72	وَرِضْوَانٌ	وَرُضْوَانٌ	ضه‌ممه‌ داركردنی پیتی(ر) ، وقەڵەوكردنی
78	ٱلْغُيُوبِ	ٱلْغِيُوبِ	كەسرداركردنی پیتی(غ)
83	مَعِيَ أَبَدًا, مَعِيَ عَدُوًّا	مَعِي أَبَدًا , مَعِي عَدُوًّا	بەرەهایی پیتی (ی)دانەپاڵ بەزەنە دەخوێندرێتەوە.

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له عاصمی كوفی	گێڕانه‌وه‌ی شوعبه له عاصمی كوفی	ڕوونكردنه‌وه
103	صَلَوٰتَكَ	صَلَوَاتِكَ	جێگركردنی(و)له پێش ئه‌لیف، كه‌سرداركردنی پیتی(تـ)
106	مُرۡجَوۡنَ	مُرۡجَئُونَ	هه‌مزه‌یك له دوای پیتی(ج)؛ به (و)درێژكرنه‌وه
109	وَرِضۡوَانٍ	وَرُضۡوَانٍ	ضه‌ممه داركردنی پیتی(ر) ، وقه‌ڵه‌وكردنی
109	جُرُفٍ	جُرۡفٍ	زنده‌داركردنی(ر)
109	هَارٍ	هَارٍ	به‌لاركردنه‌وه(ئیماله)ولاوازكردنی(ر)
110	تَقَطَّعَ	تُقَطَّعَ	ضه‌ممه داركردنی پیتی(تـ)
117	يَزِيغُ	تَزِيغُ	پیتی(تـ)له‌جیاتی(یـ)
117	رَءُوفٌ	رَؤُفٌ	لابردنی (و)
128	رَءُوفٌ	رَؤُفٌ	لابردنی (و)

(10) سوره‌تی یونس

1	الٓر	الٓر	به‌لاركردنه‌وه(ئیماله)ولاوازكردنی(ر)
3	تَذَكَّرُونَ	تَذَّكَّرُونَ	شه‌دداركردنی(ذ)
5	يُفَصِّلُ	نُفَصِّلُ	پیتی(نـ)له‌جیاتی(یـ)
16	أَدۡرَىٰكُم	أَدۡرَىٰكُم	به‌لاركردنه‌وه(ئیماله)ولاوازكردنی(ر)
23	مَّتَاعَ	مَّتَاعُ	ضه‌ممه داركردنی پیتی(عـ)
31	ٱلۡمَيِّتِ ٱلۡمَيِّتَ	ٱلۡمَيۡتِ , ٱلۡمَيۡتَ	لابردنی شه‌دده‌ی پیتی (یـ) وزنه‌داركردنی
35	لَّا يَهِدِّيٓ	لَّا يِهِدِّيٓ	كه‌سرداركردنی پیتی(یـِ)
45	يَحۡشُرُهُمۡ	نَحۡشُرُهُمۡ	پیتی(نـ)له‌جیاتی(یـ)
72	أَجۡرِيَ إِلَّا	أَجۡرِيَ إِلَّا	به ره‌هایی پیتی (ی)دانه‌پاڵ به زه‌نه ده‌خوێندرێته‌و,به‌درێژكردنه‌وه‌ی لكاو.
87	بُيُوتًا بُيُوتَكُمۡ	بِيُوتًا بِيُوتَكُمۡ	كه‌سرداركردنی پیتی(بـِ)
100	وَيَجۡعَلُ	وَنَجۡعَلُ	پیتی(نـ)له‌جیاتی(یـ)
103	نُنجِ	نُنَجِّ	فه‌تحه‌داركردنی (نـ)ی دووه‌م ، شه‌دداركردنی(جـ)

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له عاصمی كوفی	گێڕانه‌وه‌ی شوعبه له عاصمی كوفی	ڕوونكردنه‌وه

(11) سوره‌تی هود

1	آلر	الٓرٖ	به‌لاركردنه‌وه(ئیماله)ولاوازكردنی(ر)

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی کوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی کوفی	ڕوونکردنەوە
24	تَذَكَّرُونَ	تَذَّكَّرُونَ	شەددارکردنی(ذ)
28	فَعُمِّيَتۡ	فَعَمِيَتۡ	فەتحدارکردنی (ع)، لابردنی شەددەی پیتی (م)
29	أَجۡرِيَ إِلَّا	أَجۡرِيَ إِلَّا	بە ڕەهایی پیتی (ی)دانەپاڵ بە زەنە دەخوێندرێتەو,بەدرێژکردنەوەی لکاو.
30	تَذَكَّرُونَ	تَذَّكَّرُونَ	شەددارکردنی(ذ)
40	كُلٍّ زَوۡجَيۡنِ	كُلِّ زَوۡجَيۡنِ	کەسردارکردنی پیتی(ل)
41	مَجۡرٜىٰهَا	مُجۡرَىٰهَا	ضەممە دارکردنی پیتی(م)، بەبێ لارکردنەوە
42	يَٰبُنَيَّ	يَٰبُنَيَّ	جیاکراوتەوە، بەفەتحدارکردنی (یـ)،وەکو حەفص دەیخوێنێتەوە
51	أَجۡرِيَ إِلَّا	أَجۡرِيَ إِلَّا	بە ڕەهایی پیتی (ی)دانەپاڵ بە زەنە دەخوێندرێتەو,بەدرێژکردنەوەی لکاو.
68	ثَمُودَاْ كَفَرُواْ	ثَمُودَاْ كَفَرُواْ	لەباری نەوەستاندا: بەتەنوینی فەتح، بە ئیخفا لەباری وەستاندا: بە ئەلیف دەخوێندرێتەوە
70	رَءَا	رِءَا	لارکردنەوە(ئیماله)پیتی(ر)(أ)
71	يَعۡقُوبَ	يَعۡقُوبُ	ضەممە دارکردنی پیتی(بُ)
87	أَصَلَوٰتُكَ	أَصَلَوَٰتُكَ	جێگرکردنی(و)لە پێش ئەلیف
92	وَٱتَّخَذۡتُمُوهُ	وَٱتَّخَذتُّمُوهُ	بەتێکهەڵکێشانی پیتی (ذ) لە(ت)
93	مَكَانَتِكُمۡ	مَكَانَاتِكُمۡ	زیادکردنی ئەلیف لەدوای (نـ)
108	سُعِدُواْ	سَعِدُواْ	فەتحدارکردنی (س)
111	وَإِنَّ كُلّٗا	وَإِن كُلّٗا	لابردنی شەددەی پیتی (ن)؛ بەئیخفا
121	مَكَانَتِكُمۡ	مَكَانَاتِكُمۡ	زیادکردنی ئەلیف لەدوای (نـ)
123	يُرۡجَعُ	يَرۡجِعُ	فەتحدارکردنی (یـ)،وکەسردارکردنی پیتی(ج)
123	تَعۡمَلُونَ	يَعۡمَلُونَ	پیتی(یـ)لەجیاتی(تـ)

(12) سوورەتی یوسف

1	الٓر	الٓر	بەلارکردنەوە(ئیماله)ولاوازکردنی(ر)

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی کوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی کوفی	ڕوونکردنەوە
5	يَٰبُنَيَّ	يَٰبُنَيِّ	لەباری نەوەستان: پیتی(ی) دانە پاڵ بەکەسر دەخوێندرێتەوە
24	رَءَا	رَءِا	لارکردنەوە(ئیمالە)پیتی(ر)(أ)
28	رَءَا	رَءَا	لارکردنەوە(ئیمالە)پیتی(ر)(أ)
47	دَأَبًا	دَأْبًا	زنندارکردنی(أ)

ژمارهی ئایهت	گێرانهوهی حهفص له عاصمی كوفی	گێرانهوهی شوعبه له عاصمی كوفی	ڕوونكردنهوه
62	لِفِتۡيَٰنِهِ	لِفِتۡيَتِهِ	لابردنی ئهلیف، پیتی(تـ)لهجیاتی(ن)
64	حَٰفِظٗاۖ	حِفۡظٗاۖ	كهسرداركردنی پیتی(ح)، لابردنی ئهلیف ، زننهداركردنی(ف)
109	نُّوحِيٓ	يُوحَىٰٓ	پیتی(یـ)لهجیاتی(ن)، فهتحداركردنی (ح)، پیتی(ئهلیف)لهجیاتی(یـ)

(13) سورهتی ڕهعد

1	الٓمٓرۚ	الٓمٓرۚ	بهلاركردنهوه(ئیماله)پیتی(ر)
3	يُغۡشِي	يُغَشِّي	فهتحداركردنی (غ)، شهدداركردنی(ش)
4	وَزَرۡعٞ وَنَخِيلٞ صِنۡوَانٞ	وَزَرۡعٍ وَنَخِيلٍ صِنۡوَانٍ	تهنوینی كهسره لهجیاتی تهنوینی ضه‌مه
4	وَغَيۡرُ	وَغَيۡرِ	كهسرداركردنی پیتی(ر)
16	أَفَٱتَّخَذۡتُم	أَفَٱتَّخَذتُّم	بهتێكههڵكێشانی پیتی (ذ) له(ت)
16	تَسۡتَوِي ٱلظُّلُمَٰتُ	يَسۡتَوِي ٱلظُّلُمَٰتُ	پیتی(یـ)لهجیاتی(ت)
17	يُوقِدُونَ	تُوقِدُونَ	پیتی(ت)لهجیاتی(یـ)
32	أَخَذۡتُهُمۖ	أَخَذتُّهُمۖ	بهتێكههڵكێشانی پیتی (ذ) له(ت)

(14) سورهتی ئیبراهیم

1	الٓرۚ	الٓرۚ	بهلاركردنهوه(ئیماله)پیتی(ر)
22	لِيَ عَلَيۡكُم	لِي عَلَيۡكُم	به ڕههایی پیتی (ی)دانهپاڵ به زهنه دهخوێندرێتهوه

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی كوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی كوفی	ڕوونكردنەوە

(15) سوڕەتی حیجر

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی كوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی كوفی	ڕوونكردنەوە
1	الٓرۚ	الٓرۚ	بەلاركردنەوە(ئیماله)پیتی(ر)
8	مَا نُنَزِّلُ	مَا تُنَزَّلُ	پیتی(ت) ضه‌ممەدار لەجیاتی(ن)ی یەكەم، فەتحداركردنی (ز)، لەگەڵ مانەوەی شەددە
8	ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ	ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ	ضه‌ممە داركردنی پیتی(ت)
44	جُزْءٌ	جُزُء	ضه‌ممە داركردنی پیتی(ز)
45	وَعُيُونٍ	وَعِيُونٍ	كەسرداركردنی پیتی(ع)
60	قَدَّرْنَآ	قَدَرْنَآ	لابردنی شەددەی (د)
82	بُيُوتًا	بِيُوتًا	كەسرداركردنی پیتی(ب)

(16) سوڕەتی نەحل

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی كوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی كوفی	ڕوونكردنەوە
7	لَرَءُوفٌ	لَرَؤُفٌ	لابردنی پیتی(و)
11	يُنۢبِتُ	نُنۢبِتُ	پیتی(ن)لەجیاتی(یـ)
12	وَٱلنُّجُومُ	وَٱلنُّجُومَ	فەتحداركردنی (م)
12	مُسَخَّرَٰتٌۢ	مُسَخَّرَٰتٍ	تەنوینی كەسرە لەجیاتی تەنوینی ضه‌ممە
17	تَذَكَّرُونَ	تَذّكَّرُون	شەدداركردنی(ذ)
43	نُّوحِىٓ	يُوحَى	پیتی(یـ)لەجیاتی(ن)، فەتحداركردنی (ح)، پیتی(ئەلیف)لەجیاتی(یـ)
47	لَرَءُوفٌ	لَرَؤُفٌ	*لابردنی پیتی(و)*
66	نُّسْقِيكُم	نَسْقِيكُم	فەتحداركردنی (ن)
68	بُيُوتا	بِيُوتا	كەسرداركردنی پیتی(ب)
68	يَعْرِشُونَ	يَعْرُشُونَ	ضه‌ممە داركردنی پیتی(ر) وقەڵەوكردنی
71	يَجْحَدُونَ	تَجْحَدُونَ	پیتی(تـ)لەجیاتی(یـ)
80	بُيُوتِكُمْ ؛ بُيُوتًا	بِيُوتِكُمْ ؛ بِيُوتًا	كەسرداركردنی پیتی(ب)

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی كوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی كوفی	ڕوونكردنەوە
85	رَءَا ٱلَّذِينَ	وصلاً: رَءَا ٱلَّذِينَ وقفاً: رَءَا	لەباری نەوەستان: تەنهابەلاركردنەوە(ئیماله)پیتی(ر)، لەباری وەستان: بەلاركردنەوە(ئیماله)پیتی(ر) و(أ)" لەگەڵ لاوازكردنی(ر)
86	رَءَا ٱلَّذِينَ	وصلاً: رَءَا ٱلَّذِينَ وقفاً: رَءَا	لەباری نەوەستان: تەنهابەلاركردنەوە(ئیماله)پیتی(ر)، لەباری وەستان: بەلاركردنەوە(ئیماله)پیتی(ر) و(أ)" لەگەڵ لاوازكردنی(ر).
90	تَذَكَّرُونَ	تذّكَّرُونَ	شەددداركردنی(ذ)

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی کوفی	گێڕانەوەی شوعبە لە عاصمی کوفی	ڕوونکردنەوە

(17) سورەتی ئیسراء

7	لِيَسُـُٔوا	لِيَسُوٓءَ	فەتحدارکردنی هەمزە, ولابردنی پیتی(و)دووەم
23	أُفّٖ	أُفِّ	کەسردارکردنی پیتی(ف)بێ تەنوین
35	بِٱلۡقِسۡطَاسِ	بِٱلۡقُسۡطَاسِ	ضەممە دارکردنی پیتی(قُ)
42	يَقُولُونَ	تَقُولُونَ	پیتی(تـ)لەجیاتی(یـ)
44	تُسَبِّحُ	يُسَبِّحُ	پیتی(یـ)لەجیاتی(ت)؛تێکهەڵکێشانی بە پێشە خۆی شاراوە نیە
64	وَرَجِلِكَ	وَرَجۡلِكَ	زنەدارکردنی (ج)؛ بە قەلقەلە
72	أَعۡمَىٰ (معاً)	أَعۡمَـىٰ	بەلارکردنەوە(ئیمالە)
76	خِلَٰفَكَ	خَلۡفَكَ	فەتحدارکردنی (خ)، زنەدارکردنی (لام)، لابردنی ئەلیف
83	وَنَـَٔا	وَنَـِٔا	بەلارکردنەوە(ئیمالە)**هەمزە**

(18) سورەتی کەهف

1	عِوَجَاۜ ۝١ قَيِّمًا	عِوَجَا ۝١ قَيِّمًا	لەباری نەوەستان: بێ سەکت؛ بە ئیخفا
2	لَّدُنۡهُ	لَّدُنۡهِۦ	زنەدارکردنی (د)؛ بە ئیشمام کەسردارکردنی پیتی(ن)و(هـ)، لەباری نەوەستان:ها کینایە بە صیلە
19	بِوَرِقِكُمۡ	بِوَرۡقِكُمۡ	زنەدارکردنی (ر)، قەڵەوکردنی
53	وَرَءَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ	وصلاً: وَرَءَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ وقفاً: وَرِءَا	لەباری نەوەستان: تەنهابەلارکردنەوە(ئیمالە)پیتی(ر)، لەباری وەستان: بەلارکردنەوە(ئیمالە)پیتی(ر) و(أ)" لەگەڵ لاوازکردنی(ر)لەبەر ئیمالە
56	هُزُوا	هُزُؤًا	بەهەمز پیتی(و)دەخوێنێتەوە
59	لِمَهۡلِكِهِم	لِمَهۡلَكِهِم	فەتحدارکردنی (ل)
63	أَنسَىٰنِيهُ	أَنسَىٰنِيهِ	کەسردارکردنی پیتی(هـ)
